معاونت فرهنگی و اجتماعی

ئاوزین

گۆڤاری ئەدەبی- فەرهەنگیی
خوێندکارانی ئەنجومەنی زانستیی
بەشی زمان و وێژەی کوردی،
ژمارەی ١، بەهاری ١٣٩٦ی
هەتاوی

هەواڵنامەی کتێب

*ئاوڕێکی مەعریفەناسانە
لە چەمکی کارەسات

*هاوینێک لەگەڵ نالیدا

*لێکدانەوەی زمان،
لە روانگەی تیۆریکەوە

*بیری بیرمەندان لە نێو
رستە کورتەکاندا

مەولەوی
(١٨٨٢ – ١٨٠٦)
کتێبخانەی زانستگای
دەوڵەتیی بەرلین
PPN621240362.tif

هەواڵنامەی کتێب

ئاوزین (١)

گۆڤاری ئەدەبی ـ فەرهەنگیی خوێندکارانی ئەنجومەنی زانستیی بەشی زمان و وێژەی کوردیی زانستگای کوردستان

خاوەنی ئیمتیاز: ئەنجومەنی زانستیی بەشی زمان و وێژەی کوردی

راوێژکار: د. بەختیار سەجادی

سەرنووسەر: توورەج خەسرەوی

بەرپرس: هێمن رەحمانی

بەرپرسی زانستی: شەقایق حەسەنزادە

بەپرسی راهێنان: سومەیە کەریمی

بەرپرسی پێوەندی: ندا محەمەدی

بەرپرسی توێژینەوە: جەبار ئەمیا

بەرپرسی فەرهەنگی: فەرزانە خوداوێردی

جوانکاریی لاپەڕەکان: ماجد هاشمی

خەتی سەر رووبەرگ: سابر حاجیمیرزایی

پێداچوونەوە: توورەج خەسرەوی

ناونیشانی گۆڤاری ئاوزین: سنە، زانستگای کوردستان، کۆلیجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکان، نووسینگەی ئەنجومەنی زانستیی بەشی زمان و وێژەی کوردی.

کۆدی پۆستی: ٦٦١٧٧١٥١٧٥

ئیمەیل: awzin1394@gmail.com

هەواڵنامەی کتێب

پێڕست:

وتەی سەرنووسەر ١

لێکۆڵینەوە

هاوینێک لەگەڵ نالیدا ٣

ئاوزین

ئەو دەستنووسانەی لە گیانەڵادان ١٣

ندا محەمەدی

پانتایی وشە لە دیوانی مەولەویدا ١٧

کولسووم عوسمانپوور

خوێندنەوەیێکی نوێی چەمکی عەشق، لە دیوانی مەولەویی کورددا ٣٢

مەنسوور رەحمانی

ئافرەت لە ئەندێشەی گۆراندا ٣٧

توورەج خەسرەوی

وتار

ئاوڕێکی مەعریفەناسانە لە چەمکی کارەسات ٤٠

د. بەختیار سەجادی

کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو و ناسنامەی بریکوولاژ ٤٥

خالید عەلیزادە

دیمانە

لێکدانەوەی زمان لە روانگەی تیۆریکەوە (هەڤپەیڤین لەگەڵ د. رەحمان وەیسی-دا) ٤٨

ئاوزین

چیرۆک

خەونێکی پەرێشان ٥٢

شلێر رەحمانی

ئازیەتبارانی بەیەل ٥٧

مەزهەر ئیبراهیمی

کامەران شەوکەوت ٢ .... ٦٧

مەریوان هەڵەبجەیی

بیری بیرمەندان لە نێو رستە کورتەکاندا ٧٠

کۆکردنەوە و وەرگێران: فەرزانە خوداوێردی، سومەیە یووسفیان، رووناک پەناهی

هەواڵنامەی کتێب

ناساندن و رانانی کتێب

فەرهەنگی زارەکیی موکوریان ٧٥

ئاوزین

شیعر

قەت قەت گریان و پێکەنین ٧٩

بە خەو بینینم: کە ئینسان بووم ٨٠

شەهریار شەریف‌زادە

هەڵەبجەی خنکاو ٨١

عەبدولڕەحمان عەبدوڵاهی

کچی زەوی ٨٣

شلێر رەحمانی

دڵی شکاو ٨٤

سومەیە یووسفیان

کۆڵبەر ٨٦

یاسین رەحیمی

خەوێکی نەزۆک ٨٧

یادگار رەحمانی

هەواڵنامەی کتێب

وتەی سەرنووسەر

پاش ساڵەها... بەشی زمان و وێژەی کوردی باڵای نواند و ئاواتی لەمێژینەی گەلێک هاتە دی و کەلێنێکی دیکەمان لێ پڕ بووەوە. دیارە دەستخستنی هەر جۆرە خواست و مەبەستێکیش ڕێکار و هەوڵی تایبەتی خۆی دەوێت و شارەزایی و تێکۆشانی بەردەوام، مرۆڤ دەخاتە سەر ئەو ڕێگایەوە کە لە ئامانجەکەی نزیکتر ببێتەوە؛ لەم پێناوەدا سەرەڕای کەندوکۆسپی زۆر، دەستئاخر ئەم ڕچەیە شکا و ئەم ئاکامە شیرینەی لێ کەوتەوە. ئەم دەسکەوتەش ئاکامی هەوڵ و تێکۆشانی چەندین ساڵەیە کە نابێ دەوری بەڕێز دوکتور بەختیار سەجادی و هەڤاڵانی لە یاد بکەین، کە ماندوویینەناسانەی هەوڵیان دا و بێ هەوڵ و تێکۆشانی ئەوان ئەم ئاکامە بەدی نەدەهات.

بۆ ئەوەی ئەم نەمامە باڵا بکات و لقوپۆ بهاوێت و بەر بدات، پێویستە لە هەموو بارێکەوە خزمەتی بکرێت و بیر لەوە بکەینەوە بە چ شێوەیەک دەتوانین گەشەی پێ بدەین و باری ئاکادێمیک و زانستیبوونەکەی بەرینتر و پتەوتر بکەینەوە و پێگەیەکی تایبەتی بۆ دیاریی بکەین. یەک لەم هەوڵانەش کە بە هاوکاریی خوێندکارانەوە دەستمان پێکردووە دەرکردنی گۆڤارە؛ بۆ ئەوەی گۆڤارێکی ڕێکوپێک ئامادە بکرێت و ئاستێکی بەرزی هەبێت و خوێنەر پاش خوێندنەوەی هەست بەوە بکات کە لەم ڕێگەیەوە زانیاریی دەست خستووە و لەگەڵ چەمکی نوێ و جیاوازدا ئاشنا بووەتەوە و ئاسۆی بینینی کراوەتر بووەتەوە، دەبێ لە هەموو بارێکەوە ئاگاداری شێوەی بەرهەم-هاتنی ئەو گۆڤارە ببیت؛ بۆ نموونە هەر لە ڕێنووسەوە بگرە تا دەگاتە ڕیزبەندیی بابەتەکان بەپێی مژار و چەشنی دەقەکان و پێداچوونەوە و شێوەی هەڵبژاردنی بابەتەکان و داڕشتنی لاپەڕەکان و...؛ ئەم کارانەش لەگەڵ کۆکردنەوەی بەرهەمەکاندا، بێ هاوکاریی خوێندکاران و بێ پێوەندیگرتن لە گەڵ شاعیران و نووسەران و توێژەران و بە گشتی کۆمەڵگای ئەدەبی و فەرهەنگیدا، نایەتە ئەنجام و بە ڕای من کۆکردنەوەی بابەتی بەسوود و نوێ و ئامادەکردنی، ڕەنگە دژوارترین بەشی کاری هەر جۆرە گۆڤارێک بێت.

گۆڤاری چاک، یەکێ لەو ئامرازانەیە کە نەتەنیا خوێنەری کورد هان دەدات بۆ خوێندنەوە و ئاشنایی زۆرتر لەگەڵ کەسەکان و بابەتە جۆراوجۆرەکاندا، بەڵکوو نووسەریش هان دەدات، سەرەڕای گرینگێتیی بابەتی نووسین، چالاکانەتر هەنگاو هەڵبێنێت و زۆرتر خۆی پێوە ماندوو بکات و لە ئەنجامدا دەبێتە پردێک لە نێوان نووسەر و خوێنەردا و بە گشتی ئاوێنەیەکە وا خۆیانی تێدا دەبیننەوە. ئەم ژمارەیەش هەروا کە دیارە یەکەم ژمارەیە و خاڵی دەسپێکە و بۆنی تاقانەبوونەکەی هەر پێوە دەمێنێت؛ هەوڵ ئەدەین بە دانانی بابەتی بەپێز و پێویست، لە بواری جۆراوجۆردا، سەرنجی خوێنەران و ئەدەبدۆستان بۆ لای ئەم گۆڤارە ڕابکێشین و لە ئاستێکی بەرزدا پێشکەشی بکەین. بەداخەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆمەڵگایەکی نەنووسدا پەروەردە کراوین و گرینگیمان بەم

بواره نەداوە، ئەو بەرهەمانەش کە تا ئێستا لە بواری جۆراوجۆردا بەدی هاتوون، ئەرشیف نەکراون و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک پۆلێنبەندی نەکراون و ئەم دۆخەش بووەتە هۆی ئەوەی لە کاتی پێویستدا بۆ لێکۆڵەر و خوێنەر دەست نەدات کە بە کاریان بێنێت و تەنانەت زۆر جاریش ئاگاداری ئەو دەق و وتارانە نییە کە لە رابردوودا بەرهەم هاتووە. دەمانەوێ بە هاوکاریی مامۆستایان و خوێندکاران، سەرەڕای گۆڤار، هەموو ئەو دانیشتن و کۆڕ و سمینارانەی کە بە شێوەی دەنگ و ڕەنگ و وێنە، لە لایەن بەشی زمان و ئەدەبی کوردییەوە دێتە بەرهەم، ئەرشیف بکەین و لە ڕێگەی کەش و فەزای مەجازییەوە، بیخەینە بەر دەستی خوێنەران تا هەموو کەسێک، دوور و نزیک، لەو کارانەی لەم ناوەندەدا پێشکەش دەکرێت ئاگادار ببنەوە و لە کار و بەرهەم و چالاکییەکانی خۆیاندا بەکاری بێنن و کەڵکی لێ وەربگرن.

ئاوەز، ئاوز یان ئاوزە، وشەیەکی کوردییە کە بەم سێ شێوەیە دێتە گۆکردن و بە واتای عەقڵ و ئەندێشەیە و لە هەنبانەبۆرینەدا بە واتای فام و هۆش هاتووە؛ ناوی ئەم گۆڤارەش، واتە ئاوزین، کە بە واتای بیرکردنەوە و تێگەیشتنە، هەر لەم وشەوە سەرچاوەی گرتووە و یەکەمجار لە زمانی بەڕێز د. نەجمەدین جەباری‌یەوە گوێم لێ بوو کە گوایە ئەم وشەیە ئێستاکەش لە ناوچەی بانە، لە نێو ئاخاوتنی پیرەپیاوان و پیرەژنانی ئەو دەڤەرە هەر بە کار دەبرێت و لە نێو نەچووە. پێشتر پێم وابوو زمان تەنیا کەرەستە و ئامێرێکە بۆ پێوەندی‌کردن و گەیاندنی مەبەستێک، بەڵام کاتێ لەگەڵ بیروبۆچوونی کەسانی پسپۆڕ و ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم بوارانەدا هاتووەتە ئەنجام، ئاشنا بوومەوە و باشتر سەرنجم دا، ئینجا تێگەیشتم کە نەک تەنیا وەها پێناسەیەک دروست نییە بەڵکوو پرسەکە زۆر قووڵتر و چڕتر و بەربڵاوتر لەوەیە کە بیرم لێ دەکردەوە و کارتێکەری ئێجگار زۆری لەسەر شوناس و خود و بیرکردنەوە و پێوەندیی و... هەیە و لە ژیانی مرۆڤدا دەوری سەرەکی هەیە و نکۆڵی لێ ناکرێت و پێویستی بە خوێندنەوە و کاری زۆرتر هەیە.

لە کۆتاییدا سپاسی هەموو مامۆستاکانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی و هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم کە بە ناردنی بەرهەمەکانیان، دڵخۆشیان کردین و دەسپێکی ئەم گۆڤارەیان بە ناوی خۆیانەوە نەخشاندووە. هیوادارم کە خوێنەران و بەردەنگانی دیکەش لە ژمارەکانی داهاتوودا بە ناردنی بەرهەمەکانیان، کە دەرەنجامی خوێندنەوە و رامان و ماندووبوونیانە و کات و ژیانی خۆیان بۆی داناوە، ئەم پێوەندییانە پتەوتر و نزیکتر بکەنەوە و ئاوزین جێگای خۆی لە نێو کاروانی چاپەمەنییە کوردییەکاندا بدۆزێتەوە و لە درێژەی ڕەوتی بەرهەمهێنان و نووسین و ڕۆشنگەریی و گوتاری ڕۆشنبیریی کوردیدا، هەنگاو هەڵێنێت و ببێتە مایەی دڵخۆشی و شانازیی هەموو لایەک.

تووڕەج خەسرەوی

«هاوینێک لەگەڵ نالیدا»

هاوینی پار، چەند کەس لە خوێندکارانی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی کۆ بووینەوە و بڕیارمان دا بۆ ئاشنایی زۆرتر لەگەڵ نالی و بەئەنجامگەیاندنی لێکۆڵینەوەیەکی ئاماریی، سەرجەم شیعرەکان، دێڕبەدێڕ بخوێنینەوە؛ هەر کامەمان بە هەڵبژاردنی بابەتێک، کارەکەمان بردە پێشەوە و دوایی لە زانستگادا ئەمجار پێکەوە دیوانەکەمان نایە بەردەست و دیسان دێڕبەدێڕ پێیدا چووینەوە و هەر دێڕێک دەخوێندرایەوە، هەر کەس بە گوێرەی ئەو بابەتەی وا هەڵیبژاردبوو و پێشتر ئامادەی کردبوو، ئاماژەی بە ئەو نموونانە دەکرد کە لە شیعرەکەدا هاتبوو و پێیدا چووینەوە. بابەتەکانی لێکۆڵینەوە حەوت دانە بوون کە بریتی بوون لە:

١. ناوی گوند و شار و وڵاتان. ٢. ناوی ئاژەڵ و باڵندە. ٣. ناوی کچ و گوڵ و دار و میوە. ٤. وشە

فارسییەکان. ٥. ناوی ئامێر و پەردەکانی مۆسیقا و بورج و ئەستێرەکان. ٦. باسی نیشتمان و نیشتمانپەروەری. ٧. ئەوشیعرانەی وا کراونەتە گۆرانی.

تێبینی: ژمارەی نێو کەوانەکان، نیشاندەری رادەی دووپاتبوونەوەی وشەکانن.

ناوی گوند و شار و وڵات

فەرزانە خوداوێردی

*ماڵیاوا(١) *شێوەسوور(٢) (گوندێک لە نزیکی چەمچەماڵ) *خاک و خۆڵ(٢) (دێیەکە لە نزیکی چەمی تانجە) *سەبا(سەبەء)(٢) (پایتەختی ئەو سەردەمەی یەمەن) *شارەزوور(٤)(ناوی ناوچەیە) *شام(١) *یەمەن(٣) *هیند(٢) *میسر(٢) *چین(٩) *بەدەخشان(١) (وڵاتێکە لەرۆژهەڵاتی باشووری ئێران کە بە کانی لەعل ناوبانگی دەرکردووە) *خەتا(٤) (خەتا و خوتەن، وڵاتێکە لە تورکمانستان *مەککە(٢) *مەدینە(٢) *رۆم(٣) *قەرەداغ (تێکرای ناوچەی قەرەداغ لە هەرێمی سلێمانی) *بەغدا(١) *سولەیمانی (٣) *نەجد(١) (وڵاتی نەجد کە مەجنوونی لەیلا سەرگەردان بووە و بە شاخەکانیا هەڵئەگەرا) *حیجاز(١) (وڵاتی حیجاز) *روودبار (ناوی دێیەکە لە هەورامانی بەری ئێران خەڵک پێی ئەڵێن روار) *بەرزنجە(١) (مەڵبەندی ناوچەی سرۆچکە لە هەرێمی شارباژێڕ لە شارستانی سولەیمانی) *باراوا(١) (دێیەکە لە ناوچەی چوارتا لە هەرێمی شارباژێڕ) *حەبەش(٢).

ناوی ئاژەڵ و باڵندەکان

سروە باباخانی

خەرکورە (١)، مار (١٦)، مورغ (٥)، بولبول (١٢)، تووتی (١)، هودهود (٣)، غەزال (٨)، شاهێن (٤)، ئەژدەها (٣)، عەقرەب (١)، سەگ (١٣)، پەششە (١)، عەنقا (٢)، باخە (١)، تیمساح (١)، قولنگ (٢)، قومری (٢)، هەزار (٤)، هەنگ (٢)، ئاسک (٢)، گورگ (٣)، ئاهوو (١٢)، موور (١)، زەنبوور (١)، ئێستر (٢)، کەر (٦)، شێر (٨)، مەیموون (١)، تاوس (٤)، خەرووس (١)، ماسی (٢)، شتورمورغ (٣)، هوما (٢)، دەڵەک (١)، رێوی (١)، هەرزەمەرەس (١)، سەگمەگەس (١)، ماریئەرقەم (٢)، باز (٥)، بووم (٣)، قەل (٢)، مێش (٢)، حەمامات (١)، شەوارە (١)، راوییە (١)، پەروانە (٨)، پوڵەنگ (١)، تەزەرون (١)، حەربای (١)، کەبک (١)، بووقەلەموون (١)، عەنکەبووت (٢)، قرژاڵ (١)، بۆق (١)، جوعەل (١)، مۆسیقار (١)، ئەسپ (٢)، کەلب (٣)، خیرس (١)، گورگەمێش (١)، مەر (١)، سەمەندەر (١)، دەڵ (١)، بوز (١)، مشک (١)، ئوشتر (٦)، جەممازە (١)، قاز (١)، ناجی (١)، مەگەس (١)، بوختی (١)، قۆچ (١)، سەمور (٢)، کەرگەس (١)، فائیقە (١)، نەحل (١)، قوش (١)، تازی (١)، کرم (٢).

ناوی کچ و گوڵ و دار و میوە

شەقایق حەسەنزادە، سومەیە کەریمی

کچ

شیرین (٢)، بەلقیس (شاژنی یەمەن)، مەحبووبە، حەبیبە (٣)، لەیلا (٢)، سەلما، عەزرا (٢)، شەمس، سورەییا، زوهرە، زەهرا، ئەشرەف، مەحبووب (٤)، زولەیخا، مەعسوومە، حەوا، لەیل، مەستوورە (٣).

دار

عەنبەر (١١)، سەرو (١٧)، ئیراک، هیند، موودن (داری جگەرە)، بانات، عەرعەر (٥)، کافوور (٦)، سنەوبەر، نەخل (٥)، گوڵبەن، مەرخ و عەفار، زەندوزەند، چنار (٢)، عوود (٥)، ناروەن (٤)، ئابنووس، نەخیل، (دارخورما)، عەرعەر (داری سەروی کێوی)، توویا، قەتاد، عەزات، عەوسەج، ئەسڵ، موغەیلان، قەزیبولبان (درختێکە گەڵاییکی سەوز و بۆن خۆشی هەیە)، دەوەن (٢)، عوناب (درختێکە دڕکاویی)، گوڵبن (درختێکی گوڵ)، شمشاد، بیدی مجنوون (شۆڕەبی)، قەنارە.

گوڵ

نەیلـــۆفەر (٣)، بەنەفشـــە (٣)، ســـونبول (٧)، نەرگس (٨)، لالە (٧)، ژاڵە، نێرگس (٢)، نـەرگسـان، شکۆفە (گوڵی درختـی بەردار)، سـەمەن (٤)، بەنەوشـە، شەوبۆ، هێرۆ، گوڵنار، شەبنەم، یاسەمەن (٣)، مەرەزە، خیـتم، گـوڵئاتەشـی (٢)، گوڵاتەشـین، نەسـتەرەن، کەردڕ (گیاییکە لە چەشنی کنگرەکەرانە)، جەودا (جۆ)، چایرە، توونن (٢)، نەجم، پـووش (٣)، چنوور (گیـاییکی بـۆن خۆشـی کێوییـە)، راغ (بنـاری سـەوز)، نەباتـات، ســـوپەند، گەنـــم، چەڵتـــووک، حەنـــا (٢)، خەنە، نەیشەکەر (٢)، سەوسەن، وەسمە.

میوە

بەی (٥)، نـار (٥)، توففـاح (٢)، عیـنـەب (٢)، کەرم، هەنجیـر (٢)، رومـان (٣)، هەنـار (٢)، سـێب، رێـواس، خرچێ، شەمامە (٢).

وشە فارسییەکان

(ئەو وشانەی کە فارسین یان لە فارسی و کوردیدا هاوبەشن)

ندا محەمەدی

١. سەررشتە، تەماشا، مول، لەب، بەخش، سـەرزەدە، سـوڵتان، شەهەنشا، جـانبەرلەب، بۆسـە، سـەنگ، سییەهـزەڕ.

٢. فەردا، خاک، غەم، شـادیی، گـڵ، دیوانە، بێچارە، رەنـگ، رەنگین، روخسـار، رۆشـن، خەت و خـاڵ، دیـدە، ئـالوودە، زەبـوون، دامەن، پـاک، کەمەر، سەحەر.

هەوراماوی کتێب

لێکۆڵینەوە

٣. پڕ پێچش، نافە، قەد، زوڵف، ما، بوت، شەرمەندە، نەیلۆفەر، خۆشخەندە، ئازار، غونچە، گۆیا، تێغ، ئەبرۆ، هوما، سایە، شاه.

٤. جەوهەر، جیلوە، دەرمان، عەنبەر، نەخچیر، پەرچەم، تار(تاریک)، مورغی دڵ، شکەنج، تیر، غەمزە، مەست، بێداری.

٥. جۆشش، بولبول، رووگەردان، سەروسامان، تابش، بارش، سۆزش، ئەفغان، سۆزان، حۆری، سینە، کیسە، نیمە، شیرە، مەرجان، فنجان، دەهەن، روخ.

٦. سەروی رەوان، ئاهوو، ئەشک، حەیران، دەرد، پەرێشان.

٧. بازا، کەمان، زار، خاندان، بەندە، پێشین، گەرد، بنیاد، پەیمان، دۆست، باوڕ، گۆشە.

٨. ئاشنا، عوود، گیاهـ، تووتن، دەست، راست، چەپ، تووتیی، هەرزە نویس، گەپ.

٩. نوکتەسەنجی، بەزلەگویی، عەنبەرئەفشانی، دانایی، خودپەسەندی، نادانی، خەرقەپۆشی، زوشت، تەختی خاقانی، دولبەر، خوسرەو، خامە، مەعنائارایی، مانی، چالاکی، مەشق، هودهود، دامێنگیر، یەزدان.

١٠. شەککەربار، شەهـ سەوار، پارچە، نازکی، پەتک.

١١. ترازوو، موژگان، پەیکەر، هەم رەنگ، نەشکۆفتە، کەچنەزەر، ئاینە، وەحشیغەزال، شاهێن، غەزەل، کەبابە، حەنا، باد، سەبا، گەزەند.

١٢. سونبول، نیهال، قەد، دوود، باڵا، گریە، بەدەخشان، تۆماری شکستە، کاڵا، خەز، فیدا.

١٣. حیرەتزەدە، بێمایە، بفەرما، خەرقە، سەروی رەوان، نیگارین.

١٤. زەفافەتگاه، پەردە، روونما، بێکەموکەیف.

١٥.پرچی سیا، پەرچەم، ئاوی بەقا، قورس، بیا، خاڵ، ریا.

١٦. قافڵەسالار، ئەژدەها.

١٧. خەم، ئیمشەب، جام، شەهد، بێهوودە.

١٨. مەیکەدە، قوربان.

١٩. ماتەم، ژاڵە، شەهلا، شەبنەم، لالە، گەوهەر، قەدوباڵا، بولندیی، گەهێ، پدەر، خواستە.

٢٠. تاج، چەمەن، مەخمەڵ، موژدە، شگۆفە، زەمین، عەترفشان، خەرمەن، گوڵشەن.

٢١. شایستە، تەوق، تەخت، خانە، موژە، تیروشیر، قوللاب، بازوو، مات، یاقووت.

٢٢. عەترپۆش، مەوسیم، سەراپا، موور، سایەسیفەت، بەدخوو، خەراب.

٢٣. سادە، سنەوبەر، گوڵزار، خار، دەبوستان، زیب، تەماشا، ئاشوفتە، دوردانە، نەشگوفتە، غوبار، تازە، سادە، سەبزە.

٢٤.شیرینی، عەنبەر، گوڵبەن، خانم، یەکسەر، زوڵەیخا، خریدار، یووسف، ئادەم، یەعقووب، حەوا، پەنجە، کاسە، رەخشان، مەرهەم، خەستە، گوشایش، پەششە، عەنقا، تیمساح، گەردش، دەور، جەور.

٢٥. ئابشار، ئاشکار.

هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵینەوە

٢٦. بادی خۆش مروور، پەیک، هەواخواه، هەمدەم، گۆشە، تەنوور، جەنووب، دەروون، دەوان، کۆی یار، سەرزەمین، شاد، چەشم، فەوران، بلوور.

٢٧. شەهاب، چشمەسار، گەرم، سارا، موشکین، کاکۆڵ، شام، بوخار، دانش، پرسش، فوتادەتەن، پیر، بەرگ و بار، عەلەمدار.

٢٨. گونبەدی کەیوان، سەبز و ساف، خانەقا، نازەنین، لەندەهوور، دەست بەندیانە (دەست بەستە)، نارەوەن، سەبزە درەخت، سوور(شادی)، سەیل.

٢٩. باز، کەنار، سێراب، نەرم، دەشت، غار، یار غار، مار و موور، دەرد، سۆز، سەنگدڵ، شەوق.

٣٠. رەگ، شیری ئەبرۆ، جگەر، نێشان، گەردەنکەچ، دەستەنەزەر.

٣١. بەم و زیر، شیر و تیر.

٣٢. پەڕ، زەنبوور، بێگانە، رشتە.

٣٣. پەیکەر، شیر، مەنزڵ، پیرۆزە، خاکستەر، پەشم، پەشم، سەرنگوون، بیجادە، پاڵان، بوردەبار، دامەنسیا، یەککەتاز، دووباد، گورگی سەفەر، مەیموون، خاکستەر، بێغوبار، ئاهووشکەم، مەیموون قەدەم.

٣٤. نەومیدی، خورشید، ناهید، جام، جەمشیدی، دەوران.

٣٥. هەیوولا، بوعەلی سینا، حیکەمپەروەری، دیدە، دەریا، رەندان، بەد و نیکی، دەروون، سەراوێزە، دارا، ئەسکەندەر، دڵڕۆشنی، خامۆش.

٣٦. سابوون، کەف، چاپلووس، فورزەند، بونیان، سەرکەش، کیسرەوی، تەختی ئابنووس، پووس، شەوکەت، دەردی سەر، تاوس و خەرووس، ئابوتاب، دوزەخ، مەشق، نیگار، خامە، تورپەنووس.

٣٧. خودبەخود، مووبەموو، سیاهی، رەوغەن، سەردوگەرم، شیرە، رووزەرد، دووڕوویی، گەدا، پادشاه، خاڵی.

٣٨. عەجووزە، ترشی، خاڵ، ریش، میهرەبان، بام، بامیداد، مەهرەوان، دەربەدەر، کووچە.

٣٩. شیرین، سەراپا، مار، بێجان، خواری.

٤٠. بێنیاز، گران، موژە، نیشانە، کوشتە، بەستە، کەمەند، نەقد، چرووک، دیبا، بەرگ، باغ و راغ، نارەوەن، ساحێب، گریان.

٤١. تار، شەبنەم، گۆیا.

٤٢. دڵشکستە، سەرما، زەمین، شوتورمورغ، قودس-ئاشیان، بێ باڵوپەڕ، دەربەدەر، مادەر، پودەر، بێ-خەبەر.

٤٣. تازەجەوان، پیر و ئوفتادە، دەستی شکستە، کولبە، وێرانە، عەترناک، هەمگەردش، سوپیهر، مەسجێد، میحرابگەه، سیبەهروو، هەوا، راه، جۆیا، فێردەوس.

٤٤. حەنایی، پەنجە، دڵدار، زار(گرفتار)، خاوەر، بێدار، مەست و بیمار، سەرکەش، بێستوون، خونکار، پێشانی، دیدەو دیدار، نمەکین.

٤٥. توحفەفرۆش، خەمۆش، گۆش، پێچیدە، سەرخۆش.

٤٦. موشکین، قەفەس، پەنجەرە، کەشش، چەرخ، دەستڕەس، رۆحسەخت، سەگمەگەس، چاک، دادرەس.

هەواڵنامەی کتێب

٤٧. دانە، رەهـ، جاڕووب، باری غەم.

٤٨. باز، پایە، شاهانە، تاریکی، چوست، سست، بێش و کەم، بێشکەم، دەمنۆش، جیهان، دومنێش، خۆشاهەنگ، کۆسە، دامەنتەڕ، سەراب.

٤٩. داد، بیمار، روو، مەرگ، شیوەن، ئومید.

٥٠. نۆش، ترش و شیرین، تارومار، غەمخوار.

٥١. ناچار.

٥٢. شادمانی، خۆشەچین.

٥٣. گول و مول، ماهـ، گۆشەگیر، خەراب.

٥٤. ئاشووب، هیچوپووچ، ئاغاز، گەرد، بلوور، جامی جەم، روموز، دەردی دڵ، رۆستەمئاسا.

٥٥. میم، ئەلف، بێزاری، حەنایی، لەشکەر، سەرکەردە، شکار.

٥٦. سفیدە، پەرچەم، مەزە.

٥٧. زەنگی، تەن، نامەسییا.

٥٨. رووسپی.

٥٩. جادوو، گۆشەوارە، هارووت و مارووت، گۆڵزاران، سەراسەر، لەبالەب، نەی، مەی، سوپەند، پەروانە، ئاهـ، هەمدەم، پوڵەنگ، باز، شاهین.

٦٠. سەرسەر، هەمسەر، بێچارە، مەست، مووم، شانە، حەبەش زادە.

٦١. بار، سەبەبکار، نیگەهبان، تیپ، سەرشار، عالی دەماغ، هەمقەدەم، ئەفگار، سەرو، گفتگۆ، ئاب.

٦٢. زەخم، غارەتگەر، سەر، سیمین بەدەن، سەروقەد، نیگەهـ، تەزەرو، رەشک، بوتخانەیی چین، دندانگوهەر، لەبشەکەر، پەنجەبلوور، نازکبەدەن، مووکەمەر، سیم-سرین، سیەهـ مار، ئازار، گەهـ، جەفا، خەدەنگ.

٦٣. سپاهـ، نەرگس، نیگەهـ، ساقسەمەن، بەنەفشە، سونبول، لالەکولاهـ، گوڵزار، دەر و دەشت، بەهەشت، ئاهووسەف، ئاتەشبەکەف، تیزنگاهـ، تاوس، کەبک، بۆقلەموون، شوعلە، نەورەستە، دەستەگیاهـ، تەنهایی، سەمەن، بەرگ، گوناهـ، خەرامیدەن.

٦٤. پەرچەم، سەرچین، عەنبەر، بەرگ، گوڵچین، نەوا، بێبەرگ، مێهر، مەهروویان، ستارە، خاک.

٦٥. جانسەختی، دوشمنی، خودبین، ئایین، بیم، گریە، مورغی چەمەن، فەردین.

٦٦. قەفەس، دیوار، بارگیر، سەرما، غەمگین.

٦٧. پەنجەرە، مینا، باران، کاسە.

٦٨. چاک، دووکان، بەنیئادەم.

٦٩. جامی جەم، هەمئاغۆش، بێزار، دەم، شکەم.

٧٠. پەیدا، چەمەنئارا، چەمەنپیرا، درەخت، بوڵەندباڵا، تەختئارا، بێپەردە، مورغ، شەهـ، جەم، ئەسکەندەر.

٧١. نەسیم، بادی سەبا، شەناوەر.

٧٢. دەرد، سەرد، گەرم، شەشدەر، نەرد، تەنها، دیدار.

٧٣. بینایی، پاک، مار، خار و خەس، گوڵزار، موو.

٧٤. تابش، خەم، دانە، سونبول، سەراپا.

هەواڵنامەی کتێب

لێکۆڵینەوە

٧٥. یەلدا، دەیجوور، وەحشی، ڕەمیدە، کەچکولاه، دیدەمەستان، بێکەس، کونج.

٧٦. گەردش، گەردوون، گرانبار، ڕەهزەن، ڕەهرەو، جەور.

٧٧. گەردەن، تەن، تەختەبەند، هەمسەر، هەمدەم، شاهێن، دیدەباز، مەست، ناز، خوردساڵ، دڵنەواز، دڵ-فەریب، نیگاه، خودنومایی، بێڕەنگ، ڕەنگزەرد، زەردڕوو، فەرمانبەر، لەب.

٧٨. پالان، بوردەبار، دامەنسیا، یەککەتاز، گورگی سەفەر، مەیموون، بێغوبار.

٧٩. ئاهوو، خیرس، یار، عالەمگیر، تار و مار، دیوان، تەخت.

٨٠. ئاتەش، ئەشک، داغ، پەیام، پەیک، سەدڕەنگ، شەپیووری، شاپوور، خەرابات، مەرگ، ڕوخسار، نەونیهال، قەد، دڵخواه، دڵدار، نارەوەن، گوڵنار، بارەوەر، گومگەشتە، پشت و کەمەر.

٨١. عەبیر، کافوور و عەنبەر، مەرز و بوم، پەلاس، دۆشەک، گورگین.

٨٢. دەر و دەشت، کووچە، ئەفسەر، فەڕ، پەیەمبەر، پەیغامبەر، سایە، فیردەوس، خودایی، شەهپەڕ، ئەتڵەس.

٨٣. گوفتار، ڕوخسار، شەهد، بەندەپەروەر، بەندە، کەشمەکەش، دڵبەر، شەهەنشاهی.

٨٤. شەبان، بەدئەختەر، شۆر.

٨٥. ڕووزەرد، تەنگ، بەردە، خاکی، فۆغان، جۆش و خرۆش، سەمەندەر.

٨٦. ئەژدەر، زێر و زەبەر، یەکسەرە، دووسەرە، دووڕەنگ، خامە.

٨٧. شەهسەوار، دەربەدەر، جیهان.

٨٨. ترس و لەرز، زەردی، ئاب و دانە، نازەنین، زەنجیر، هەرزە.

٨٩. حلقەدرگۆش، کەف، گونەهکار، بوزورگ، سولەیمان، هودهود، مەیکەدە، توند، نیمنگاه.

٩٠. خورشید، یەکتا، لالەکولاه، یاسەمەن، بەنەفشە، نەرگس، گوڵزار، سەمەنساق، بنازم، دلبەر، هوشیار، نەوا، ئاهەنگ، وابەستە، پەیوەستە، شیر، دووچەندان، مەرگ، بلوور، هەم (غەم)، شادمانی.

٩١. گەردش، سەفاگاه، نەزەرگەه، سۆزش، شۆرش (جۆش و خروش)، مەهر، ئاسوودە.

٩٢. دانگ، نیگار، دڵاوێز.

٩٣. ریش، گونبەد.

٩٤. سوود، ئاب و تاب، پۆختەگی، پەی (تێپەڕکردن).

٩٥. سەودا زەدە، خار، پەشم، گران بار، بێمەغز، سەبوکبار، دەستار، دێوانە، شەیدا، بێداری، سەرخۆش، قەدەحنۆش، مەستانە، خامۆش، نمەدپۆش.

٩٦. قیبلە، وەزان، لەرزان، تیفل، فەهیم، هۆش، سوروشک، تیراژ، گەرمابە، بوزان (کۆی بوز)، پەشمینە، غەزەل، گەوهەر، پڕدانە، چەڵتووک.

٩٧. بوومئاسا، وێران، عەشقبازانە، پەشیمان، مایە، مار، کەندوو، گەنج، کاشانە، کونج، تەن و جان، ئاسانی، باغ، مەردان، داغ، هەراسان، سەراسەر،

هەواڵنامەی کتێب

لەبالەب، ئوشتر، جانباز، مەستانە، زەنگ، کەیوان، ئەوج، کەهکەشان.

٩٨. سارەبان، سەراب، نیل، دیجلە، جەیحوون، عوومان، پایان، ریگی رەوان، نەعش، کەشندە، کوشندە، کەمەند، تەناب، گەردوونی گەردان، بوریان، موغەیلان، سماق، مەگەسدار.

٩٩. خار، چەمەنزار، گولوستان، سەروستان، خەسەک- زار، بوستان، دڵنشین، نەمەکپاش، سونبول، تاتا، شوتوربان، خیابان، سیلسلە، بەند، جونبوش، لوخت، فانۆس، مورغان.

یەزدان، جەزبە، دەربان، پەناه، ئەیوان، خوێش و بێگانە.

١٠٠. کووره، خوسر، خوسرەو، بوڵەند، قوربان (بە واتای جێژنی قوربان)، نومایان، شەرمی، پەنهان، شەب، پەردە، بیداری، فەرمان، یەکتا، یەکدانە، تابان، رەخش، رەخشان، پەیک، دەوران، سوخەندان، سیاه، دەرماندە، تەن، ئوفتادە.

١٠١. کۆه، لاشە، چەمبەر، ئاسوودە، سەودا، بەرجەستە.

١٠٢. سیاسەنگ، زەنگی (رەش)، بەیان.

١٠٣. غەمدیدە، نەزەرگا، مەردوم، ناز، شکەن، یاسەمەن، مەی، جام، جۆشش، زەهری مار، چین بە چین، مەه، گەرد و باد، غوبار، بادام، زووجەنگ، رۆزگار، بەزم، مەزار، فوغان، نالە، غونچە، نەیشکەر، نێش، نەسیم، رەگ، شمشاد، رشتە، جەوهەر، پرتەوبەخش، نەو (تازە)، غەوغا، تەردەست، پێش خزمەت، سوود، دووتا، شیفتە.

١٠٤. سەرمایە.

١٠٥. مینا، شۆخ، گیسوو، کولاه، ئەتڵەس، رەنگ، تەلار، کاکۆڵ.

١٠٦. جاه.

١٠٧. پۆست، مورغ، چللەگوزین، بازاڕی، ئەنبار، بێگاری.

١٠٨. پیشە، خوێنخواری، گونەهکار، زار، خوونچەکە میان، زەدە، پەری (جن).

١٠٩. هەرزەگۆ، گرانی، حەنایی.

١١٠. نەیشەکەر، سرکەفرۆش، مانەند، خێرەدمەند، خانەقا، گەند، جگەرگۆش، دەربەدەر، خوداوەند، شەکەرخەند، زەهر، بێمانەند، خورسەند.

١١١. ژولیدە، سەرگەردان، خەزێنە، نەقشبەند، دیدەرەنگین، نەوا، بەند، خەوفناک، کوشتە، ناب، سوبحدەم

١١٢. رەوش، گەوهەرمەنیش، گەبر.

١١٣. موهرەگوشا، رەنگنوما.

١١٤. توند، نەوا، سیمین، سفتی، درز.

١١٥. بەرجەستە، سەریش، قەدەم رەنجە، لەرزش، گەرمرەو.

١١٦. مەستانە، بابزەن.

١١٧. گوڵئامێز، شەکەربێز، گرد (دایرە)، گوڵ و موڵ، زەڕ، عەنقا، گەدا، عوقدەگوشا.

١١٨. رەندی، بێموبالات، تاوس، خاکستەر، قومری.

هەواڵنامەی کتێب

١١٩. رووبار، تاری، دەستیار، سەربەسەر، ئەشکبار، نەیرەنگ، بەیان.

١٢٠. نەزەرباز، کینە، تەنها، بینایی، دڵبەستە، ماچ، دەرهەم.

١٢١. زەخم، دووتا، یاد، توند و نەرم، گەڵووگیر، تیغ، مەیخانە، یەکرەنگ، کۆدەک، بەستەزوبان، نەوبەهار، هەزار.

١٢٢. گوڵشەن، رەوشەن، باغەبان.

١٢٣. ئاتەشی، شادابە، سەبزی (چیمەن)، نەستەرەن، سەبز، سەمەن، یاسەمەن، لەنگەر، لەگەن، شوتور، پیلەتەن، خەشین (خەشن، زبر)، نازکبەدەن، خەشین-پۆش، ئارایش، موردە.

١٢٤. نموونە، ئادەمیخوار، مەرگ، بەستە، شۆست و شۆ، گوڵچێهرە، بەرابەر، هۆردوو، بوریان، دڵئارام، پاکی، بەها، دڵ و جان، گلە، تازی، یەکبارە، دوبارە.

١٢٥. رەند، بێموبالات، مات، مەست، رەنگین، خاکستەر، قومری.

١٢٦. رووبار، تاری، دەستیار، غار، سەربەسەر، نەیرەنگ.

١٢٧. زەمین، زین، هیندوو، بەیان، راز.

١٢٨. رەنگینە، کینە، موژدە، تەنها، بینایی، پار، دەرهەم، بۆس و کەنار.

١٢٩. زەخم، دووتا، یاد، توند و نەرم، یەکرەنگ، رەوان، کۆدەک، مەردووم، نەوبەهار، مەرجان.

١٣٠. گوڵشەن، رەوشەن، باغەبان.

١٣١. شاداب، سەبزی (چیمەن)، سەرو، سەمەن، یاسەمەن، لەگەن.

١٣٢. شوتور، پیلەتەن، تەنپەروەر، خەشینپۆش، ئارایش، کەفەن، موردە.

١٣٣. نموونە، ئەژدەر، ئادەمیخوار، شکەنج، مەرگ، ماتەم، مایە، چەرخ، باد، کۆپە، گەدا، رۆشن، بەستە (بەسراو)، بازاڕ، گوڵئەندام، مەه، پەرچەم، بێ-پەردە، دڵجۆ، جۆبار، دیدەجۆ، گوڵچێهرە، بەرابەر، هۆردوو، تۆفان، بوریان، دەرمان، سەیل، دڵئارام، پاکی، بەها، دڵ و جان، تازی، یەکبارە، دووبارە.

١٣٤. نازەنین، پەیاپەی.

١٣٥. نیمروخ، روخ (چهرە)، فونجان.

ناوی ئامێر و پەردەکانی مۆسیقا و بورج و ئەستێرەکان

جەبار ئەمیا

بورج و ئەستێرەکان

میهر، قەمەر، شەمس، زوهرە، خورشید، سوها، پەروین، بەدرولعولو، فەلەکولئەتلەس، مەهـ، سورەییا، خۆر، شەهابی نوور، هیلال، کەیوان، سەبعەسیارە، ناهید، میحاق، ماه، سوهەیل، کەیوان، شوهب، جەدی، سەور.

کتێبی ئەلکترۆنی

ئامێر و پەردەکانی مۆسیقا

نەی، مۆسیقار، شەیپوور، راست، سەبا، موخالیف، حیجاز، ئەوج، دوور، دەف، غنیا، نەوا، حەزین.

باسی نیشتمان و نیشتمانپەروەری

هێمن رەحمانی

قوربانی تۆزی رێگەتم ئەی بادی خۆش مروور

ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

***

دڵ سیاسەنگ نەبێ مایلی خاکی وەتەنە

خاڵی لەعلی حەبەشە، ساکینی بوردی یەمەنە

***

دەروونی لێدارێل شارەزووری وە بەردێهی

کەفرمیسکێن گەرمێن ئیلا ئاوی سەردێهی

ئەو شیعرانەی کراونەتە گۆرانی یان بە شێوەی مەقام وتراون

توورەج خەسرەوی

*چاوەکەت ئاگر لە سینەی عاشقی مسکین دەکا

*ئەی تازەجەوان پیرم و ئوفتادە و کەوتووم

*نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

*ئەو سیلسیلە وا میشکی خەتا نێوی براوە

*زوڵفت بە قەدتدا کە پەرێشان و بەڵاوە

*سەرمایەیی سەودا کە دەڵێن زوڵفی دووتایە

*با رەفیقانم بکەن شینم کە وەختی زارییە

سەرچاوە:

نالی، مەلاخدری ئەحمەدی شاوەیسی مکایەلی. *دیوانی نالی*. سنە: بڵاوکردنەوەی کوردستان، ١٣٩٢.

هەواڵنامەی کتێب

ئەو دەستنووسانەی لە گیانەڵادان

ندا محەمەدی

لە رابردوودا خەڵکی بە دەگمەن دەیانتوانی بخوێنن و بنووسن و ئەو کەسەی وا دەیتوانی بنوسێت، ئەو شتانەی کە دەیبیست یان خۆی دەیزانی لە سەر لاپەڕەکان دەینووسی و دەیپاراست. ئەگەر کەسێک زانستی قوتابخانەی بوایە و حەزی لە خوێندن بکردایە بۆ ئەوەی باش فێری خوێندن ببێت کتێبێکی دەنووسی یان نوسخەیەکی دیکەی لە کتێبێکی دیکە دەنووسیەوە.

ئێستاش کەسانێک هەن کە خوێندەوارییان نییە بەڵام سەدان قسەی نەستەق و چیرۆک و شانامەیان لە مێشکدایە و زۆر جوان لەبەریان کردووە و دەیخوێننەوە؛ بەڵام بەداخەوە نەیانتوانیوە بینووسن و هەروا کە هەمووومان دەزانین دەقی نووسراو برواپێکراوترە؛ وەکوو ئەوەی کە کاتێک شێعر یان دەقێک لەبەر دەخوێندرێتەوە رەنگە شوێنی وشە یان دێڕێک بگۆڕدرێت یان لە بیر بچێتەوە و ئەمە لە دەقی نووسراودا کەمتر پێش دێت؛ بەڵام، ((زۆرن ئەو گێڕانەوانەی کە لە بنەڕەتدا زارەکی بوونە و بە هۆی چەندین جار نووسینەوە تووشی گۆڕان لە داڕشتن و فۆرمدا بوونە و چوونەتە ریزی ئەو ئاسەوارانەی کە پێکهاتەکەیان وەکوو پێکهاتەی نەقڵە نووسراوەکانی لێ هاتووە[1])).

ئەو کتێبانەی کە لە رابردوودا دەنووسرا، ئێستا بووە بە بەڵگەیێکی بایەخدار کە بە دەگمەن دەست دەکەوێت. بە داخەوە هەندێ کەس تێناگەن کە ئەو دەستنووسانە لە حاڵی لەناوچۆندایە و رەنگە تا ئێستاش زۆری لە ناو چووبێت. دەستنووس لە زۆر جێگادا ئەدۆزرێتەوە؛ ئێران بەتایبەت پارێزگای کوردستان بە بۆنەی ئەوەی کە خەڵکێکی ئاگادار و وریای هەیە و زانست زۆر لە لایان گرنگ بووە هەوڵیان داوە ئەوەی وا دەیزانن لە سەر کاغەز بینووسن. یەکێ لەو ناوچانەی وا بۆ من سەرەنجراکێش بووە، ناوچەی لەیلاخە کە خەڵکێکی شارەزا و ئاگادار و زەحمەت کێشی هەیە.

[1] بێهرووز چەمەن‌ئارا، شانامەی کوردی رووسەم و زووراو، بانە: بڵاوکەرەوەی مانگ، ١٣٩٥.



ئەمن توانیم سێ دەسنووس لەم ناوچەیا بدۆزمەوە کە خاوەن پێشینەیەکی کۆنن. یەکێ لەوانە زیاتر لە ١٥٠ساڵ تەمەنیەتی کە بە دەستی گەورە پیاوێک بە ناوی ئەبولمحەمەد محەمەدی کە زۆر شارەزا بووە، نووسراوە. ئەبولمحەمەد محەمەدی لە شاری بوڵوانئاوا سەر بە ناوچەی لەیلاخ لە ساڵی ١٢٥٦ی هەتاوی لە دایک بووە و لە ساڵی١٣١٠ لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و هەر لەم شارەدا نێژراوە. دوو کتێبی دیکە بە دەستی کوڕی ئەبولمحەمەد بە ناوی ئەحمەدی محەمەدی نووسراوە کە لە ساڵی ١٣٠٦ لە دایک بووە و لە ساڵی ١٣٨١ بە داخەوە بە هۆی کارەساتی هاتوچووەوە کۆچی دوایی کردوە و هەر لە شاری بوڵوانئاوا نێژراوە. ئەم دوو گەورە پیاوە لە زانستدا زۆر زیرەک و بەتایبەت لە زمانی عەرەبیدا زۆر شارەزا بوونە و زەوقی شێعروتنیان بووە و لە کاتی خۆیاندا بە ناوی میرزا ناویان لێ براوە و بوونە بە میرزای ئاوایی. کتێبی یەکەم کە کۆنترە و بە دەستی میرزا ئەبولمحەمەد نووسراوە، هەڵگری دوو بەشە؛ بەشی یەکەم، سەبارەت بە ژیانی پێغەمبەر(د.خ) و مەلوودنامەیە و بەشی دووهەم، چیرۆکی یووسف و زوڵەیخایە کە لە عەرەبییەوە بە کوردی وەریگێڕاوەتەوە.

لاپەڕەکانی بەشی یەکەم و دووهەم پێکەوە جیاوازییان هەیە، لە بەشی یەکەمدا لاپەڕەکانی روونترە و لە بەراوردکردنی لەگەڵ بەشی دووهەمدا لەوە ئەچێ نوێتر بێت. ئەم دوو بەشە هەردووکی بە دەزوو پێکەوە دووردراون و لە دووتوێی رووبەرگێکی چەرمیندان.

زمانی شێعرەکە گۆرانییە کە ئەمە بووەتە خاڵی بەرچاوی ئەم کتێبە و زۆر سەرەنج راکێشە. بە وتەی هەندێ لە مامۆستایان، رەنگە ئەم زمانە سەردەمێک لەم ناوچەیەدا زاڵ بوبێت و بەرە بەرە لە ناو چوبێت و هەر بەم هۆیەوە خەڵکی لە گەڵیدا ئاشنا بوونە؛ یان رەنگە ئەم زمانە، زمانی شێعر و ئەدەب بووە و ئەوانەی کە شێعریان هۆنیوەتەوە زۆرتر لە گەڵی ئاشنا بوونە و توانیویانە پێی قسە بکەن. بە پێی چەن پرسیارێک کە کردوومە لە سەردەمی رابردوودا لەم ناوچەیە بە هۆی ئەوەی کە خەڵکێکی ئایینی و سەر بە تەرێقەتی نەقشبەندیی بوونە، لە گەڵ شێخەکانی هەوراماندا زۆر هاتو چۆیان بووە و جاروبار کە شێخەکانی هەورامان دەهاتن بۆ ئەم ناوچەیە نزیکەی یەک مانگ یان زیاتر دەمانەوە و ئاخاوتنیان لە گەڵیان بە هەورامی بووە. لە رابردوودا شێعرەکانی مامۆستا مەولەوی کورد لە حوجرەکان دەخوێندراوە، بەڵام چۆنکوو شێوەی ئاخاوتنی ئەم ناوچەیە زاراوەی ئەردەڵانی بووە، ئاڵۆگۆری تێدا کراوە و برێک لە وشەکان گۆڕدراوە؛ بەڵام ئەمانە هەمووی بۆچونێکی نەسەلمێندراوە و لەم بارەوە بەڵگەیێکی بڕواپێکراو نییە تا بە پێی ئەوە بڕیاری کۆتایی بدەین. رێنووسی شێعرەکە عەرەبی_ فارسییە، ئەگەرچی زمانی شێعرەکە کوردییە بەڵام رێنووسەکەی فارسییە و دەقی کتێبەکە بە خەتێکی جوان و روون نووسراوە و دێڕەکان بە دوای یەکدا بە

ڕێکوپێکی ڕێز کراوە و بووە بە هۆی جوانترکردنی کتێبەکە. خاڵی دیکە ئەمەیە کە دەقەکان بە جەوهەری ڕەش نووسراون. لە بەشی یووسف و زولەیخادا بەم جۆرە دەست پێدەکات:



یا هو الفتاح

بسم الله الرحمن الرحیم هذا کتاب *یوسف و زولیخا*
توکلت علی الله

الاهی به نام ذات پاک تو   هم داناو بصیر بیناو تاک تو

بی مکاننی بی رو بی فرزند   واحد و احد دانای زلمند

ئەم کتێبە بە داخەوە بە هۆی نەپاراستنی، ئاو لاپەڕەکانی تێک داوە و بڕێک خەساری دیوە، کە بەشێک لە دەقەکانی بە سەختی دەخوێندرێتەوە و بەشێکیشی ناخوێندرێتەوە. کتێبەکانی حاجی میرزا ئەحمەدی محەمەدی کە لە بەردستدایە، بە خەتێکی جوان و ڕوون نووسیویەتی. ئەم گەورەپیاوە لە زمانی عەرەبیدا زۆر شارەزا بووە و لە ناوەڕۆکی کتێبەکانیدا دیارە دەقی عەرەبیی زۆر خوێندووەتەوە و بە وردی ئاماژە بە خاڵە کان دەکات و زۆر جوان مەبەستی خۆێ ڕوون دەکاتەوە؛ وەکوو ئەو سەفەرنامەیەی کاتێ چووە بۆ حەج نووسیوویەتی و خاڵە وردەکانی زۆر جوان شی کردۆتەوە. یەکێ لە کتێبەکانی مەولوود نامەیە و ئەویش بە زمانی گۆرانی نووسراوە، لە بەینی دەقە کوردییەکاندا بەشێکی بە عەرەبی نووسراوە. ئەم کتێبە ڕووبەرگێکی چەرمینی هەیە و لاپەڕەکانی بە دەزوو پێکەوە دووردراون. حاجی میرزا ئەحمەد، ناوی خۆی لە ئاخری شێعرەکەدا هێناوە:

یارەب بحاجت... رسول الصمد   بە بخشی گناهی کاتیب احمد

هەروەها ڕۆژیی تەواوبۆنی کتێبەکەشی نووسیوە:

((تمت فی مورخه ٣٥/٧/٢٦ مطابق ٢٣ شهریور سال ١٣٦٦ قمری.))

کتێبەکە ٦٨ لاپەڕەیە؛ بەشی مەولوودنامەکە ٥٢ لاپەڕەیە و ١٠ لاپەڕەی ئاخرەکەشی مەدحییات و دوعایە و دوو لاپەڕەشی هیچی لە سەر نەنووسراوە. کتێبی سێهەم سەبارەت بە فتوحاتی شامە کە ٤٥٧ لاپەڕەیە و هەمووی بە شیعر و بە زمانی گۆرانی نووسراوە کە دەسپێکی نووسینەکەی، یەکەمی ڕەجەب بەرامبەر لەگەڵ ١٣٣٣/١٢/٥ نووسراوە و ئەمەی لە گۆشەی ڕاستی کتێبەکەدا نووسیوە. لە پێشەکی کتێبەکە ئەم دەقە نووسراوە:

نام کتاب

تحفت الجلال جلد Bم از فتوحات شام مصنف مرحوم ملا محمد صادق رحمت الله علیه از روی نسخه ایشان، حقیر این کتاب نوشتەام.

بەم دەقەوە   تەواو بووە:

هەواڵنامەی کتێب

((تمت شد کتاب جلد دوم از *فتوحات شام* بدست فقیر احمد محمدی ولد مرحوم ابولمحمد دوشنبه شانزده شهر رمضان المبارک ١٣٧٤ قمری مطابق ١٨ اردیبهشت ١٣٣٤ شمسی وصل الله و علی خیرالخلق محمد و اله.))

ئەمەش باسی ئەم سێ کتێبە بە نرخە بوو کە بە دەستی ئەم دوو گەورە پیاوە نووسراوە.

دەسنووسەکان بە هۆی ئەوەی کە کۆنن، زوو خەسار دەبینن و دەبێ بۆ پاراستنی زۆر هەوڵ بدرێت. چەن هۆکاری لە ناو چۆنی دەستنووس بریتین لە:

١ پەڕەدانەوەی زۆری کتێبەکە و زۆر جێگۆڕکێ پێ‌-کردنیان دەبێتە هۆی پرتووکاوی لاپەڕەکانیان یان دڕاندن و ونبوونیان.

٢ ئاو یان هەر شتێکی دیکە وا دەقە نووسراوەکان پاک دەکاتەوە و خەساری پێ دەگەێنێ، باشتر وایە لە نزیکی دەستنووسدا نەبێت.

٣ نووسین بە خودکار لە رۆی لاپەڕەکاندا ئەبێتە هۆی ناشیرینی کتێب و دڕاندنیان.

٤ بە هۆی نەپاراستن لەو شوێنانەی کە مێرووله و وردە گیانلەبەرەکانی دیکەی لێیە لە ناو دەچن.

هەروا کە هەمووتان دەزانن کاتێک دەستنووسێکمان لە بەردەستدایە، زانیاریمان سەبارەت بە مێژوو زۆرترە و ئاگادارمان دەکاتەوە کە لە رابردوودا خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە و دەزانین دۆزینەوەی دەستنووس ئەرکی سەر شانی هەموومانە و باشتر وایە بۆ دۆزینەوەی هەوڵ بدەین بەڵکوو بتوانین بۆ بەرەکانی داهاتوو بیانپارێزین تا ئەم گەنجینە لە ناو نەچێت؛ هەرچەن بە خۆشحاڵییەوە ئێستا کەسانێکی ئاگادار هەوڵیان داوە ئەم دەسنووسانە کۆ کەنەوە و زۆر کەسیشیان ئاگادار کردووەتەوە تا یارمەتییان بدەن بۆ باشتر پاراستنی ئەم بەڵگانە. زۆر باشە کە ئێمەی خوێندەوار بە هۆی ئەم زانیارییانەوە کە دەستمان کەوتووە هەوڵ بدەین بۆ پاراستنی دەستنووسەکان.

سەرچاوەکان:

١ چەمەن‌ئارا، بێهرووز. *شانامەی کوردی رووسەم و زووراو*. بانە: بڵاوکەرەوەی مانگ، ١٣٩٥.

٢ جهانبخش، جویا. *تاملات نظری کارامد در تصحیح متون ادبی*. مجلەی آیینەی میراث، شمارەی سوم، ١٣٨٧.

٣ روضاتیان، سیده مریم و دکتر سید علی اصغر میر باقری فرد. *فصل‌-نامەی علمی پژوهشی کاوشنامە*. شمارەی٢٣. خوانش بینامتنی، دریافت بهتر از متون عرفانی،١٣٩٠.

هەوالنامەی کتێب

لێکۆڵینەوە

پانتایی وشە لە دیوانی مەولەویدا و ڕۆڵی لە گەشەپێدانی شیعری کوردیدا

ئەم وتارە لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە کۆلیجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکانی زانستگای کوردستاندا پێشکەش کراوە و لە لایەن ئاوزینەوە ئامادە کراوە.

کولسووم عوسمانپوور

کورتە:

مەعدوومی، شاعیری بلیمەتی کورد، بە هۆی ژیانی فەقیەتی و شارەزایی بە سەر زمانەکانی عەرەبی و فارسی و کوردیدا و هەروەها دانانی بەرهەم بەم سێ زمانە، زۆرتر لە شاعیرانی دیکەی کورد ناوبانگی دەرکردووە، بەڵام ئەم وتارە بە توێژینەوەیەکی سیستماتیک دەیەوێ ئەم ڕاستییە بسەلمێنێ کە دەسەڵاتی شیعری مەعدوومی لەم بوارانەدا بە ئاشکرایی خۆی نیشان داوە؛ شارەزایی لەسەر وشە، وەکوو بە کارهێنانی مانای جۆراوجۆر، داتاشینی وشەی تازە، شیعریی و شێعراوی کردنی ئەو وشانە کە هەرگیز لە بازنەی شێعردا نەبوونە، تێک ئاڵانی وشەی سۆرانی و هەورامی بۆ دروستکردنی وشەی نوێ وەکوو کیاستێنین و ئاستێنین، داهێنانی وێنەی تازەی بێوێنە چ لە شیعری کوردی و چ لە فارسیدا، بە کارهێنانی بەرفراوانی وشەی ڕەنگامە لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا وەکوو دین، عیرفان، سروشت، هەست و عاتیفە و مووسیقا، لە بواری زانستدا وەکوو ئەستێرەناسی، کەلام، فەلسەفە... کار و پیشەی خەڵک وەکوو ئاسنگەری، جۆلایی، خەیاتی و... بۆ وێنە لە بەستێنی جۆغرافیادا، تەنیا بۆ وشەی با یازدە وشەی جۆراوجۆری هێناوە وەکوو: سەبوون، وەیشوومە، ڕەشەبا و... کە ئەمانە هەمووی بوونەتە هۆی جوانی و دەوڵەمەندیی دیوانە هەورامییەکەی مەولەوی و کاریگەریی داناوە لەسەر شاعیرانی دیکە. هەروەها خۆشەویستیی شیعری مەولەویی لە لایەن عام و خاسەوە زۆرتر کردووە.

وشە کلیلییەکان: شیعر، مەولەوی، وشە.

پێشەکی

ڕەخنەگران و شیعرناسان لە هەر دەورەیەکدا شیعریان داوەتە بەر سەرنجی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە. ئەگەر شیعر بە خاڵی هاوبەشی سۆز و خەیاڵ بزانین کە بە زمانێکی مووسیقایی سەری هەڵداوە (شفیعی کدکنی، ١٣٨٠ : ٨٦) ئەوا سێ گۆشەی سەرەکیی شیعر دەبێتە

هەواڵنامەی کتێب

خەیاڵ و سۆز و زمان. شێوەکانی وێنەسازیی لە شیعردا کە بە چواندن، خوازە (استعارە)، کنایە و مـەجاز دەناسـرێن؛ بەپێـی هێزی خەیاڵ ساز دەبن. زمان کاراترین خزمەتکاری خەیاڵە؛ چونکە خەیاڵ و خولیا بـە پێـی پێداویـستیەکان دروستی دەکـەن (دیچـز، ١٣٦٦: ١٨٩). کەرسـتەی هونـەری شـاعیر وشـەیە؛ چونکـە لـە جیهـانی ئافرانـدنا سەروکاری شاعیر لەگەڵ وشەیە؛ وشەگەلی هەر زمانێک جێگە و پێناسەی تایبەتی خۆی هەیە. هەنـدێ جـار بە تەنیایی مۆسیقا و واتای تایبەتیان تێدایە و هەندێ جاریش لە پاڵ وشەی تردا پێگەی تازە وەخـۆ دەگـرن. ڕیزبەندی و دارشتنی وشە لە پەیامی شاعیردا پێگە و شێوازی شاعیر دیاری دەکەن. نیزامی عەرووزیی سەمەرقەندی دەڵێ: شاعیر دەبێ بیست هەزار بەیت لە شیعری پێشینان فێـر بـێ و دە هەزار وشەی بەرهەمی ڕابردوو هەڵگرێ و بەردەوامیش دیوانی شاعیران بخوێنێتەوە و فێریان بێ (معین‌الدّینی، ١٣٧٤: ٧٤). وشە و بەکارهێنانی وشەگەل و دروسـتـکـردنی پێوەنـدی عـاتفیی بـەینی واژەکان، کاری هەمان کارگەی نادیاری خەیاڵە. بە بـەکارهێنانی زمـانی وێنـە، مۆسیقا، ڕەنـگ و دەوور هـەم دەروونی خـۆی هـێمن دەکاتـەوە هـەم دیتـرانیش. دیـاری‌کـردنی ئـەوەی کـە هـەر شـاعیرێک بەسـتێنی کارکردنی وشەی چەند بەرینە، یا چەند کەم و کورتە، دەبێتە یەکێک لـە تـەوەرەکانی لاوازی و بـە هێـزی هەر شاعیرێک.

بێشک شاعیرێکی بەتوانا بە پێـی ئەو پێداویـستییانەی کـە لـە ڕێگـەی سـۆز و خەیاڵـەوە، دەری دەبـڕێ، هەروەها بە هەبوونی سـامانی فـراوانی فەرهـەنگی، وشـەگەلی فـراوان و بـەرینی لە بـەردەسـتدایە؛ کـەچی شاعیرێکی لاواز جەغزی (دایرە) وشەکانی بەرتەسک و بچووکە (شفیعی کدکنی، ١٣٨٠: ٩٢). شاعیرانی گەورە هەندێ جار خودی واژەکانی زمان بۆ بەیان‌کردنی عاتیفەی ئینسانی بە کەموکورت دەزانن. بە دەسەڵاتیان لە زماندا وشەی تازە دروست دەکەن و بە سۆزی ناسکی شـاعیرانە بـە پێـی بابـەت و ناوەرۆکی شیعر بە کاریان دەبەن. ئەم دەسەڵاتە زمانییە، ئەبەدییەت و هەرمان دەبەخشێتە شیعریان.

ئەم وتارە، لێکۆڵینەوەیەکە لە سەر بەستێن و پانتـایی وشـە و دەسـەڵاتی هونەری شاعیر لە بەکارهێنانی وشەکانە. مەولەوی لە ڕۆژگارێکی پەرێش و لە ژیان و ڕووداوی پڕ لە ئێشی خۆی، بە جوانی زانستە قورئـانی و ئیسلامییەکان فێر بوو. بە خوێندنەوەی بەربلاوی شـیعر و ئـەدەبی عـەرەبی و فارسـی و وەرگـرتنی تەجروبـەی شاعیرانی پێش خۆی بە زمانی شیعر و ئەدەب ڕاهات و گەلێ بەرهەمی بە نرخی بە هەر سێ زمانی کـوردی و فارسی و عەرەبی نووسی. مەولەوی کە زمانی سەرەکی خۆی کوردیی سۆرانییە، زمانی کوردیی هـەورامی وەک زمانی عەشق و عاتفەی دەروونی بە کار هێنا و گەورەترین و نـەمرترین بەرهـەمی وەک دیـوانی شـیعرەکانی لێکەوتەوە. دەسـەڵات و تەجروبـەی لەسـەر زمـانی فارسـی و عـەرەبی تـوانی دنیایـەک جـوانی و هونـەری شاعیرانەی بێ-وێنە لە شیعردا بخولقێنێ. لە دەوڵەمەندیی هونـەری و بـەربلاویی وشـە لـە دیـوانی مەولەویدا، لێرەدا تەنیا سەرنجێک و تێڕامانێکم هەیە بۆ زانایی و توانایی شاعیرانەی مەولەوی.

دەقی سەرەکی

دیوانی مەولەوی کورد پڕە لە وێنەی جوان و واتای پڕ مەغز. گوڵستانێکە کە هەر گۆشەیەکی بە شێوازێکی تازە و ڕەنگاوڕەنگ و بۆنخۆش، ڕازاوەتەوە. مۆسیقای خەملاوێنی شیعری، چێژی دیتن و بیستنی تێکەڵ کردووە. بۆ دەرک و تێگەیشتنی باشتر، وشەکان لە چوار بەستێنی جیاجیا دابەش کراون.

١. بەستێنی سروشت ٢. بەستێنی زانست

٣. فەرهەنگی گشتی ٤. وشەسازی

١-٢. بەستێنی سروشت (گیانلەبەر، گژ و گیا، ئاگر، ئاو، با، ئەندامەکانی لەشی مروڤ، دەنگە ناوەکان، خواردەمەنییەکان)

مەولەوی شەیدای سروشتە و وشەیەکی زۆر لە دیوانەکەیدا هی ئەم بەشەیە. شاعیر بە ماکەکانی سروشت و بە بەکارهێنانیان بە شێوەیەکی جوان، تایبەتمەندییەکی جیاوازی بە شیعرەکانی بەخشیوە. ژیان لە سروشتی نابی کوردستان بووەتە هۆی ئەوە کە ئەزموونی ڕاستەوخۆی لە سروشت بێت. وێنە سروشتیەکان، دڵڕفێنی و میهرەبانی و سۆزداریی شیعرەکانی زۆرتر کردووە.

١-١-٢. گیانلەبەر

ناوی ٢٩ گیانلەبەر لەم دیوانەدا هاتووە؛ لە شێرەوە بگرە هەتا شەماڵەی نوور (گوڵ ئەستێرە) و مێش وباڵندەکان. لەم ٢٩ گیانلەبەرە، پانزەیان باڵندەن. ئەڵێی شاعیر، ڕوانینێکی تایبەتی بۆ ڕوانین بۆ ئاسمان و هەڵفڕین و باڵندە هەیە و سەرەنجێکی تایبەتی بۆ ئەمانە بووە. بەڵام ناوی مار زۆرتر لە هەموو گیانلەبەران دووپات بووەتەوە؛ مەرگی یەکێ لە دۆستانی بە هۆی گەستنی مار و هەروەها شوبهاندنی دونیا و هەموو ڕەنجەکانی بە مارەوە، یەکێ لەو خاڵانەیە کە زۆرتر سەرنجی شاعیری بۆ وشەی مار ڕاکێشاوە . ناوی ئەو گیانلەبەرانە بریتین لە: مار، سەگ، وەرە (بەرخ)، کەڵ، کومەیت (اسب)، ماساو، غەزاڵان، سەمەندەر، ئاهوو، نەچیر، شێر، پەروانە، مەگس، جەیران، کۆتر، شاباز، بایەقوش، کەبک، بولبوڵ، قومری، تووتی، شاهین، تەزەرو، تاووس، ژەرەژ، هەڵۆ، کرم شەبتاب و هەروەها باڵندە ئەفسانەییەکان وەکوو: قەقنەس و هوما.

٢-١-٢. گژ و گیا

مەولەوی لە هەموو شیعرەکانیدا ڕەگەزی سرووشتی بۆ دروستکردنی وێنە شیعرییەکان بە کار هێناوە؛ ناوی سەوزە و گوڵ و ئەنواعی درەختەکان.

وەکوو: شمشاد، بادام، عەرعەر، سەرو، نەمام، سنەوبەر، بەڵام لە وێنەدروستکردندا (نەمام)ی زۆرتر بە کارهێناوە، شاعیر لەو ناوە تەقلیدیانەی دیوانی شاعیرانی دیکە پارێزی کردووە؛ ناوی چەن گوڵیشی هێناوە: نەرگس، گوڵاڵە، وەنەوشە، گوڵ،

سووسەن، چنوور، وەرکەمەر، نەورۆزگوڵ، غونچە، لالە، وەرزاخان، وەڵگ، سەوزە، بەڕەزا و شەمامە لە دیاردەکانی دیکەی سروشتە کە لەم بازنەدا جێ ئەبێتەوە، بەڵام ناوی گوڵی زۆرتر هێناوە و ٨١ جار دووپاتی کردووەتەوە. (قادر محەمەد، ٢٠٠٧: ١٣٨) وەرزاخان، چنوور، بەرەزا و وەرکەمەر، ڕەنگ و بۆی کوردستان و بە تایبەت هەورامانمان وە بیر دەخاتەوە. بۆ هەڵبژاردنی وشەیەک، زۆر شتی دیکە لەبەر چاو دەگرێت؛ بۆ وێنە لە تەواوی دیوانی مەولەویدا تەنیا یەک جاریش وشەی دڕک (دڕەی) بە کار نەچووە، بۆ ئەم ڕەگەزە ناوی (خار)ی هانیوە کە فارسییە؛ ڕەنگە مەبەستی ئەوە بووبێ کە لە باری مووسیقاوە، خار لەگەڵ خاتر و خەم ڕێک بخات؛ لە حاڵێکدا دڕک و دڕەی ئەم موسیقایە نییە. بۆوێنە:

ئاخ، چراخ! چ ئاخ؟ ئاخ پەی ئاخدارێ

چون من خاتر خار، خەمبار، داخدارێ

٣-١-٢. ئاگر

مەولەوی شەش ناوی بۆ ئاگر هێناوە (ئار، ئایر، ئاهیر، ئاتەش، نار، نائیرە). ٦٠ وشەی جۆراوجۆر لە دیوانەکدا هەن کە دیاردەی ئاگر و سووتان، دەخاتە زەینی خوێنەرەوە. ئەم وشانە زۆرتر لە دووسەد جار دووپات بوونەتەوە کە بە تەرتیبی فراوانی ئەمانەن: گەرمی، کوور، بڵێسە، شەرارە، سفتە، شۆڵە، دوو، بووڵ، نار، ئایرین، ئایر، زوخاڵ، دووکەڵ، قەقنەس، پزیسکە، نائیرە، بۆپرووز، سووچیا، سۆچنۆ، چزە، ئاتەش خان، نەفتین. وشەکان لەگەڵ کەش و هەوای دەروونی شاعیر موناسبەتی هەیە؛ بە وتەی عالیمەکانی بەلاغەت، لوغەت و قسەی بەپێی پێویستی بارودۆخی خۆی هێناوە (فرشیدورد، ١٣٦٣: ٣٥٠). بۆ وێنە ئەو شێعرەی کە بۆ سووتانی کتێبخانەکەی وتووە (دیوان، ل١٩٢)، پڕە لە وێنەی سووتان و ڕەنگی ڕەش و وشەی بەستێنی ئاگر کە ڕەنج و ئازار و ناموڕادی وە بیر دەخاتەوە، وێنەی سووتان لە دیوانی مەولەویدا زۆرە.

٤-١-٢. ئاو

ئاو، کاراترین ڕەگەزی سروشتە کە لە ڕوانگەی دیتن و بیستنەوە، جموجووڵ دەخاتە گیانی بەردەنگەوە. ئەو وشانە کە وێنەی ئاو، لە زەینی خوێنەردا دێنێتە بەرچاو ئەمانەن: ئاو، شەتاو، سەرکاو، سەراو، شەتاو، وەرواو، وەفراو، لافاو، سەیلاو، گێجاو، دەریا، دەریاچە، چەم، قەڵوەز، تاڤ، تاڤگە، چەشمە، عەین، جۆ، مەوج، بەحر، پلووسک، پڕژە، شەونم، وەرو، زرێبار، سیروان، دەجلە، تانجەرۆ، عەمان، هەرەس و کڵێڵە. لە سەردەمی ژیانی مەولەویدا سێ ئاش، لە چەمی (زەڵمدا) کاریان کردووە . ئەمە بەڵگەیەکە بۆ ئەوەی کە ئاو، بە فراوانی لەبەر چاوی شاعیردا بووە؛ ئەویش وێنەیەکی ڕاستەقینەی لە سروشتی جوغرافیای خۆی کێشاوە.

٥-١-٢. با

با، لە ژیان و گوزەرانی مرۆڤی کوردی شاخ-نشیندا هۆکارێکی گرنگ بووە؛ بۆیە چەندین ناوی جیاجیای هەیە (قادر محەمەد، ٢٠٠٧: ١٣٦) و مەولەوی بە سەلیقەی شاعیرانەی خۆی دوانزە ناوی جۆراوجۆری بۆ با هێناوە؛ ئەم کارە هەمەڕەنگییەکی جوانی بەخشیوە بە شێعرەکانی. با، سەبوون، وەیشوومە، ڕەشەبا، شنۆ، نەسیم، سەموم، گەردەلوول، گێجەلوول، باد سوبح، باد خزان (هەمان، ٢٠٠٧: ١٣٦)

٦-١-٢. ئەندامەکانی لەشی مروڤ

مروڤ بەشێک لە سرۆشتە؛ مەولەوی، مروڤ لە هەموو دیاردەکانی سروشت جوانتر دەزانێت؛ ناوی سی ئەندام لە ئەندامەکانی مروڤ لە دیوانەکەیدا هاتووە؛ بۆ بڕێک لە ئەندامەکان جگە لە ناوە هەورامییەکەی، ناوی فارسی و عەرەبی یا سۆرانیشی هێناوە. وەکوو (بەدەن، جیسم، جەستە)، (دان، دندان)، (جەرگ، جگەر)، (چـەم،دیدە، عەین)، (باڵا، بەژن، قامەت)، (پێشە، استخوان)، (لەب، لێو)، دەس، پا، سەر، پەنجە، سـینە، مـەردم، کـوڵم، خەت، خاڵ، مەغز، تورە، ئەبرۆ، ناخوون، گۆش، زوان، گەردەن، موژە، پۆس، دڵ، گۆنا، زانوو، دەروون. لە نێو ئەم سی ئەندامەدا ناوی دڵ و دیدە و دەروون زۆرتر هاتووە. قورسایی رەنـج و پـەژارەی شـاعیرانەی مەولـەوی کەوتووتـە سـەر شـانی دڵ کـە ٤٠٠ جـار دووپـات بووەتەوە. دڵ لە روانگەی سۆفییەکانەوە جێگای تایبەتی هەیە و لە کتێبە عیرفانییەکاندا بەشێکی جیـاوازی بـۆ تەرخان کراوە. بینایی و دیتن و دیدە، ٢٦٠ جار و دەروون ٦٧ جار هاتووە.

٧-١-٢. دەنگەناو

دەنگەناو لە سروشتەوە گیراوە و بە جوانی لە شیعری مەولەویـدا هـاتووە. لـە نێـو شـاعیرانی ئـەدەبی فارسیدا، مەولانا جلالەدین محەمەدی بەلخی بە جوانی دەنگەناوـی لە شیعردا هانیوە؛ بەکارهێنانی دەنگـەنـاو لە شیعردا کارێکی ئاسان نییە. ناوی ٢١ دەنگەناو هاتووە و ٤٥ جار دووپات بوونەتـەوە وەکـوو: گرپـە، قرچـە، هاژە، وەلولە، چۆرە، لرفە، زرنگە، تریکە، خشپە، چریکە، ترپە، خشە، شـەقە، تەقـە، کـزە، گرمـە، هـەوهـەو، بەوبەو، شریخە، زیلە، فرە.

٨-١-٢. خواردەمەنی

کەمترین رێژە لە بەستێنی وشەکانی سروشتدا خواردەمەنییە؛ تەنیا ٥ ناو هاتووە. هەنار، هەڵـوا، بـەی، شەکەر، سکەنجەبین. وا دێتە بەر چاو کە مەولەوی بە بۆنەی شێوازی هەژارانە و سادە و ساکار کـە بـۆ ژیـانی هەڵبژاردووە، کەمتر بیری لە خواردن و خواردنەوە کردووە.

٢-٢. زانست

٢-٢-١. مووسیقا

ئەگەرچی مووسیقای وشەکان یەکێک لە کارامەترین تایبەتمەندییە هونەرییەکانە کە لـە هەموو جێگای دیوانی مەولەویدا رەنگی داوەتەوە و بە تێکئالاوی بێژە و واتا گەیـشتووتە نـەزمی ئامانجی خۆی. بەڵام مەبەست لە مووسیقا لەم وتارەدا مووسیقای وشە نییە؛ بـە مانایـەکی بـەرینتـر، ناسـینی سەدای زیل و بـەم، زاراوەکـانی دنیـای مووسـیقا و نـاوی سـازەکانە. لێکۆڵـینەوە لەسـەر دیـوانی مەولـەوی دەمانگەیەنێتە ئەنجامێکی زۆر گرینگ و بەبایەخ؛ ئەویش ئەوەیە کە مەولەوی زۆر حەزی لـە مووسـیقا بـووە. ناو و دەنگی سازەکانی ناسیوە، سازەکانی دیوە. ئاشنایی لەگەڵ زاراوەکانی مووسیقا هەیە. لە بـواری رۆحـی و دەروونییەوە، ئۆخژن و ئارامش لە دونیای مووسیقادا ئەدوزێتەوە.

جـە لای هــەر گــەردێ وە سـەدایێـوەن

دەوای هــــەر دەردێ وە نــــەوایێوەن

(دیوان، ٢٢، ب ٦)

مەولەوی دەوای هەموو دەردێ لە مووسیقادا دەزانـێ. لـە دیوانەکەیـدا نـاوی ١٧ ئـامرازی مووسـیقای هێناوە کە بە تەرتیب دەف و نەی و

سەمتوور و تاری زۆرتر ناو بردووە؛ دەنگی ئەم سازانە زۆرتر مەستی دەکەن؛ دەف ١٩ جار، نەی ١٧ جار، سەمتوور ٧ جار و تار ٤ جار هاتووە؛ سازەکانی دیکە بریتین لە: کەمانچە، زەنگ، نەقارە، سورنا، کەمان، تەموورە، لوولە، کووس، تاس، چەنگ، روباب، دائیرە، ساز. بۆ نەیژەن سێ ناوی هێناوە؛ نەیچی، نایی؛ ساحێبنەی. بۆ دەف تەنیا ناوی دەرویشی هێناوە؛ لە شیعرەکاندا وا دەرئەکەوێ کە مەولەوی، موغەننی لە کاری مووسیقادا زاناتر دەزانێت و موتریب چەند پلەیەک لە موغەننی خوارترە. ناوی برێک لە دەسگا مووسیقییە ئیرانییەکان دەبات؛ وەکوو نەغمەی شانازی، پەردەی حیجازی، ناوی بەزمەکان وەکوو سەحەری، چەمەری، دیلان، لاو هەی لاو. وشەکانی دیکەی ئەم بەستێنە وەکوو: کۆککردن، زیل و بەم، مەقام، سەما، ئاهەنگ، لێدەر، باوەر وە دەنگ، تالیمدەر.

لە شوبهاندنەکاندا، دەنگی ساز و شێوازی رواڵەتیانی لە بەرچاو گرتووە. وەکوو سەمتوور بە سینە، تاس بە سەر، لوولە بە ئیسقان، گوێ بە تەپڵ. بە دۆستان و ئەهلی مەعریفەت رادەسپێرێ کە وەکوو دەف بن و روویان لە یاران بێت.

دەفئاسا بەو سۆز ناڵە و سەداوە

روو ئەو یاران بۆ، پشت ئەو دماوە

(دیوان، ٣١٩، ب ٧)

لە هەر شێعرێکدا پەژارە و ماتەمی شاعیر زۆرتر بووبێت، سازەکان بە دەنگی دڵرفێن، هاودەنگی لەگەڵ دەکەن؛ بە موغەننی و موتریب رادەسپێرێ کە ئورکێسترێک ساز بکەن تا یەکێ دوو شێعری ئەو بخوێننەوە. لە راستیدا مەولەوی خۆی هەموو سازەکانە؛ قامەتی کەمانە، ناڵەی نەیە، ئێسقانی لوولەیە؛ ئاواتی ئەوەیەکە سەفەری ئاخرەتی بە دەنگی دەف و نەی بێت.

٢-٢-٢. زانستە ئائینییەکان

زانستە ئائینییەکان پانتاییێکی بەربڵاوە دەگرێتەوە، وەکوو کەلام، فقهـ و عیرفان. مەولەوی کەسایەتییەکی ئایینییە و بابەتی سەرەکیی شیعرەکانی عیشق و عیرفانە؛ هەموو جیهان لە دەلاقەی عیشق و عیرفانەوە لە لای ئەو جوانترە. لە باسی خواناسی و هەندێ زاراوەی عیرفانیی وەکوو فەنا، بەقا و سەحو، تا دەسنوێژگرتن و تەڵاق و نییەتکردن و فتوادانی مامۆستاکان دەگرێتە بەر. عیرفانی مەولەوی لەگەڵ سروشتدا تێکەڵە؛ بۆیە بە باشی لێی تێ-ئەگەین. سەروەریی شێعر بە سەر سروشتدا ئەمەیە کە ئەگەر سروشت، شتێک بە هەست و بەردەستە، راستەقینەیە و دوور لە هەست نییە؛ شیعر ئەڵێی هەم بەرهەست و بەردەستە و هەم نییە، هەم راستەقینەیە و هەم دوور لە هەست و هەم مەلەکووتییە و هەم نییە(براهنی، ١٣٧١:٦٢) .

عیرفانی مەولەوی تێکەڵ بووە لەگەڵ سروشتی کوردەواریدا؛ بۆیە وەکوو سروشت دیار و بەرچاوە. سۆفیگەرییەکەی ئەوەندە لە زەوی دوورمان ناخاتەوە کە لێی تێنەگەین؛ عەشقەکەشی ئەوەندە تێکەڵ بە ژیانی خاکی و زەوینمان ناکات. بە تەرتیبی فراوانی وشەکان، کەلیمەکانی ئەم بەستێنە ئەمانەن: قیامەت، دۆزەخ، خودا، مەحشەر، دین، قەزا، بەهەشت، مزگی، میحراو، نما، وزوو و... . یەکێک لە جوانکارییەکانی کاری مەولەوی کەشوهەوای یەکدەست و رێکوپێکی شیعرەکانیەتی. لەزۆربەی شیعرەکانیدا تەناسوبێکی زانایانە لە خولگەی ستوونی شێعرەکەدا لەبەر چاو گیراوە. ئەم

خاڵە بووەتـە هۆی سامانی زۆرتری شیعرەکانی. بۆ وێنە لە شێعری (دیوان، لا ٤١١) شاعیر زەماوەندێکی کوردەواریمان بۆ وەسـف دەکـات؛ لـە بـەیتی یەکەم تا ئاخری شیعرەکە هیچ وشەیەک لە بەستێنی وشەکانی ئـائینیی و ئـاگر کـە خـەم وە بـیر دەخاتـەوە نابینین. کەش و هەوای شێعرەکە شاد و دنیایی و نزیک بە هەستە؛ بە وردبینیەکی مەولەوییانەوە.

٣-٢-٢. پزیشکی و دەوا و دەرمان

شاعیر لەم دیوانەدا ناوی ١٥ نەخۆشی دەهێنێت و دەرمانی هەندێکیشان دیاریی دەکات. نەخۆشـیگەلێ وەک: هەلامات، ماخۆلیا، گلاراو، ئێسقانشکاو، زەردوویی، شەیدایی، سەودایی، ئاوڵە، کەسیفی، تەبخاڵ، زام، مارگەزین. بەڵام خۆی بە دەس نەخۆشیگەلێ وەک ژانەسـەر، ئێـشی ئێـسقان، هەناسـەتـەنگ‌بـوون و ماندووبوونی لە رادەبەدەر و لە سەر هەموویانەوە بە دەست نەخۆشیگەلی چاوەوە ئەناڵێنێت. کوێربوونی مەولەوی کە بە هۆی نەخۆشییەوە بووە و وردە وردە لە ئاو کردنی چاوەوە دەستـی پـێ کـردووە و پاشان چاوەکانی چڵکی کردووە و بەرە بەرە لێلایی داهاتووە و لە بینین کـەوتووە. شـایانی باسـە کە لـە رووی نیشانەگەلی نەخۆشیی چاوی مەولەوی کەوا لە شێعردا دیارە، ئەتوانین بەرودواکەوتنی مێـژووی هەنـدێ لـە شیعرەکانی راست بکەینەوە.

ناوبراو بۆ چارەسەر کردنی نەخۆشیی زەردوویی، ماسی و بۆ هەلامات، بخووری هەناری پیشاو و بۆ یەکگرتنەوە و جۆش خواردنی شکانی ئێسقان، جۆرە مۆمێک دیاری دەکات و مەرهەمی سـێڵ و فتێلـەـش بـۆچارەسەرکردنی برینەکان دەستنیشان دەکات. ئەم نموونانـەش ئـەو ڕاسـتییە دەردەخـات کـە مەولـەوی تـاڕادەیەک سەری لە پزیشکی دەرچووە و ئاگاداریی باشی لەم بوارەدا هەبووە. شاعیر هەموو ناشیرینییەکانیش بە جوان دەبینێت. تەنانەت بلۆقە پڕ لـە کێم و زووخـە ناشـیرینەکانی دەموچاوی هاوڕێکەی (شێخ عەزیزی جانەوەرە) کە بە هۆی نەخۆشی ئاوڵەوە پەیدا بووبـوون بـە ئـاوی ژیـان دەچوێنێت. (دیوان ٤٩٦: ب ١٥)

٤-٢-٢. فەلسەفە و لۆژیک و سەرفونەحو و ئەستێرەناسی

ئاماژەکردن بە ناوی زۆر کتێبی سەر بەم زانستانە لەو شـیعرانەدا کـە بـۆ هـاوەڵانی زانا و خوێنـەواری خۆیی هۆنیوەتەوە ئەم راستییە دەخاتە روو کە مەولەوی بەشی هەرەزۆری کتێبگـەلی ئـەم بـوارەی بـە باشـی خوێندووەتەوە. وەکوو کتێبی مـتـوَل، موختەسەر، ئـاداب، کەشفولغیتا، عـەتای دەوڵەتەین، زانـستی چـەقمینی، هەروەها وردەکاری زمانەوانی شیعری بە بابەتگەلی زانستی سەرف-ونەحووەوە ئەنجام داوە؛ بۆ نموونە دەڵێت:

ئـازیز جـە دووریـت تـەن بی کەلافـە
ڕۆح بـێ وە تـەنوین حـاڵ ئزافە

کە ئاماژەیە بە تیاچوونی تەنوینی وشەی عەرەبی لە کاتی درانەپاڵ وشەیەکی تر و کینایەیە لە مردن. لە زانستی ئەستێرەناسیشدا وشەگەلێکی بە کار هێناوە؛ وەکوو بورجی شەرەف، سـتارەی تالـە، ئـەوجبورج، بورج شەرەف، قلبولئەسەد، هەفتتار، خورشید، مانگ، ئاسمان.

٥-٢-٢. چیرۆک و بەسەرهاتە بە ناوبانگەکان

مەولەوی لە دیوانەکەیدا بە شێوەی تەلمیح ئاماژەی بە ١٧ چیرۆک کردووە. سەرەڕای داستانە قورئانییەکان گرنگیدانی شاعیر بە کەسێتییەکانی داستانگەلی ئێرانی وەکوو جەمشید، کەیخەسرەو، سەلم و توور، دارا، بارام گۆڕ، مەحموود و ئەیاز، شیرین و فەرهاد، شایانی تێڕامان و بیرلێکردنەوەیە. داستانە ئایینییەکان وەک داستانی حەزرەتی ئیبراهیم، یوونس، یووسف، یەعقووب، سلێمان و خزر[٤] و کەسانی تری وەک ئەسکەندەر و حاتەمی تایی و داستانگەلی عاشقانەی (دڵداری) وەک لەیلێ و مەجنوون و وامێق و عوزرا، شەم و وەلیدیوانە. شاعیر لە ڕێگەی وشەگەلێکی کەمەوە زیاد لە ١٧ چیرۆکی بە ناوبانگمان وە بیر دێنێتەوە و لەم ڕێگەیەوە جۆراوجۆربوون و هەمەڕەنگبوونێکی جوان لە بەرهەمە شیعرییەکانیدا بەدی دەهێنێت. شایانی باسە کە شاعیر داستانی لەیلێ و مەجنوون زیاتر لە هەر داستانێکی تر لەگەڵ بارودۆخی خۆیدا بە کۆک و تەبا دەزانێت.

٣-٢. فەرهەنگی گشتی

مەولەوی جگە لە زانستە تایبەتییەکان، ئاگادارییەکی تەواو و پڕاوپڕی لە کولتووری گشتی هەیە و ئەم ئاگاداری و تێژبینییە لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە. بەو پەڕی وردبینییەوە بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕوانێتە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگاکەی و ئەوان لەگەڵ شیعرەکانیدا و شیعرەکانی لەگەڵ کار و پیشەی خەڵکیدا تێهەڵکێش دەکات.

١-٣-٢. مەولەوی لە دیوانەکەیدا ئاماژە بە زیاتر لە ٣٠ کار و پیشەی جۆراوجۆر دەکات و ناوی ئامرازی هەندێ لەو پیشانەش دەبات و بەم شێوەیە هاوچەشنخوازی و جۆرە تەناسوبێکی بێوێنە دەخولقێنێت. پیشەگەلێ وەکوو بەرگدووری، بەنایی، جۆلایی و دارتاشی ناو دەبات و ئامرازگەلی پێویستی ئەو پیشانە وەکوو نەی، مقراز، شاقول، چەرخ، تەختە و گیرە بە جوانی لەگەڵ شیعرەکانیدا تێهەڵکێش دەکات. ناوبراو لە لایەکەوە ئاماژە بە پیشە دزێو و سووکەکانی وەک کەللەبڕ (جەللاد) دەکات و لە لایەکی تریشەوە پیشە و پلەی چین و توێژە بەرزەکانی کۆمەڵگا دەخاتە بەر باس کە هەندێک لەم پیشانە بریتین لە قازی، حەکیم، عالم، شاعر و... .

٢-٣-٢. ژیانی کۆچەرییانە و زاراوەگەلی سەر بە جوگرافی و کشتوکاڵ و ڕاو

هەروا کە ئاو و هەوای کوێستان و گەرمیان شوێنەواری تایبەتیان لەسەر دەروونی شاعیر داناوە؛ دیمەنێک لە ئاو و هەوای سازگاری کوێستان لە شیعری مەولەویدا بە ڕووی خوێنەردا دەکرێتەوە. وشەکان لە هەر زمانێکدا شێوازی واتای تایبەتی خۆیان هەیە و خاوەنی پێناسەی عاتیفی تایبەتن؛ زاراوە جوگرافیەکانیش واتا گەلێکیان هەیە کە تایبەتە بە ناوچەیەکی دیاریکراوەوە و لە فەرهەنگ و نەریتی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرن. چەند نموونەیەک لەم بوارەدا دەخەینە ڕوو: سەنگی بار، پێشبار، چێخ، کۆچ، هەوار، ئێلاخ، لەیلاخ، تەلمیت، خێڵخانە، عێڵ، خەیمەکەن، هەوارگە، گەرد و غوبار، مەجمەڵ، سەرخێڵ، گەرمیان، کەژاو، سیاماڵ، بارەبەر، مالات و حەشام، قەتارەی خێڵ، گەرمەسێر، ئیلات، ئیلبەیگی، قەبیلە، قافڵەچی، بنەکدار، فەرسەنگ، مەنزڵگە، یاتاخگە، گەرمیان،

هەواڵنامەی کتێب

کۆز، باربەنی، بەرپێچ. هەروەها زاراوەگەلێ وەک: پووشانە، داناو، سیاساڵ، قران و... .

ئەم وشەگەلە ڕەنگی خۆماڵی بوون لە شیعری مەولەویدا تۆختر دەکات و ئەمەش یەکێک لە هۆکارە جیاکەرەوەکانی شیعری مەولەوی لە شاعیرانی دیکەیە. ڕەنگ و بۆی خۆماڵی لە شیعردا دیاردەیەکی نوێیە. لە ئەدەب و وێژەی فارسیدا لە سەردەمی نیما-وە دەستی پێکرد؛ بەڵام مەولەوی چەندین ساڵ پێش نیما ئەم کارەی لە شیعردا ئەنجام داوە. وێنە و دیمەنە بەدیهێنراوەکانی ئەم بەشە لە بینراوگەل و بیسراوگەل و ئەزموونە ڕاستەوخۆکانی ژیانی مەولەوییەوە سەرچاوە دەگرێت و یەکێکە لە بوارگەلی داهێنان و جوانخوازی لە شیعری ئەودا.

٣-٣-٢. ڕاو

ڕاو، کە بریتییە لە بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ و سروشت، بەشێک لە ژیانی پێشینان بووە؛ هەندێ جار لەبەر ناچاری یا بۆ دابین‌کردنی خواردەمەنی و هەندێ جار بۆ ڕابواردن، وشەگەلێک کە کەش و هەوایەکی‌حەماسی دەخولقێنن دەکەونە بەرچاو. لەگەڵ وشەگەلی ئەم بوارەدا دیمەنگەلێکی سەرنجڕاکێش دەبینین کە کەش و هەوای شیعرەکان بەتەواوی دەکەنە حەماسی و کارامەیی شاعیر لەم بوارەدا دەخاتە ڕوو. وشەگەلێکی وەک پێکیا، تەقیا، پارێزگا، نەچیرگا، سەیاد، تورداو، جاسووسگەی مەلان، دووهاچەی چەتاڵ، ماشە، پێل، ئەساسەی نەچیر، دام دووبادە، کەڵڕەمان، زاراوەی هەزارە کەردە، مووسەوی سەرتەڵ. ناوی جۆرەکانی تفەنگ وەک: ماردۆمان، شەستتیر، شەش‌خان، تفەنگ، خارای خانان‌تاق، قووڵ لوول-وەردە. دوایین زاراوە لە ناوگەلی تفەنگدا، لایەنێک لە وردبینی و زانایی مەولەویمان لە بواری زمانناسیدا بۆ ئاشکرا دەکات. تەبایی و کۆک بوونی واج_ەکان لە پاڵ یەکدا دەنگێک بەدی دەهێنێت کە ئەوپەڕی تەبایی لەگەڵ ناوەڕۆکی وشەکەدا هەیە و یەکێکە لە بە نرخترین جۆرەکانی مۆسیقا لە شیعردا. تاق، دەنگی تەقینی گوللەمان بیردەخاتەوە و مەبەستی شاعیریش هەر هەمان تفەنگە. تەبابوونی دەنگ و واتا (صدا معنایی/ Onomatopoeia) لە زۆربەی دەستەواژەکانی دیوانی مەولەویدا بەرچاو دەکەوێت و یەکبوونی شێواز و ناوەڕۆک دەخاتە ڕوو. ئەم کارە پێویستی بە لێهاتوویی و بلیمەتییەکی لەرادەبەدەر لە زمانناسیدایە و مەلەوی پسپۆڕیی خۆی لەم بوارەدا سەلماندووە.

٤-٣-٢. لەشکری‌بوون

هەرچەندە بابەتی سەرەکی دیوانی مەولەوی ئەوین و عیرفان (خواناسین)ە، بەڵام وادیارە توخمگەلی لەشکری‌بوون بەشێکی دانەبڕاوە لە شیعری لیریکی. وشەگەلێ وەک: تیر، خەدەنگ، تیرئەندازی، لەشکەر، سوپایی، تاس‌کڵاو، مەودای نەی، فەوج لەشکەر، دلێران، چل‌چەنگ، کەمان، پەیکان، پێکان (کار)، نەشتەر،کێشکچی، زەنجیر.

٥-٣-٢. مامەڵە و بازرگانی و توخمەکانی

شاعیر زۆربەی واتاگەلی زەینی خۆی چواندووە بە وشە و زاراوەگەلی جیهانی بازرگانی و دونیا بە بازاڕێک دەزانێت کە سەودا و مامەڵەی مەولەوی تیایدا کەساد بووە و لە برەو کەوتووە. بۆ نموونە وشەگەلی دووکانچەی بەدەن، کاڵای گیان؛ زۆر جاریش ئاماژە دەکاتە دەنگ و بانگی وردەواڵەفرۆشەکان. ئەم وشەگەلە لە دیوانەکەدا دەبینین: بازاڕ، سەرمایە، دووکانچە، نرخ، کاڵا، پووڵ،

هەواڵنامەی کێڕ

توجار، ڕاستەبازاڕ، های دیبا، ڕەواج، نارەواج، تجارەت، قوماش، کەساس، کارخانە.

٦-٣-٢. شتەکان

مەولەوی لە ڕوانگەیەکی شاعیرانە و بە هەستێکی ناسکەوە دەڕوانێتە شتەکان، بە جوانی لە شیعردا بەکاریان دەهێنێت، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەو وشەگەلە زووتر لە زمانی ئەدەبیدا بە کار نەدەهێنراون. هەموو شتەکانی دەورووبەری مەولەوی زیندووە و لە جموجووڵدان؛ بەزیندووزانینی شتەکان لە لایەنی مەولەوییەوە سەرنجڕاکێشە. شاعیر چیرۆکی ژیانی مرۆڤ بە بابەتێکی عارفانە لە زمانی شیشەیەکەوە دەگێڕێتەوە (دیوان، ٤٢٢، ب ٣ تا ١٨). عەبدوڵلا پەشێو لە شیعری کۆنگرەی شووشان‌دا بتڵی شووشە دەهێنێتە قسەکردن هەتا دەرد و ژانێکی مرۆڤ بخاتە ڕوو. زۆر کەم پێش دێت شاعیرێکی ناوداری کورد بدۆزینەوە کە ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ، خۆویست یا خۆنەویست، لە ژێر کاریگەری مەولەویدا نەبێت. شتە ناوبراوەکان وەک: لەتەرە، کارد، مێقراز، ئەڕەشانە، دووربین، سەماوەر، قەڵماسک، گاز، سووزن، قەڵەم، بادرەوشە، دیگ، قازان، فوارە، کەوش و ... . شاعیر کەسێکە کە هەستی واتایی خۆی لە شتەکاندا جێگیر دەکات و لەم ڕێگەیەوە ژینگەی دەورووبەری خۆی لادەدات و وەک مرۆڤ، گیان دەکرێتە بەر شتەکان و لە ئاکامدا مرۆڤئاسا دێنە زمان و دەبنە خاوەن بیر و هەست (براهنی، ١٣٧١: ٤٧).

١-٦-٣-٢. خشڵ و زیوەری ژنان

یەکێک لەم دەستە شتانەیە کە شاعیر بە وردبینییەوە شێوە و ناویان لە شیعرەکانیدا تۆمار دەکات؛ خشڵگەلی وەک: خرخاڵ، پامووره، لاگیره، گۆشوارە، زەڕزنجیر، سلسلە و بانیسەر، بەندەرزی و لاگیر، زەڕکلاو، خشڵی نیوەڕەنگ، مووره، شیشە (کە هەمان مووروووە). مەولەوی ئاگای لە هەموو سووچ وقوژبنێکی کەلەپووری میللەتەکەی خۆیەتی؛ تەنانەت لە خشڵ و زیوەری ژنان، کە لەوانەیە لە ڕوانگەی پیاوانی ئایینیەوە تێڕامان و لێوردبوونەوەیان ڕەوا نەبێت، ئاگادارە. ئەم وردبینیە دەمانخاتە یادی شیعری گەشتی هەورامان ـی مامۆستا گۆران و وەسف کردنی ژنانی هەورامان، کە شوێنەواری زەوقی مەولەوی و وردبینیەکانی بە شیعری گۆرانەوە دیارە.

٢-٦-٣-٢. ناوی جل وبەرگە جۆراوجۆرەکان

وەک: زەڕکلاو، شەدە، عەرەقچین، شەرواڵان، فۆتەی شۆڕ، جووراب، قەبای پشتناتەواو، پاژنۆی گوڵەنگ‌چەنگ؛ بە شێوەیەکی گشتی ٥٥ وشە لەم کۆمەڵەیەدا دەبینرێت و هەستیاری و وردبینیی شاعیر لە بینین و بیستندا دەخاتە ڕوو.

٧-٣-٢. توخمگەلی دونیای پیاوماقووڵان (ئەرستۆکران)

هەرچەندە مەولەوی بە هیچ جۆرێک حەز لە کەش‌وهەوای پیاوماقووڵان ناکات، بەڵام وا دیارە پەیوەندیی لەگەڵ پیاوگەورانی ئەردەڵان و بابان و جاف یا خوێندنەوەی شیعری شاعیرانی تر، وشەگەلی سەربەم جیهانەی لە هۆنراوەکانیدا گونجاندووە. ژمارەی ئەم وشەگەلە زۆر نین، وەک: کاخ، سیمقاڵ، زوڵفەعنبەر (عەترێکی تایبەتی چینی سەرەوەی کۆمەڵگایە)، چەوگان (یاریەکی پیاوماقووڵان بووە)، خەزانە، دانەی شەوچراغ. شایانی باسە کە زۆربەی ئەم وشەگەلە هەرچەندە لە سەرەتادا سەر بە هەرێمی پیاوماقووڵانن بەڵام بە درێژایی مێژووی شیعر باروبنەیان بەرەو هەرێمی عیرفان و خواناسی

هەواڵنامەی کێبر

پێچاوەتەوە و لەوێ نیشتەجێ بوونە. وەکوو : جام جەم، پیاڵە، شەراب، بەزم. ئێمەش ئەم وشانە بە هاوڵاتی ئەو دەڤەرە لە قەڵەم دەدەین کە مەولەویش هەڵگری پێناسەی هەمان دەڤەرە.

٨-٣-٢. بەستێنی عاتیفە و ئیحساس

شیعرەکانی مەولەوی پڕن لە خۆشەویستی و سۆزی شاعیرانە؛ مەرگی ئازیزان و ڕەنجی ژیان و هەستی ئاگرینی شاعیرانە، تەمومژێکی ئەبەدیی خستووتە سەر زۆربەی شیعرەکانی مەولەی؛ جگە لە ٢٨ شیعری لاواندنەوە (قادر محەمەد، ٢٠٠٧: ١٤٧) خەمێکی فەلسەفی و عیرفانیش دەبینین؛ چونایەتی هەست و عاتیفەی مرۆڤەکان پێکەوە جیاوازە، هەروا کە کەسایەتییان جیاوازە (پورنامداریان، ١٣٧٤: ١٥٧). ئەو وشانە کە باری خەم لە سەر شان دەکێشن، زۆرن و هەرچێ ئازارە کە قووڵتر بووبێت وشەی زامدار زۆرتر بووە. وەکوو، دووری و هیجران کە ١٢٢ جار هاتووە یان خەم کە زۆرتر لە ٣٠ جار هاتووە. زۆرتر لە ٧٠ وشەی تەماویی و خەمبار لە شیعرەکاندا هەن کەهەڵمی خەم و پەژارە دەگەیەننە گیانی خوێنەر؛ وەکوو: دووری، هیجر، جیایی، فیراق، خەم، مەینەت، خەفەت، زەحمەت، ماتەم، زام، ناکام، ناسوور، ڕزگاری، زویری، ستەم، تاڵی، جەفا، ڕەنجوور، بێقەرار، ناڵە، زاری، ئاه ئاخ، داخ، زووخاو، حەزین، دەرد، سەبووری، زەلیل، هوون، پەشێو، خەجڵ، سۆز، ئێش، نێش، پەژارە، فەقیری، حەسرەت، ریش، ناسۆر، شەرت و وەفا، تاقەت، ناز، جەور، گلەیی، خەیاڵ، بێدەماخ، کۆس، سزا، ڕەنگزەردی، نەدامەت، مەرگ، مەردەن، دڵتەنگی، زەهر، خەستە، موشکڵ، قین، غەریب، وەی-ڕۆ،چەمەر، بەڵا، مرگ و ئەجەل، پیری.

٩-٣-٢. ناوە تایبەتییەکان و ناوی کەسایەتییەکان

لە دیوانی مەولەویدا ناوی چەند شار و کێو و ڕووبار و کەسایەتییە ئایینیی و زانستییەکان هاتووە. ڕەنگە ئەمە ڕێژەیەکی سەرنجڕاکێش بێت کە لە ٣٦ ناوی تایبەتی ٢٢ دانەیان ناوی ئەو شار و گوند و ڕووبارانەن کە لە ئێراندان. وەکوو شارەکانی زەهاو، بانە، مەریوان، ئەردەڵان (بۆ شاری سنە)؛ گوندەکانی خانەگا، نەجار، بێساران، مەولاناوا، ڕێژاو، زەردە، یاران، پیران، هەزارکانیان و ناوچەی سارال. کێوەکانی: ئاتەشگا، بیستوون، ئاربابا، ئاویدەر، دەماوەند، ڕووباری سیروان و ناوی حافز و ئەوانی دیکە ئەمانەن: مووسڵ، مەدینە، بەغدا، تانجەرۆ، زەڵم، قولەی قەزاڵە، کۆی دوجەیل، ئەفلاتوون، مانی، دەجلە، ناوی کەسایەتییە ئایینییەکان وەکوو غەوسولئەعزەم، عەبباس و عەلی(ع).

٤-٢. وشەسازی

مەولەوی پێداگری لەسەر ئەوە ناکا کە هەموو وشەکانی دیوانەکەی هەورامی بن؛ ژیانی فەقێیەتی و سەردانی زۆربەی شار و گوندەکانی کوردەواری و هەروەها دەرس خوێندن لە مزگەوتەکانی سنە و سلێمانی و هاودەنگی لەگەڵ فەقێیەکانی دیکە و ئاشنایی بە زاراوەگەلی جۆراوجۆر، وای لە مەولەی کردووە کە ئاگاداری زاراوەکانی دیکەی زمانی کوردی بێت. خۆی هەورامی نەبووە زۆر حەزیشی لە زمانی فارسیش کردووە و عەرەبیش وەکوو زمانەکانی دیکە مومێک بووە لەبەر دەستیدا بۆ دەوڵەمەند کردنی بەرهەمەکەی جگە لە وشەی هەورامی، عەرەبی و فارسی وسۆرانیشی بە کار هێناوە. بڕێ جار لە نیوەشیعرێکدا (یەک میسرەع) تەنیا یەک وشەی هەورامی هانیوە ئەوانی دیکە فارسین.

هەواڵنامەی کێژ

لێکۆڵینەوە

کـاو جـە دوری مـن چ تـەورەن حاڵـش

کـێ بەر مەکـەرۆ خـەم نـە خەیاڵـش
(دیوان، ١٤٥، ب ٥)

کاو= کورت کراوی (کە او) کە فارسییە.
تەنیا. جە= بە مانای لە و ـَـ ن کاری
هەورامی هاتووە چ تەورەن حاڵش
(حاڵی چۆنە).

برێ جار لە پاشگرێکی باو، لە زمانی فارسیدا وەکوو ئـەنگیز و خێـز، وشـەیەکی تـازەی دروست کردووە کە ئەو وشە نە لە زمانی فارسیدا بووە نە لە زمانی سۆرانی و هەورامیدا؛ بەڵکوو دەس کردێکـی زانایانـەی مەولەوییە و بەس. وەکوو پاشگری ئەنگێز لە وشەکانی مێهرئەنگیز و شگفتئەنگیز-دا. مەولەوی، خیلافئەنگیز (دیوان، ٤٥، ب ٣) گـەرمیئـەنگێزت (دیـوان، ١٢٥، ب ٣) و تـەم ئـەنگیز و دەردینانخێز، دروست دەکات.

نامـەی ئـایرین گـەرمی ئـەنگێزت

دووی پووشەی جەستەی دەردینـان خێـزت
(دیوان، ١٢٥، ب ٣)

یان پاشگری (زدە) لە وشەگەلێ وەکوو ئافتابزەدە و ئافتزەدە کە مەولەوی، خەمزەدە (دیوان، ١٣٥، ی ٢ و ٢٤٠، ب ٩) و هەڵۆزەدە و زامزەدە دێنێ.

خەمزەدەی، خـەمکـێش، خفـەتبارەنـان

بـەری جـە یـاوەر، دوور جـە یارەنـان
(دیوان، ١٣٥، ب ٢)

کورت کردنەوەی رستەیەکی کینایی لەیەک وشەدا. پاشگری ئەنداز بە مانای لەبەرچـاوکـەوتن لـەزمانی فارسیدا بە کار هاتووە؛ وەکوو کنایەی (از جلو چشم کسی افتادن) لەبەر چاو کەسێ کەوتن. مەولـەوی ئەندازەی هێناوە کە ئەنداز پاشگرێکی فارسییە؛ شاعێر لەم پاشگرە ئاوڵـناوێک تـازە دروسـت دەکـا کـە پێـشتر نەبووە؛ وەکوو:

الف- نەوای کەژاوەی لەیلێ ئەندازان. (دیـوان، ٤١٦، ب ٢) دەنگـی کـەژاوەی ئـەو خۆشەویستانە کـە ئەوەندە جوانن، جوانی لەیلێ لەبەر چاو دەخەن.

ب- گاهێ روو وە رووی لەیلێ ئەندازان. (دیوان، ٤٢٢، ب ١١)

برێ جار شاعیر بە پێی پێویستی قافیە وشەیەکی تازە دروست دەکا کەوا پێشتر لە زمانی هەورامیدا نەبووە وەکوو مفامیاوە،کە لە زمانی هەورامیدا نییە.

مـەدیای گـا پـێچ وەرد گـا منامیـاوە

جارجـار جـە ناڵـەش مفامیـاوە
(دیوان، ٤٩٨، ب ٣)

یان پاشگری بێز لە کاری بێزیا، لەبەرچاوکەوتن و بێـزاری، لـە بێـز وشـەگەلێک وەکـوو سۆمابێز، بەیزابێز، ریحانبێز، هەواربێز و ئیستیفابێز-ی دروست کردووە. بە تـەرتیب بـە مـانای تررووکـایی لـێ-بێـزراو، رەنگی سپی لێبێزراوە، خەتی ڕیحان لێ-بێزراو.

ئـەو تانـەی دیـدەی سـۆمابێزمەن

ئیـد دانـەی ئەسـرین وەتـاو رێزمـەن
(دیوان، ٥٣٥، ب ٤)

سـاقی ئـاوەردە و گـرد کیاسـتێنین

وریـا بـەردێن و کـردە ئاسـتێنین
(دیوان، ٢٩١، ب ٢)

لێکۆڵینەوە

یان لە شیعری:

کیاستێنین بە مانای ڕەوانەکراو، ئاستێنین بە مانای بە جێ ئەمێنێ. کیاست ـَ ـ ن، هەورامییە و بڕگەی ناوەڕاستیش سۆرانییە. لە ئاستێنین-یش هەروەها. بڕێ جار بەپێی ڕێزمانی عەرەبی کە ناو و ئاوەڵناو پێکەوە تەناسوبیان هەیە ئەم ڕێزمانە لە هەورامیشدا ئەباتە ڕێوە. وەکوو چێهرە ئێلاخان.

کـۆچ کـەردەن خاسـان، چیهـرە ئێلاخان

داوۆ وە هەمـــــدا دیـــــسان نـــــەداخان

(دیوان، ١٦١، ب ٥)

ژمارەی ئەو وشە تازانە لە دیوانی مەولەویدا کەم نین، هەروەها شێوەی سازکردنیشیان جۆراوجۆرە. لەم وتارەدا تەنیا ئاماژەیەکی کورت بۆ بڕێک لەو وشانە کراوە.

پوختە

خوێندنەوەی وردی دیوانی مەولەوی و شەن-وکەوکردنی (جیا کردنەوەی و دەرهێنانی) وشـەکانی لـەبوارە جیاوازەکاندا بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە:

١. ناوبراو لە بواری ئامرازی قسـە و وتـەدا زۆر لێهـاتووە و کارامـەیی و سـەلیقەیەکی بـەربڵاوی لـە بـەکارهێنانی زماندا هەیە.

سەرچاوەی وشەگەلی شیعری ناوبراو زۆر فراوان و بەربڵاوە و لـە سروشـتەوە کـە یەکێکـە لـە فراوانترین بوارەکان، تا زانستە جۆراوجۆرەکان و داب-ونەریتی گشتی و زاراوەسازی لە خۆ دەگرێت.

ئەم وردەکاری و کارامەییە لە بەکارهێنانی وشەکاندا، زیاد لـە داهێنـان لـە کـەش و هـەوای شـیعردا، نیشانەی ناسکی خەیاڵ و لێهاتوویی شیعری مەولەوییە. ئاگاداربوونی لەڕادەبـەدەر لـە ڕووداوگـەلی ژینگـەی دوور و نزیکی بووەتە هۆی ئەوەی لە بابەتە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا زانیـاریی لـە بـواری ئـایین وئوستوورە و فەلسەفە کەڵـک وەربگرێـت. وشـەدانی شـیعری مەولـەوی گۆڕەپـانێکی بـەربڵاوە کـە ئەزموونـە تایبەتیەکانی هەموو قۆناغەکانی ژیانی تێیدا ڕەنگی داوەتەوە و هەموو ئەمانە شیعری ئەوی لەم پێناسە جوانـە نزیک کردووەتەوە کە شیعر ئاشـکراکەری باشـترین و بـەختیارترین سـاتەکانی بەختـەوەرترین و باشـترین هزرەکانە. ناوبراو سەرەڕای تێرامان و خوێندنەوەی قووڵ زۆر جار پەنا دەباتە بەر زاراوەسازی و لـەم بـوارەشدا زۆرسەرکەوتووە.

پەراوێزەکان:

١- وشەکانی بەستێنی ئاگر ٦٠ جۆر و ١٩٢ جار دووپات بوونەتەوە:

کوورە- گەرمی- بڵێسە- شەرارە- ئایر- سفتە- دوو- ئایرین- بووڵ- نار- زوخاڵ- قەقنەس- سۆچیا- شوڵە- پزیسکە- چەخماخە- سۆچنۆ - نائیرە- سۆچنا- قرچە- برێشتە- ساج- سووزیام- دووکـەڵ- سـۆچنان- بۆپـرووز- سەبوون- تەنوور- نەفت- ئاهیر- گرمە- بەرق- بریسکە- گرپە- توون- قەقنـەس- حـەرارەت- ئـایرین- مەسـۆچیا- گڕ- جۆشدا- ئار- چزە- گرە- کزەی کەباب- جۆش سەماوەر- بوریـان- ئاتـەشخان- دوود- خورشـید- ئـاهیر- کڵێنمی- کڵپە- نەفتینیت- گرمە (کورە)- جۆش ئاوەردە- ئاهیرین- نوورئەفشانی- ئاهینگەری- دوزەخی.

٢- وشەکانی بەستێنی ئایینیی ٧٢ جۆر و ١٢٥ جار دووپات بووەتەوە:

قیامەت- دۆزەخ- خودا- مەحشەر- قەزا- دوعا- دیـن- بەهەشـت- میحـراو- مزگـی- حـووران- گۆنـا- وزوو- تەکبیر- نما- ئفتار- ڕەمەزان- نەزوفتو- جەماعـەت-

مەرحەبا- فتوا- قەدەر- بەقا- فەنا- عەید- تەواف- قیبلە- تەراویح- قەزا- ڕەحمەت- کەعبە- خۆف و ڕەجا- هیدایەت- سفات- مەلا- ئەلەست- ڕەحمەت- های هیلال- دەرگای قەبوول- نییەت- ئیمامەت- مەندیل (عەمامە)- قەدقامەت- قیام- ڕەزا- تەڵاق- عەتا- شەهید- فەرز- تەزبێح- نەمازخانە- زکر- ئیستیغنا- ئەڵاهوئەکبەر- شەهادەت – مەعسیەت- نەفس- زات- حەقپەرستی- بەندە- تەعویز- جینان- سوبحان- ڕەسوول- موناجات- ڕیحانە- ڕەسوول- بەتوول- مورتەزا علی- ڕەوزە- فەیز- تەجەلی- زاتی- عیلم- مەلەکووتی- جەبەرووت- غەفوور- عاشوورا- کەربەلا- یەزید- حسەین- موحەرەم- سوجوود- کەریم- جەژن- کافر- جەمال- جەلال- بسمیلا- ڕەبانی- قەسەم – وەسەلام- وەڵاهو شەفیع- یاخەلیل- کەریمان- حەجەردا- پێغەمبەر- حەرەج- منارە- پرهیزگاران- ڕۆژەداران- تەقدیر- حەرام- هوو- ئەزەڵ- ئیمان- قەدیمەن- واجب- شەریعەت- ماشەڵا- حەنەفی- زاهید- تەقوا- زەواری- غیلمان- سوبحانەڵا- خۆف و ڕەجا- عەزرائیل- دەس و دیم.

٣- ناوی پیشەکان و ئامرازە پێویستەکانیان بە ٣٠ جۆر هاتووە:

گولاوگیری- (گوڵ- قازان)، خەیاتی- (میقراز- دروومان- نەی)، پارچەبافی- (چەرخ- تای تانتە- دارلەتەرە- تای کرژ- دووبار کەردە- بوورازو)، بنایی- (خشت- هوسای- تای شاوڵ- بنچینە- عمارەت)، جۆلایی- (پۆی خەیاتە- دەسڕێسە- تەندە بێت- تاڵ- مەکۆگە)، نەجاریی (تەختەتاش- نەجار)، گیر، ئاسیاوچی -(گەرد - ئارد- سەدای ئاسیاو- نەوبەت- دانە- کەشت)، میعمار (ئەساس- پایە)، مەسقەڵچی- سەواد- ئاینە- مەشحەل- غەواز (دانە- دەریاچە)، میراو (سەرجۆ)، جڵەوکێش- ڕەهنوما (بەیدانی هیجران)، فەقی- تەلەبە (تەدریس)، ئیمام- مزگی- شاعیر- عالم- موغەنی- ساقی- نەیچی- کێشکچی- کەللەبڕ (جلاد)- سەرکار پاشا- سەرکۆمار- نەدیم- حەکیم- تەبیب- شێخ- قازی- سۆفی- عابید- ئاهینگەر- عەلامە- تیجارباشی- ئوسای بلووربەند- پارچەفرۆش- مەلا.

Email:www.osmanpoor.72@yahoo.com

سەرچاوەکان:

١. براهني، رضا. *طلا در مس*. تهران: ناشر نويسنده، ١٣٧١.

٢. پورنامداريان، تقی. *سفر در مه*. تهران: انتشارات چشم و چراغ، ١٣٧٤.

٣. تاوەگۆزی، سيد عبدالرحيم. *ديوان اشعار*. کۆ کردنەوە و لێکۆڵینەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕڕس. سنە: ئینتشاراتی کوردستان. چاپی پێنجەم، ١٣٨٦.

٤. ديچز، ديويد. *شيوه هاي نقد ادبی*. ترجمەی غلام حسين يوسفی و محمدتقي صدقيانی. تهران: انتشارات علمی، ١٣٦٦.

٥. شفيعي كدكني، محمدرضا. *ادوار شعر فارسی از مشروطيت تا سقوط سلطنت*. تهران: انتشارات سخن، ١٣٨٠.

٦. فرشيدورد، خسرو. *درباره ی ادبيات و نقد ادبی*. تهران: جلد اول، انتشارات اميركبير، ١٣٦٣.

٧. قادر محمد، انور. *لیریکای شاعیری گەورەی کورد مەولەوی*. سلێمانی،چاپی سێهەم، ٢٠٠٧.

٨. معين الديني، فاطمه. *گزيده چهار مقاله نظامی عروضی*. نشر قطره. تهران: انتشارات قطره، ١٣٧٤.

خشتەی فرەپاتیی ناوی ژەنیاران و مۆسیقازانان



خشتەی ناوی گیانلەبەرە جۆراوجۆرەکان (٣١ جۆر)



هەوارنامەی کتێب

خوێندنەوەیەکی نوێی چەمکی عەشق،

لە دیوانی مەولەویی کورددا

ئەم وتارە لە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە کۆلیجی ئەدەبیات و زمانە بیانییەکانی زانستگای کوردستاندا پێشکەش کراوە و لە لایەن ئاوزینەوە ئامادە کراوە.

مەنسوور ڕەحمانی

عەشق لە دیوانی مەولەویدا جیاوازییێکی تایبەتی هەیە لەگەڵ ئەو پێناسە باوەی کە لە دیوانی شاعیرانی تردا باوە؛ سەرەڕای ئەوەی کە داگری ئەزموونی ئەو عەشقەش دەبێ، لە ئاستێکی زۆر جیاوازتریشدا خۆی دەبینێتەوە. پێش ئەوەی بچینە نێو کرۆکی باسەکەوە پێویستە ئاماژە بە چەند ڕوانگەیێک سەبارەت بە عەشق بکەین:

عەشق لە ڕوانگەی ئەفلاتوونەوە یان عەشقی ئەفلاتوونی:

لە دیالۆگەکانی نێو کتێبی *میوانداری* یان *زیافەت*ـدا کە باسی عەشق ئەکرێت وا دەردەکەوێت کە ڕیشەی ئەو جۆرە عەشقە لە لای زۆرێک لە خەڵکی ئاتنی یۆنان بە جۆرێک پەیوەندیی لەگەڵ شاهدبازیدا هەیە و ماشەقە(معشوق) کوڕێکی تازەلاوە کە خەتی نەخستووە. لەم نێوەندە تەنیا سوقراتە کە ئاوارتەیە و سەرەڕای ئەوەی کە ماشقەکەی کوڕێکە، بڕوای بە پەیوەندی جنسی نییە. ئەمڕۆکە مەبەست لە عەشقی ئەفلاتوونی جۆرێکە لە خۆشەویستی کە پەیوەندیی جنسی تێدا یان نییە یان زۆر کەم و سنووردارە و کەوتووەتە پەراوێزەوە.

عەشقی ڕۆمانتیک:

عەشقێکی‌تر هەیە بە ناو عەشقی ڕۆمانتیک، کە لە نێوان ژن و پیاودا هەیە و دواتر پێوەندیی جەستەییشی لێ ئەبێتەوە .

عەشقی عیرفانی: کە عەشقی مرۆڤە بە نیسبەتی خوداوە.

عەشق لە ڕوانگەی فرۆیدەوە:

فرۆید لە باسی عەشقدا ئەڵێ: بنەمای عەشق غەریزییە و ئەو عەشقە برایانەش کە لە نێوان دوو

هەواڵنامەی کتێب

ڕەگەزی یەکساندا دروست دەبێ، هۆکارەکەی هەبوونی ئامانجێکی هاوبەشە لە نێوان ئەو دوو تاکەدا

کە ئەو ئامانجە لەمپەر و مانعی بۆ دروست کراوە و هەر ئەم لەمپەرە ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو عەشقە غەریزییە خۆی لەم عەشقە برایانەدا دەربخات؛ واتە دەرکەوتەکەی ئەبێ بە شێوازێک لە گۆڕانی هەر ئەو عەشقە غەریزییە.

ڕابێرت ئێستێنبێرگ:

ڕابێرت ئێستێنبێرگ وەکوو دەروونناسێک باسی سێ کوچکە یان سێ گۆشەی عەشق ئەکات و ئەڵێت: یەکێ لە گۆشەکانی عەشق ڕەگەز و جنسییەت یان سێکسە، گۆشەیەکی تری سۆز و سەمیمییەتە و سێهەم گۆشەکەشی وەفاداری یان بەوەفابوونە.

عەشق لە ڕوانگەی ئێریک فرۆم ـەوە:

عەشق لە ڕوانگەی ئێریک فرۆمەوە بە شەش بەش دابەش ئەکرێت:

– عەشقی دایکانە: کە عەشقی دایکە بە نیسبەتی منداڵ کە ئەویش عەشقێکی غەریزییە.

– عەشقی باوکانە: عەشقی باوکە بە نیسبەتی منداڵ کە ئەویش عەشقێکە ئەگەر هەرچەندە منداڵەکەی زۆرتر فەرمانبەرداری لێ بکات و گوێڕایەڵی بێت زۆرتر ئەبێتەوە.

– عەشقی جنسی

– عەشق بە خۆ: کە جیاوازە لەگەڵ نارسیسم

– عەشق بە خودا

– عەشقی برایانە: کە لەو عەشقە هەست بە بەرپرسایەتی، ڕێزگرتن و دڵسۆزیی بە نیسبەتی هەموو ئینسانەکان دەکرێت. هەموو ئینسانەکان لەم ڕوانگەوە یەکسانن و جیاوازییەکان کەم و ڕواڵەتین.

پێش ئەوەی بڕۆینە سەر باسی عەشق لە دیوانی مەولەویی کورددا، پێویستە ئاماژەیێک بکەین بە جۆری عەشق لە ڕوانگەی مەولەویی فارسەوە، بۆ نموونە چەند شیعر لە دیوانی شەمس و مەسنەوی مەعنەوی دەخوێنینەوە و دواتر بەردەنگی ئەم شیعرانە ڕوون دەکەینەوە:

دزدیده چون جان می‌روی، اندر میان جان من

سرو خرامان منی، ای رونق بستان من

چون می‌روی بی‌من مرو، ای جان جان بی‌تن مرو
وز چشم من بیرون مشو، ای شعله تابان من

هفت اسمان را بردرم، وز هفت دریا **بگذرم**
چون دلبرانه بنگری، در جان سرگردان من

تا امدی اندر برم، شد کفر و ایمان چاکرم

ای دیدن تو دین من، ای روی تو ایمان من …

بەردەنگی ئەم شێعرە پرسۆزانە داخۆ کێ بێت، کە دێڕی کۆتایی شیعرەکە دەخوێنینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مەبەستی، یەکێ لە یاران و مورشیدانی خۆیە: سەلاحەدینی زەرکووب:

ای شه **صلاح** الدین من رەدان من رەبین من

ای فارغ از تمکین من ای برتر از امکان من

نموونەیەکی تر دیسان لە مەولەوی بەلخی لە مەسنەویدا، کە بەردەنگەکەی ئەم جارە حوسامەدینی چەلەبییە کە یەکێ لە هاوڕێیانی گیانیگیانییەتی:

هەواڵنامەی کتێب

همچنان مقصود من زين مثنوى

اي ضياءالحق حسام‌الدين توى

مثنوي اندر فروع و در اصول

جمله آن تست كردستى قبول

قصدم از الفاظ او راز توست

قصدم از انشايش آواز توست

پيش من آوازت آواز خداست

عاشق از معشوق حاشا كه جداست

نموونەیەکی تر دیسان لە دیوانی شەمس کە بەردەنگەکەی شەمسی تەبریزییە:

تو شادى كن ز شمس الدين تبريزى و از عشقش

كه از عشقش صفا يابى و از لطفش حمايت‌ها

یان ئەم دێڕە:

عاشقان عشق را بسيار يارى‌ها دهيم

چونكه شمس‌الدين تبريزى كنون شد يار ما

و چەندین و چەند نموونەی تر لە ئاسەوارەکانی مەولەوی فارسدا دەردەکەوێت:

عەشق و بەردەنگەکانی عەشقی ئینسانی لە دیوانی مەولەوی کورددا، لەبواری ڕەگەزەوە دوو جۆرن و جۆری نواندنی خۆشەویستی لە لایان مەولەوییەوە بۆ هەر دوو ڕەگەزەکە یەک جۆرە و یەک دۆخ و حاڵەتی ڕۆحی لە هەردووکیاندا ڕەنگ دەداتەوە:

هەر لە تەمەنی پانزدە ساڵەیەوە عەشقێک لە مەولەویدا بە نسبەتی ڕابیعەی کچی سەید عومەری خانەگای پاوە، چەکەرە ئەکات کە مامۆستا سەیدتاهیری هاشمی لە گۆڤاری شومارە سێی سرووەدا باسی لێوە کردووە؛ مەولەوی بە هۆی تەنگوچەڵەمەی ڕۆژگار، سەرەڕای ئاگاداریی مامۆستاکەی لەم خۆشەویستییە، نەیتوانیوە ژیانی هاوبەش لەگەڵ ڕابیعە پێک بێنێت. ئەم خۆشویستنە تا کۆتایی تەمەنی مەولەوی ماوەتەوە. هەروەها عەشقێک کە بە نیسبەتی عەنبەر خاتوونی هاوژینی هەیبووە و خۆشەویستییێک کە بە نیسبەتی یاران و هەڤاڵان و شێخانی نەقشبەندیی هەیبووە، تا ڕادەی عەشق لە شیعرەکانی مەولەویدا بە شێوەیێکی بەرفراوان و ئاشکرا وە بەرچاو دەکەوێت.

وەکوو نموونە: شێخی سراجەدین کە بیست و شەش ساڵ تەمەنی لە مەولەوی گەورەتر بووە. شێخی بەهائەدین کە تەمەنی لە مەولەوی کەمتر بووە. شێخ زیائەدین، عەزیز و ئەحمەوبەگی کۆماسی کە هاوڕێ و هاوفەقێی یەک بوونە و ... .

پێش ئەوەی ئەو نموونە شیعرییانە بخوێنینەوە و دواتر خوێندنەوە و شیکاریی کۆتاییمان هەبێت، سەبارەت بە جۆری عەشق لە لای مەولەوی کوردەوە، پێویستە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە سەرەڕای

هەواڵنامەی کتێب

لەیەکچوونێکی ئێجگار زۆری چەمکی عەشق لە لایان هەردوو مەولەوییەوە، ئەزموونی عەشق لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی‌تر ناگوێزرێتەوە و ئێمە ناتوانین بڵێین ئەم ئەزموونانەی مەولەوی کورد، ئەزموونەکانی مەولەوی بەلخییە. هەردوو لا ئەزموونی سەربەخۆی خۆیانە؛ ئەوە ئێمەین کە هەستمان بەم لەیەکچوونییە کردووە نەک ئەوەی کە کەسێک لاسایی ئەوی تری کردبێتەوە، عەشق لاسایی ناکرێتەوە. چەند نموونە شیعری بۆ پیشاندانی چەمکی عەشق لە دیوانی مەولەویدا:

بە نیسبەت شێخی سەراجەدینـەوە:

شێخی سەراجەدین لە دایکبووی ١١٩٥ه و لە ١٢٨٣دا کۆچی دوایی کردووە. مەولەوی ١٢٢١ لەدایک بووە ١٣٠٠ واتە سەد و بیست و حەوت ساڵ لەمەو پێش کۆچی دوایی کردووە.

ڕەفیق مەحرەم عیجز و سروورم

حەکیمەکەی ئێش زام ناسۆرم

ئاویارەکەی سەوزەی ئارەزووم

دانا بە گردین ڕاز کۆنە و نۆم

دەماخ وە نەشئەی سەر بەرزان کەیل

مورشید میراو سەر جۆی بادەی لەیل

ئەنیس مەجلیس عەیش و نیشاتم

دەسگیری ڕاگەی هات و نەهاتم

جلەوکێشی زەوق، ئاهووی ڕەوێڵم

بەزمئارای مەجلیس، کەمەن وە پێڵم

وە مەرگت یەند خەم، جە لام بییەن جەم

جەم لاو هوون گرتەن، پای شەرمم مەحکەم

****

زنجیر مەینەت پای گوریز بەستەن

مارەکەی دووریت ڕیشەی دڵ گەستەن

سامان‌سام کەردەن، دەردەکەی فیراق

بۆی تاڵی دووریم مەیۆ نە مەزاق

شێخی سەراجەدین لە ئیجازەنامەیەک کە بە مەولەوی داوییەتی ئەویش بە نیسبەتی مەولەوی ئاوا ئەڵێت:

((من بعد مخلصين خاندان قول و فعل جناب مولوى را قول و فعل حقير دانند .))

لە سەرەتای نامەکە ئەمەی نووسیوە:

((جناب عالم ربانی، صدف گوهر معارف و معانی، اختر برج سیادت، کوکب سما سعادت، سالک طریق مستقیم، مولوی ملا عبدالرحیم.))

مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نامەیە ئەوەیە کە شێخی سەراجەدین ڕوانگەیەکی سەرەوە بۆ خوارەوەی نەبووە بە نیسبەتی مەولەوییەوە.

نموونەیەکی‌تر شێعر بۆ شێخی سراجەدین:

دەرمان زامان دەردەکەی کاریم

هەمراز ناڵەی شەوان بێداریم

ڕاحەتی جەسەی مەینەت بارەکەم

تەسکین دڵەی پڕ جە خارەکەم ...

هەواڵنامەی کتێب

یان بۆ شێخی بەهائەدین:

دەلیل وادەی، سەر سەراوەکەم

بینایی دیدەی، شەو بێ خاوەکەم

ڕەفیق سەرحەد، ئەقلیم دەردان

ناخودای کەشتیی بەحرەکەی هیجران

ئوستاد تەعلیم دەرس مەجنوونیم

دەسگیر ڕاگەی سەختی و زەبوونیم

شەمع بەزمگەی مەهجووریی و دووری

میعمار ئەساس پایەی سەبووریی...

یان نموونەیەک بۆ هاوڕێیەکی خۆی لە سەردەمی فەقێتیدا کە بڕیار بووە مەولەوی ئەو بە جێ بێڵێت و بڕوات بۆ بانە:

ئازیز! دیارەن، وادەی لوامەن

ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن

دەولەتەکەی وەسڵ پا نە زەواڵەن

جاریۆ تەر دیدەن باڵات مەحاڵەن

سا دڵم وەشکەر وە ئیلتیفاتێ

بدیە وە لاوە، بوینووت ساتێ

با بەیۆ شنۆی شیرین ڕازەکەت

گۆش دەرۆ لادێ، مەینەت گازەکەت

ئاخر سەفەرەن، ڕا خەیلێ دوورەن

مەنزڵ بێ پایان تۆشە زەروورەن

دینت تۆشەی چەم، مەیلت تۆشەی دڵ

ڕازت تۆشەی گۆش، مەنزڵ وە مەنزڵ ...

نموونە بۆ ڕابێعە خانم:

حاڵ بەد حاڵ بەدەن هاڵی و هەواڵە

یانێ های چوون سەنگ قولەی قەزاڵە

موارۆ واران خەمان پێشەدا

هەڵای سەدای دەنگ تۆ ها تێشەدا

عەشقێک کە لە نێوان ئەو دوو مەولەوییەدا ئەیبینین، عەشقێکە لە دەرەوەی ڕەگەز و جنسیەت و تەنیا یەک ئاراستەی ڕەگەزیی ناگرێتەوە. پانتایی ئەشق لە بواری بەردەنگەوە لە لای مەولەویی کورددا هەم بەرفراوانە و هەمیش چینێکی دیاریکراو ناگرێتەوە. هەروەها گۆشە و زاویەی هەیە لە گەڵ عەشقی ئەفلاتوونی، ڕۆمانتیکی، سێ کوچکەی ئێستێنبێرگی و شەش جۆر عەشقەکەی ئێریک فرۆمی؛ هەرچەند لەگەڵ عەشقە برایانەکەی ئێریک فرۆمدا تا ڕادەیەک هاوپۆشانی هەیە بەڵام دیارە لە بواری هەست و دەربڕینی هەستەوە لای مەولەوی سۆزێکی کەم وێنە خۆی ئەنوێنێ.

ئەوانەش کە قوتابیانی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دوای مەولەوین، وەکوو سەید تاهیری هاشمی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس بە جۆرێکی دیار کارتێکەریی سۆزی مەولەوی لە هەڵسوکەوت و نامەکانیاندا بەدی دەکرێت.

ئافرەت لە ئەندێشەی گۆراندا

توورەج خەسرەوی

هەر کەسێک کورتە ئاشنایەتییێکی لە گەڵ شیعرەکانی گۆراندا هەبێت، بۆی دەردەکەوێت چ کەسایەتییێک لە پشتی ئەو وشانەوە دەترووسکێتەوە و لەوێوە لەگەڵ بیرکردنەوە و تێڕوانینی شاعیر لە سەر ژیان و مرۆڤ، بەتایبەت لەمەڕ رەگەزی مێینە، ئاشنا دەبێتەوە. سەرەڕای لێهاتوویی و دڵبزوێنی و سێحربازی بە وشە، دڵی شاعێر هاوڕا و هەمرەنگی ئەندێشەیەتی؛ واتە شێعر رەنگدانەوەی دەروون و ئاوێنەی هەستی دڵە. وەکوو ئەخەوانی سالیس دەڵێت: ((لانی کەم مرۆڤ نابێ لەگەڵ خۆیدا درۆ بکات.)) یەکێک لەو جوانییانەی وا گۆران بۆ دەربڕینی هەستی خۆی زۆربەی هەڵبەستەکانی پێ دەرازێنێتەوە جێلوەی جوانی ئافرەتە. ئافرەت لای گۆران نەک تەنیا لێوانلێوە لە جوانی و لە باری رواڵەتەوە زۆر سەرنجراکێشە، لە هزری شاعێردا بە تەواوکەری هەموو جوانییەکانی سروشت دێتە ئاراوە؛ کە دەڵێ، بزەی ئازیزەوا سروشت رەنگین و چاو و دڵ رووناک دەکاتەوە:

((بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێڕووناکییە بێ بزەی ئازیز))

هەموو ئەم جوانکاری و دەسڕەنگینییانەش لە نیگاوە دەست پێدەکات و ئەگەر لە چاوی شاعیرەوە بۆی بڕوانین، ئەم هەموو بەها و دەرخستنی جوانییە لە قولایی ناخی ژن تا دەگاتە روخسار و رواڵەت و ئەم شێوە بیرکردنەوە و روانگەیە، لە نیگا و خەیاڵی شاعیردا دەخولقێت. دەبێ مەلی خەیاڵ و بیری شاعێر چەندە بەرزەفڕ بێت وا توانیویەتی چەشنێک هەستی خۆی لە نێو وشەکانیدا بە دیل بگرێت کە ئەوەی بە چاو دەبینرێت لە سەر زمان هەڵدەقوڵێت. نیچە دەڵێت: ((مەزنایەتی تۆ لە گرەوی تەندروستی رۆحتدایە[٢])). ئافراندنی جوانیش لە هەر بارێکەوە، پێویست بە گۆلێک لە هەست و بیری بەرز و قووڵ و پاراو دەکات کە بە بیروباوەڕی سووک و بێنرخ ئاوەگڵ نەکرابێت، بەرهەمی ئەم ئاکامەش رۆحێکی تەندروستە وا لە بوونی گۆراندا شەوق ئەداتەوە.

ئەگەر گوتوویانە گۆران شاعێرێکی وەسفییە، راستە، وەسفکردن لە گوڵزاری شێعرەکانیدا بابەتێکی

[٢]. فریدریش ویلهلم نیچە،حکمت *شادان*، جمال آل‌احمد، سعید کامران و حامد فولادوند، تهران: چاپخانەی جامی، ١٣٨٤، ص. ١٨٨.

تایبەتی و شازە. لە زۆربەی هەڵبەستەکانیدا وەکوو جوانی لە لادێ، ئافرەت و جوانی، جوانی بێناو و... وێنەی پەیکەرتاشێک، قەبارەیەکی لەشولار ساز دەکات و دوایی وەکوو شێوەکارێک دەست دەکات بە ڕەنگ-کردن و دەرخستنی ناز و جوانی و شۆخوشەنگیی ئەو پەیکەرە. لە ڕاستیدا وەسفێکی زیندوو و ساکار لە دڵێکی پاک و بێگەردەوە.



گۆران چ لە خۆشی و چ لە ناخۆشی و ناتەباییەکانیدا قسەی دڵی خۆی دەردەبڕێت و بە وشەکان یاریی ناکات. ئەم تایبەتمەندییە یەکێ لە مۆرکە سەرەکییەکانی شاعیرە کە وەکوو بنەواشەیەکی ئاکاریی لە بەرهەمەکانیدا لە بەرچاوی دەگرێت و بەو جوانکارییە ئەدەبییانەی تێکەڵ بەم هەست و کەش-وهەوایە دەکات، بۆن و بەرامەیەکی تایبەت بە هەڵبەستەکانی دەبەخشێت و سنوورێک بۆ خۆی دەستنیشان دەکات کە خوێنەریش هەست بەوە دەکات. بۆ نموونە، لە شێعری بۆ گەورەکچێک دا پاش ساڵەها دابڕان و دووری لە دڵبەر، کاتێ دەگەڕێتەوە، وەها باسی هەست و حاڵی ئێستای خۆی دەکات و بە دڵپاکییەوە دەڵێت:

((بۆ ڕاستی نەڵێم، گەورەکچی عیشوە سەراپا

ئەوسا نییە تا ناخی نیگای دیدە بەری بێ

ئەوسا نییە تا ناوی قسەش، دیوی دەری بێ

ئەوسا نییە، ئەوسا نییە، ئەوسا نییە بەخوا!))

لە حوزنی پەچە-دا شاعێر دژی بیروبڕوای باوی نێو کۆمەڵگا کە دژ بە ژن و ماف و ژیانیەتی، هەڵوێست وەردەگرێت؛ دژ بە ئەو باوەڕانەی کە لە لایەن پیاوەوە بەسەر ڕەگەزی بەرانبەردا سەپێنراوە و ئێستاشی لەگەڵدا بێ لە نێو کۆمەڵگادا بە ڕێژەیێکی زۆر بەدی دەکرێن. گۆران ئاواتەخوازە لە کۆمەڵگادا ئافرەت بە هەموو جوانییەکانییەوە وەکوو دیلێک نەیتە پێش چاو و لەم پێناوەدا هیوادارە ئافرەت بۆخۆی هەوڵ بدات سەربەخۆییەک دەستەبەر بکات و پێگەیەک بۆ خۆی دیاریی بکات و تەنانەت بەو شێوە بیرکردنەوانەی خۆشیدا بچێتەوە کە بە سەریدا سەپاوە؛ تاکوو لەو شەوەزەنگە دەربازی ببێت. ڕێگای چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش بە ڕای شاعێر بە یارمەتی و پاڵپشتیی پیاوەوە هەموار دەبێت؛ واتە، بە پێکهاتنی هەستێکی بەرابەرخوازانە و ڕووناککردنەوەی بیروڕا و تێبینیی پیاوان لەمەڕ ئەم قەیرانە. بۆیە هەر وەک دەبینن شێوەی بیرکردنەوە و ڕوانگەی گۆران جیاواز لە بیروبڕوای باوی سەردەمی خۆی لە ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا ڕەنگ ئەداتەوە و وەکوو بیرەوەرێک لە کلاوڕۆژنەی هەڵبەستەکانییەوە تیشک بە سەر بیر و هەستی دوێنراودا دەهاوێژێت و دەیەوێ لەم ڕێگایەوە بە ڕۆشنگەریی و ورووژاندنی ئەم چەشنە باس و بیرکردنەوانە، بەردەنگەکانی وە ئاگا بێنێتەوە و لە ئاراستەی گۆڕانی ئەم هەلومەرجەدا هەنگاو هەڵبێنێت.

هەروەها لە شیعری بەردەنووسێک –دا لە زمانی کچێکەوە دێتە قسە، کە تووشی هاتووە لە تووش بێ-وەفایی هەرزەکارێک و وەکوو مار پێوەی دەدات و لە ئاکامدا بە دەستی باوکی سەری لە جەستەی جیا دەکرێتەوە. گۆران کوڵەی قرچەقرچی جەرگ و هاواری ئەو مامزە بێتاوانە بە گوێی ئەو مێشبەتاڵانەدا دێنێ کە لاساییکەرەوەی نۆرمە پووچ و بێبنەماکانی رابردوو و کەسانی دەوروبەری خۆیانن. رووی دەمی گۆران بۆ ئاخاوتن لەسەر کۆنەبرین و تەنگەژەکانی ژیان بە لای ئافرەتێکەوە دەبێت نیشاندەری چی بێت؟ بە رای شاعێر ئافرەت بە هۆی ئەو هەستناسکییەیەوە زۆرتر لە نیازی تێدەگات و خەمخواریی دەکات. پێی وایە لە هەردووکیاندا تەریکیی و بێدەسەڵاتییەک سەری هەڵداوە کە دەبێ بەری پێ بگیردرێت و نەبێتە لەمپەرێک بۆ هەوڵ و تێکۆشانەکانیان.

بە داخەوە ئەو هەموو تابلۆ جوان و بەنرخانەی گۆران نەخشاندوویەتی و گوڵاوپرژێنی کردوون، لە بواری هونەرەکانی دیکەوە وەکوو مۆسیقا، شێوەکاریی، شانۆ و... لە لایەن هونەرمەندانەوە لە ئاستی خۆیدا کەڵکی لێ وەر نەگیراوە و کاری لەسەر نەکراوە. ئافرەت لە روانگەی ئەم شۆخەشاعێری شێتی جوانییەوە پڕە لە مۆسیقا، بۆن و بەرامەی خۆشخۆش، رەنگاورەنگی، جوانی و رێکوپێکیی و هەروەها سارێژەری زامەکانە؛ بۆیە کەشی نێو شیعرەکانی وەها بۆنێکیان لە خۆ گرتووە و بەرهەمەکانیشی ئاوەها دڵبزوێنن.

دوایین باسی ئەم مژارە بە تەڵە رێحانەیەکی دیوانەکەوە کۆتایی پێ دێنم و گوێمان بە دەمی شاعێرەوە گرێ دەدەین کە لە هەموو لێکۆڵینەوەیەک بەپێزتر و راستەقینەترە.

((لە کونجی خاتیرەما تا ژنێکی شۆخ نەکا

پەریسیفەت، بە پەلوپۆی جەمالەوە جیلوە

لە کوێ، لە سەتحی زەمینا، لە سینەی فەلەکا

ئەبێتە مەنبەعی شێعرم، بەدایعی ئەشیا؟))

سەرچاوەکان:

گۆران، عەبدوڵا. *دیوانی گۆران*. تاران: بڵاوکراوەی پانیز، ١٣٨٥.

قەرەداخی، عەتا. *گۆران و تازەگەری لە شیعری کوردیدا*.

ئاوڕێکی مەعریفەناسانە لە چەمکی کارەسات

ئاماژە:

ئەمەی خوارەوە دەقی قسەکانی د. بەختیار سەجادی –یە لەساڵیادی کیمیابارانی هەڵەبجە لە زانستگای کوردستاندا لە ڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، کە لە لایەن دەستەی نووسەرانی ئاوزین –ەوە هێنراوەتە سەر کاغەز و لێرەدا بۆ یەکەم جار بە شێوەی نووسراو بڵاو دەکرێتەوە.

د. بەختیار سەجادی

ئامادەبووانی هێژا،

ئەمن چەندین ساڵە لەسەر کارەساتی هەڵەبجە قسەم نەکردووە؛ ئاخرین جار کە لە شوێنێکی گشتیدا قسەم کرد ساڵی ١٣٧٩ بوو؛ واتە شانزە ساڵ پێش ئێستا. بەڵام هەر خێرا چەند ڕۆژ پاش قسەکانم تێگەیشتم کە زۆربەی ئەو خەڵکە لە قسەکانی من تێنەگەیشتوون یان بۆیان گرنگ نەبووە. بۆیە هەوڵم دا ئەو شتانەی کە وەکوو ئەندێشە، بیر و ڕوانین لای منە بیکەم بە کتێب؛ یەک دوو کتێبم وەرگێڕایەوە، هەندێ شتم نووسی؛ دەزگای سەردەم دوو کتێبی منی لە ساڵی ١٣٨١دا چاپ کرد کە یەکێکیان بە تەواوی تەرخان کرابوو بۆ لێکۆڵینەوەی چەمکی کارەسات. یەکێکیان شیکارییەک بوو دەربارەی کتێبە بەناوبانگەکەی ئادۆرنۆ و هۆرکهایمێر بە ناوی دیالێکتیکی ڕۆشنگەریی؛ بەڵام دیسانەوە تێگەیشتم کە تەنانەت کتێبەکانیش بەسوود نین. پاش ماوەیەک چەند ساڵ پێش ئێستا کە کەشی مەجازی پێک هات، هەوڵم دا لەم ڕێگەیەوە هەندێ لەو فایلە پی‌دی‌ئێفانەی کە ژمارەشیان زۆرە و هەموویشیان دەربارەی چەمکی کارەساتن، بینێرم بۆ دۆستان؛ بەڵام لە ئاکامدا تێگەیشتم ئەو ڕوانینەی کە ئێمەمانان هەمانە بۆ کارەسات زۆر جیاوازە لەو ڕوانینەی وا خەڵکی تر هەیانە؛ هەر لەبەر ئەوەیە چەندین ساڵە لەسەر ئەم چەمکە قسەم نەکردووە.

ئەگەرچی دۆستان و ئاشنایان لە زانستگاکان و لە شوێنەکانی دیکەوە زۆر جار لە مانگی ئاداردا بانگهێشتیان کردووم بۆ قسەکردن سەبارەت بەم چەمکە بەڵام ئەمن نەڕۆشتووم. ئەم جارەش لەبەر جۆرێک ئەرکی ئیداری بوو کە چەند دۆستێک لە بەشەکانی زانستگا فەرموویان کە ئەمڕۆ لە خزمەتی ئێوەدا بم. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە باسکردنی بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەدا ئەتۆ هیچ ڕێگەچارەیەکت نییە

هەواڵنامەی کتێب

بێجگە لەوەی کە بە شێوەیەکی رادیکاڵ باسی بکەیت؛ واتە تۆ نابێ بە شێوەیەکی هەستمەند و سۆزدارانە یان بە شێوەیەکی رووکەشیانە و تەنانەت ناکرێ بە شێوەیەکی عەقڵانیش باسی بکەیت؛ چونکە کارەسات شتێکە کە عەقڵیش ناییپێکێت و ناییپێوێ.

هۆرکهایمێر ئەو فەیلەسووفە گەورە ئەڵمانییە بوو کە بۆخۆی یەکێ لە قوربانییەکانی کارەساتەکانی شەڕی دووهەمی جیهانی بوو؛ لە کتێبە بەناوبانگەکەیاندا لەگەڵ ئادۆرنۆ، بە ناوی دیالێکتیکی رۆشنگەریی، کە ئێمە وەکوو یەکێک لە سێ کتێبی فەلسەفیی گرنگی رۆژئاوا لە سەدەی بیستەمدا ناوی لێ دەبەین و بە فارسی وەرگێردراوەتەوە، باسی ئەوە دەکات کە کارەسات مەتەڵئاسا و دژوارەئاسایە؛ واتە مرۆڤ ناتوانێ و ناشێ لە کارەسات تێبگات. ئەتۆ ناتوانی لەو کارەساتەی کە لە هەڵەبجەدا رووی دا تێبگەیت؛ کەس ناتوانێ تێ بگات. لەبەر ئەوەی کە لە کارەسات یان کۆمەڵکوژی یان کوردقڕان یان جینۆسایدیدا ئەتۆ لەگەڵ لەناوچوونی چەندین هەزار کەسدا رووبەڕوو دەبیتەوە؛ هەر کام لەم کەسانە هیوایەکیان هەیە، رەنجێکیان هەیە، ئارەزوویەکیان هەیە، خەیاڵێکیان هەیە، خەونێکیان هەیە و ئەتۆ ناتوانی لەو هەموو مەینەتی و ئازارە تێ-بگەیت. کەواتە وەکوو دەڵێن، دژوارەئاسابوونی کارەسات؛ واتە کارەسات رەمزاوییە، لێڵاوییە، تەماوییە. لەبەر ئەوەی کە لە زاتی خۆیدا تەماوییە، تەنانەت بە شێوەیەکی عەقڵانیش ناتوانی رووبەڕووی ببیتەوە؛ چونکوو وەکوو بیرکاریی وا نییە؛ گیانی مرۆڤ خۆ تەماتە نییە کە بڵێین ئەم کارەساتە گەورەترە چونکوو دووسەد هەزار کەس کوژراوە، ئەو کارەساتە بچووکترە چونکوو پەنجا هەزار کەس کوژراوە؛ ئایا گیانی مرۆڤ سێو و تەماتەیە...! خۆ گیانی مرۆڤەکان دۆشاو نییە بلێین ئەمە دوو کیلۆ دۆشاوە و ئەوەش سێ کیلۆیە. لە چەمکی کارەساتدا ئەتۆ سەروکارت لەگەڵ کوشتن و قڕکردندایە؛ کەواتە نە بە شێوەیەکی سۆزدارانە و هەستمەند، نە بە شێوەیەکی عەقڵانی ئەتۆ ناتوانی باسی کارەسات بکەیت.

((لە باسکردنی بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەدا ئەتۆ هیچ رێگەچارەیەکت نییە بێجگە لەوەی کە بە شێوەیەکی رادیکاڵ باسی بکەیت؛ واتە تۆ نابێ بە شێوەیەکی هەستمەند و سۆزدارانە یان بە شێوەیەکی رووکەشیانە و تەنانەت ناکرێ بە شێوەیەکی عەقڵانیش باسی بکەیت؛ چونکە کارەسات شتێکە کە عەقڵیش ناییپێکێت.))

بەختەوەرانە هەموو ساڵێک لە زانستگاکانی ئێران لە بیست و چەند ساڵی رابردوودا بۆ رێزگرتن و بەرزراگرتنی یادی قوربانیانی ئەو کارەساتە جۆراوجۆرانەی کە بەسەر کورددا هاتووە، وەکو ئەنفال، هەڵەبجە و... کۆڕ و کۆبوونەوە و سمینار دادەنرێت و ئەم چەشنە کارانە زۆر باشە لە پێناو ئولگووسازیدا، لە پێناو هۆشیارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی خەڵکی تر؛ چ ئاگادارکردنەوەی خۆت، چ ئاگادارکردنەوەی لایەنە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان؛ لە پێناو رێگریکردن لە دووبارە خولقاندنەوەی کارەساتێکی تردا. بەڵام

سەرەڕای ئەم هەوڵانە، ئەم سمینارانە و ئەو ئامارانە، چ بە شێوەیەکی هەستمەندانە و چ بە شێوەیەکی عەقڵانی و تەکووز و سیستەماتیک، ئەتۆ ناتوانی و کەس ناتوانیت لە قووڵایی زامەکە تێبگات. چونکە کەس ناتوانێت هاوکات لە قووڵایی ڕەنجی پێنج هەزار کەس تێبگات. لەوانەیە ئەتۆ لە ڕەنج و ئازار و قوربانیدان و ئێش و زەحمەت و مەینەتی کەسێک تێبگەیت، بەڵام ناتوانی لە ئێش و ئازاری پێنج هەزار کەس تێبگەیت. بۆیە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ سادەکردنەوەی کارەسات، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ کورتوکۆکردنەوە و گشتیکردنەوەی کارەسات و هەر جۆرە هەوڵێک بۆ وەکوو بیانوو و بەکەرەستەدانانی کارەسات، بۆخۆی جۆرێکە لە ڕێگەخۆشکردن بۆ وەرگرتنی کارەساتێکی تر.

ئەو سیستەم و عەقڵییەتەی کارەساتی خولقاند، کە لێرەدا سیتمی بەعسیزمە، سیستمێکی ساکارکەرەوانە بوو، سیستمێکی گشتیکارانە بوو؛ لە هەمبەر ئەو سیستەمەدا ئادۆرنۆ دەڵێ: ((گشت،حەقیقەت نییە.)) بەو واتایە کە ئەگەر تۆ پێت وایە کە گشت حەقیقەتە، واتە لە گشتدا پاژێک هەیە کە ئەتۆ ئەم پاژە وە پشت گوێ دەخەیت، یان لەناوی دەبەیت. ئەگەر تۆ بەردەوام پێت وابێ کە گشت حەقیقەتە، پاژەکان لەناو دەبەیت. یان دووریان دەخەیەتەوە یان دەیانکوژیت یان بۆمببارانی کیمیاوییان دەکەیت یان بێبەزەییانە بەڵا دەهێنی بە سەریاندا. ئەمەش هەمان شتە کە لە مێژووی هاوچەرخدا دەیبینین؛ نەک هەر لە ناو کورددا بەڵکوو لە نێو نەتەوەکانی دیکەشدا وە بەر چاو دەکەوێت. ڕەنگە بەناوبانگترینیان ئەو کارانە بێت کە ستالین، هیتلێر، مووسیلینی و فرانکۆ لە سۆڤیەت و ئەڵمان و ئیتالیا و پورتەغاڵدا ئەنجامیان دا.

((کەس ناتوانێت هاوکات لە قووڵایی ڕەنجی پێنج هەزار کەس تێبگات. لەوانەیە ئەتۆ لە ڕەنج و ئازار و قوربانیدان و ئێش و زەحمەت و مەینەتی کەسێک تێبگەیت بەڵام ناتوانی لە ئێش و ئازاری پێنج هەزار کەس تێبگەیت. بۆیە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ سادەکردنەوەی کارەسات، هەر جۆرە هەوڵێک بۆ کورتوکۆکردنەوە و گشتیکردنەوەی کارەسات و هەر جۆرە هەوڵێک بۆ وەکوو بیانوو و بەکەرەستەدانانی کارەسات، بۆخۆی جۆرێکە لە ڕێگەخۆشکردن بۆ وەرگرتنی کارەساتێکی تر.))

هیتلێر کتێبێکی هەیە بە ناو *خەباتی من*؛ لەو کتێبەدا پێی وایە کە مرۆڤەکان سێ دەستەن: ((دەستەیێکیان فەرهەنگسازن و فەرهەنگ بەرهەم دەهێنن، کەواتە ئەمانە دەستەیەکی گوڵبژێرن و شایانی پێشکەوتنن؛ وەکوو ژێرمەنەکان و ئارياييەکان؛ هەر بەم بۆنەوە بوو کە لە ساڵەکانی ١٣١٠ تا ١٣١٥، پێوەندیی ئێرانی سەردەمی ڕەزاخان لەگەڵ هیتلێردا زۆر نزیک بوو. دەستەی دووەم ئەوانەن کە فەرهەنگ بەکار ئەهێنن و ئێستا کارمان بە سەریانەوە نییە بەڵام لەوانەیە لە دواییدا پەیجۆریان ببین. دەستەی سێیەم ئەو دەستەیەن کە فەرهەنگ لە ناو دەبەن و دەبێ بیانکوژین.)) کە ئەو کارەشی کرد. هاوشێوەییەکی

هەواڵنامەی کتێب

وتار

ئاشکرا دەبینرێ لە نێوان ئەم روانینە و ئەوەی کارەساتی هەڵەبجەی خولقاند.

ئەو عەقڵانییەتەی کە دەسەڵاتی سووژەی بەسەر ئۆبژەدا دروست کرد، ئەو عەقڵانییەتەی کە لە سەردەمی مۆدێرندا دەسەڵاتی مرۆڤی بەسەر سروشتدا دروست کرد، ئەو عەقڵانییەتەی کە پیاوی لە ژن جیا کردەوە، رۆژی لە شەو جیا کردەوە، گرینویچی لە رۆژهەڵات جیا کردەوە، رۆژئاوای لە رۆژهەڵات جیاکردەوە، رەشی لە سپی جیا کردەوە، ناوەندی لە پەراوێز جیا کردەوە، ئەو عەقڵانییەتە لە ئاکامدا، مرۆڤیشی لە مرۆڤ جیا کردەوە. کەواتە دەسەڵاتی سووژە بە مل ئۆبژە لە عەقڵانییەتی دیکارتیدا دەبێ بە دەسەڵات و عەقڵانییەتی ئامرازی و دەگۆردرێ بۆ دەسەڵاتی سووژە بەسەر سووژەدا. واتە هاوکێشەی سووژە لەسەر ئۆبژە دەبێتە سووژە لەسەر سووژە؛ واتە عەقڵانییەت دەبێ بە عەقڵئامرازی. ئەوەی کە دەڵێ: ((ئامانج پاساوی هەموو ئامرازێکە.)) واتە ئەمن لە پێناو گەیشتن بە خواست و ئامانجی خۆم دەتوانم تەنانەت خەڵکیش لە ناو بەرم؛ واتە، کارەسات بخولقێنم، کۆمەڵکوژیی و جینۆساید ئەنجام بدرێت.

یەکێک لە جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم کارەساتی هەڵەبجەیە؛ کاتێ ئەم شەڕە کۆتایی هات، تازە بە تازە حکومەتی بەعس دەستیکرد بە ئەنفال؛ بۆ ئاگاداریتان دەبێ بڵێم پێوەندیی بە شەڕی ئێران و عێراقیشەوە نییە، ئایا ئێوە بیرتان لەم بابەتە کردووەتەوە! چەند مانگ، پاش تەواوبوونی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، حکومەتی بەعس دەست دەکاتە جێبەجێکردنی ئەنفال. ئەمە زیاتر پێوەندیی بەو سیستەمەوە هەیە کە کارەسات دەخولقێنێ. ئینجا ئەو سیستەمە بەم شێوەیە کە پاژ دەخاتە پەراوێزەوە؛ سیستەمێکی عەقڵئامرازییە، سیستەمێکی تەواو ئەبسۆلۆتیستییە، سیستەمێکی رەهابینانەیە، تەواو تۆتالیتارییە، تەواو پاوانخوازە؛ وەها سیستەمێکە کە پەراوێزەکان دەسڕێتەوە، نەیارەکان دەسڕێتەوە، هەموو شتێک سادە دەکاتەوە، هەموو شتێک گشتی و کورت- وکۆ دەکاتەوە. ئینجا ئەگەر ئێمەش خودی کارەساتەکە سادە بکەینەوە، خودی کوشت و قڕەکە گشتی بکەینەوە، وەکوو بیانوو بۆ هەندێ خواست و مەرامی تر بەکاری بێنین، بە شێوەیەکی هەستمەندانە وعەقڵانی رووبەڕووی ئەو کارەساتە ببینەوە، دیسان ئێمەش تاوانێکی وەکوو ئەوەی خولقێنەری کارەساتمان ئەنجام داوە. واتە، ئەو دوو سوبژێکتیڤیتییە بە رواڵەت جیاوازە بە تەواوی و لە بنەڕەتدا لە یەک ئەچن.

کەواتە، هەر جۆرە شیعرێک، هەر جۆرە گۆرانییێک، هەر جۆرە باسیک، هەر جۆرە پەیکەرێک، هەر جۆرە فیلمێک، هەر جۆرە بەرهەمێکی هونەری و ئەدەبی، هەر جۆرە باسێکی زانستی، هەر جۆرە باسێکی فەلسەفی، دەربارەی کارەساتی هەڵەبجە بنووسرێت و بە شێوەیەکی سادە نوسرابێت، بە شێوەیەکی گشتی نووسرابێت، بە شێوەیەکی نەریتییانە و دووپاتەوەبوو و سادە و هەستمەندانە نووسرابێت،

هەواڵنامەی کتێب

وتار

خودی ئەو نووسراوەیە، دانەری ئەو بەرهەمە ئەگەرچی لە رواڵەتدا بڵێت ئەمن دژ بە ئەو کارەساتەم، بەڵام بۆ ئاگاداریتان، دانەری ئەو بەرهەمە و سیستەمی خولقێنەری ئەو بەرهەمە رێک وەکوو سیستەمی خولقێنەری کارەساتە و ئەو جۆرە بەرهەم و باس و روانگەگەلە و ئەو شێوە مامڵەکردنانە لەگەڵ کارەساتدا، دیسانەوە رێگە خۆش دەکات بۆ وەرگرتنی کارەساتێکی تر. واتە ئێمەی کورد دێین بە دەستی خۆمان کارێک دەکەین کە دیسانەوە کارەساتێکی دیکە وەکوو هەڵەبجە بەسەرماندا بقەومێت. بەم پێیە دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بە هۆی گرنگینەدان و کەمتەرخەمیی هەموومان لەمەڕ ئەم بابەتە، کارەساتی دیکە قەوما. ئایا پاش هەڵەبجە کارەسات نەخولقا؟ ئایاپاش ئەنفال کارەساتی تر نەخولقا؟ کارەساتی شنگال و ئەوەی بەسەر ئێزدییەکاندا هات و هەر بە هەمان شێوەش ئەوەی بۆ کاکەییەکان رووی دا دوو نموونەی ئاشکرای ئەو کارەساتانەن پاش هەڵەبجە و ئەنفال روویان دا. سادەکردنەوە ئەو کارەساتەی کە لە شنگال رووی دا، ئەو کارەساتانەی کە داعش خولقێنەری بوو، دیسانەوە رێگەخۆشکردنە بۆ وەرگرتنەوەی کارەساتێکی دیکە.

ئێمە هیچ چارەسەرێکی دیکەمان نییە بێجگە لەوەی بە شێوەیەکی رادیکاڵ لەگەڵ کارەساتدا رووبەڕوو ببینەوە و ئەگەر وا نەکەین، کارەساتمان سادە و ساکار کردووەتەوە؛ گشتیمان کردووەتەوە و بە شێوەیەکی هەستەمەندانە و یاخود عەقڵانی لەگەڵ کارەساتدا رووبەڕوو بووینەتەوە کە خۆی لە خۆیدا کارێکی دژەئاکارانە و نامرۆڤانە و نەشازە؛ لەبەر ئەوەی کە دەرەنجام و ئاکامی نەرێنی زۆری لێ دەکەوێتەوە. ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە و ئەم هەوڵانەش دەوری سەرەکییان هەیە لە پێناو پەرەپێدانی زۆرتر بەم پرس و بابەتانە و هیوادارم لە هەموو زانستگاکانی جیهان، نەک بەتەنیا ئێران، یادی ئەم کارەساتە و کارەساتەکانی تر بکرێتەوە و بە شێوەیەکی قووڵ و وردەکارانە و بە تەواوی رادیکاڵانە باسی ئەم جۆرە کارەساتانە بکرێت و خۆمان وا رابێنین کە چیدی بە شێوەیێکی هەستمەندانە و بە شێوەیێکی تەنانەت عەقڵانیی پەتیش چاو لە کارەسات نەکەین. هیوادارم لە دەرفەتێکی تردا بتوانم ئاوڕ لەو جۆرە ئەدەب و هونەرە بدەمەوە کە دەیەوێ کارەسات و لایەنەکان و کاریگەرییەکانی بنوێنێتەوە.

وتار

کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو و ناسنامەی بریکوولاژ

وەرگێڕ: خالید عەلیزادە
ماستەری کۆمەڵناسی

پێشەکی

مرۆڤی ئەمرۆ هەموو مانایەکی بوونناسانە بەپێی مەنتیقی کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو (رەشکەیی) رێک دەخات. هەروەها بەپێی ئەم پێوەر و چوارچێوەیە، قەوارە و چۆنیەتی ناسنامەی مرۆڤ فۆڕم دەگرێ و سەقامگیر دەبێت. کاستێلز پێی‌وایە، سەرهەڵدانی کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو، بەرهەمی رەوتی بەجیهانیبوونە. بە واتایەکی دیکە ناوبراو پێیوایە، کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو بەرهەمی رەوتی بەجیهانیبوونی زانیاری و پەیوەندییە.

دەتوانین بڵێین ئەم دوو هۆکارە، دوو شێوە دەربڕینی جیاوازە سەبارەت بەم دیاردەیە. واتە چ ئەو کاتەی لە رەوتی بەجیهانیبوونی پەیوەندیی و زانیاری دەدوێین یان لە کۆمەڵگای بەتۆڕچنراودا، وەکوو ئەوە وایە لە دوو گۆشەنیگای جیاوازەوە لە دیاردەیەکی یەکسان بڕوانین. لە کۆمەڵگای بەتۆڕچنراودا، هەرکەس و لایەنێک هەروەها کە بۆ خۆی دەتوانێ لە بەرهەمهێنان و نواندنی زانیاریدا دەور و کاریگەری هەبێت، بە هەمانشێوە دەتوانێت لە دەسکەوتی زانیاریی ئەویتر سوودمەند بێت.

بۆ نیشاندانی باشترین نموونە سەبارەت بە کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو، دەکرێ ئاماژە بە چەند کۆمپیوتەری پێکەوە بەستراو بکەین کە لە چرکەساتێکدا دەتوانن زانیارییەکان لەگەڵ یەک ئاڵوگۆڕ بکەن. بە واتایەکی دیکە کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو خاوەنی هەندێ وێستگەی جیاوازە و هەر وێستگەیەک بۆ خۆی لە بەرهەمهێنان و نواندنی زانیاریدا و هەروەها کەڵکوەرگرتن لە زانیاریی ئەوانی تر دەور و کاریگەرییان هەیە. دەستەواژە و چەمکی کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو تەنیا پێناسەیەکی سادە و ساکار نییە، بەڵکوو حیکایەت لە دیاردەیەکی ئاڵۆزی پیشەسازی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و فەلسەفی دەکات.

ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ کاکڵەی پێناسەی کاستێلز، سەبارەت بە کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو، دەتوانین لە رستەیەکی کورتدا هەموو تایبەتمەندییەکانی چاخی زانیاری کۆ بکەینەوە، واتە گووشاندن و چوونەیەکی مەوداکان و گۆڕانی سنوورەکانی جیاوازی. کاستێلز پێی وایە، سەرەتا و دەستپێکی گۆڕانکاریی هەمەلایەنەی سەردەمی ئێمە بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای رەشکەیی دەگەڕێتەوە و لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانەدا، قەوارە و فۆڕمی ناسنامە پێک دێت. چونکە پێی وایە مەنتیقی کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو هەموو بوارەکانی بەرهەمهێنان، ئەزموون و دەسەڵات و... لەگەڵ گۆڕانکاریی بنەڕەتی رووبەڕوو دەکاتەوە.

لە فەرهەنگی ویکی دیکشێنێریدا سەبارەت بە چەمکی بریکوولاژ (رەنگاڵە) هاتووە: ((لە بواری خوێندنەوەی کولتووریدا، بریکوولاژ ئاماژەیە بە رەوتێک کە لەوێدا خەڵک لە رێگەی وەرگرتنی هەندێ سووژە لە

نێوان چینە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکاندا، ناسنامەی نوێی کولتووری دەخولقێنین)).

بۆ یەکەمین جار لە کۆمەڵناسیدا، وشەی بریکوولاژ لە لایەن جۆرج زیمیل–ەوە بەکار هاتووە. لە مانا کۆمەڵناسییەکەیدا بریکوولاژ بریتییە لەو بکەرە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕێگەی هەڵبژاردنی هەندێ سووژە و بابەت لە ئاستی کۆمەڵگای ناوچەیی، ئێتنیکی، نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا، ناسنامەیەکی فرەڕەهەند دروست دەکەن و ناسنامەی ئەوان لە ئاکامی ئەم فرەڕەنگییەدا پێک دێت. هانۆر، مرۆڤناسی فەڕەنسی، پێیوایە ئەو شارانەی خاوەن پاشخانی کۆلۆنیکراون، لەوێدا هەندێ تۆخمی ناوەند و پەراوێز تێک دەئاڵێن، دەتوانین بڵێین شێوازێک لە بریکوولاژی کولتووری دێتە ئاراوە.

تیۆریداڕێژەرانی نوێ سەبارەت بە ناسنامە لەسەر ئەو باوەڕەن، بکەرە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگای هاوچەرخدا، خاوەنی ناسنامەیەکی یەکپارچە لەژێر کاریگەریی فاکتەری کۆمەڵگا، نەتەوە و ئێتنیکی تایبەتدا نین، بەڵکوو وەکوو بریکوولاژەکان پێیانوایە مرۆڤەکان لە کۆی هەڵبژاردنی هەندێ بابەتی جیاواز لە ئاستی ناوچەیی و جیهانیدا، ناسنامەیەکی تێکەڵاو و تایبەت لە کۆی هەموو بژاردەکان دروست دەکەن.

ئەمڕۆ میدیا وەکوو سەرەکیترین هۆکاری پەرەسەندنی چەمکی بەجیهانیبوون، لە دروستکردنی ڕەوتی ناسنامەی تاک و بەکۆمەڵی وڵاتاندا دەور و کاریگەریی هەیە؛ بەڵام ئەم وتەیە بە مانای ئەوە نییە ئەو مۆدێلەی میدیا دەیهەوێ، دەتوانێ ڕێک بەسەر وڵاتاندا بسەپێنێت، بەڵکوو هەر کۆمەڵگایەک بەپێی هەلومەرجی مێژوویی، کولتووریی، سیاسی، ئابووریی، هەڵسوکەوتی بنەماڵە و دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن، دەکەوێتە ژێر کاریگەری ڕەوتی بەجیهانیبوونەوە و ناسنامەی تاک و بەکۆمەڵی ئەم وڵاتانە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت. بە بۆچوونی بیرمەندێکی پۆستمودێرن وەکوو فیسرستۆن، لە ڕەوتی بەجیهانیبووندا کولتوورەکان بەرەو ڕەوتی ناهاوشێوەیی و فرەڕەهەندیی دەڕۆن. ئەگەرچی لە سەردەمی مودێرندا ئێمە ڕادەیەکی زۆر لە سەقامگیریی و نەگۆڕانی کولتووریی دەبینین، بەڵام لە هەلومەرجی کۆمەڵگای پۆستمودێرندا، ڕادەیەکی زۆر لە دووتۆمە (دوو ڕەگە) بوونی نێونەتەوەیی و جیهانی دەبیندرێت. لە وەها بارودۆخێکدا بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوو، ناسنامەی کۆمەڵایەتی بگۆڕتر دەبێت و مرۆڤەکان لە ڕەوتی تاقیکاریی و هەڵەدا، نە لە ڕێگەی قەبووڵکردنی میراتی باووباپیرانەوە، ناسنامەیەکی چلتوێ دروست دەکەن. تاقمێکی زۆر لە بیرمەندانی پۆستمودێرن لە ڕەوتی بەجیهانیبوونی کولتوور وەکوو هێزێکی ڕزگاریدەر کە هاوشێوەیی و وێکچوونی سەردەمی مودێرن تێکدەشکێنێت، پێشوازیی دەکەن (فیتز پاتریک، ٢٠٠١). کەوابوو بەپێی ئەم ڕوانگە و بۆچوونە، ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی کولتوورێکی یەکپارچەی جیهانی نابین، بەڵکوو هەموو کولتوورەکان دەتوانن لە گۆڕەپانی جیهاندا خۆیان نیشان بدەن. هەڵبەت دەبێ ئەوەمان لەبیر بێت، پرۆسەی بەجیهانیبوون و کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو تاکوو ئەم چرکەساتەش هەندێ دەرکەوتەی نەرێنی لەگەڵ خۆی هێناوە کە زۆرجار لەژێر ناوی قەیرانی ناسنامەدا باس دەکرێت. لە ئاکامی ئەم ڕەوتەدا، یەکپارچەیی ناسنامەی تاک لەنێو دەچێت و هەندێ جار بەشێک لە ناسنامەی تاک لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا دەکەوێتە ڕووبەڕووبوونەوە و ناکۆکییەوە. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە، ناسنامەی تاک لە بەستێنی کولتووردا سەرهەڵئەدات و مرۆڤی کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو لە کولتوورێکی هێماییدا گەشە و پەرەی سەندووە کە توخمەکانی لەگەڵ یەک کۆک و تەبا نین. بە بۆچوونی ئێریکسۆن کاتێ ڕەوتی دیاریکردنی ناسنامە تووشی کێشە و گرفت دەبێتەوە، تاکەکان و بە تایبەت گەنجان جۆرێک لە سەرلێشێوان، شڵەژان و تێکچوونی ئەرک و بەگشتی ڕووبەڕووی شڵەژانی ناسنامە دەبنەوە و لە ئاکامدا تووشی ئازار دەبن. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەدا، تاکەکان هەست بە گۆشەگیریی، بێناوەرۆکی، ترس و دڵەڕاوکێ دەکەن و پێیانوایە دەبێت بڕیاری گرینگ بدەن، بەڵام توانای جێبەجێکردنی ئەو کارەیان نییە؛ پێیانوایە کۆمەڵگا زەخت و گوشار دەخاتە سەریان بۆ بڕیاردان، بەڵام توانای بڕیاردانیان نییە. ئێمە ڕۆژانە لەگەڵ چەندین پرسیاری لەم بابەتە ڕووبەڕوو دەبینەوە؛

ئێمە وەکوو مرۆڤی کۆمەڵگای بەتۆڕچنراو، ڕۆژانە هەست بەم ناکۆکی و ململانێیە دەکەین.

لە لایەکی دیکەوە باربر لە کتێبی *مەک ورلد لە دژی جیهاد*-دا لە هاوکاتیی دوو ڕەوتی دژ بە یەک لە جیهانی ئەمڕۆدا قسە دەکات. بەپێی نووسراوەکانی ناوبراو، لە لایەکەوە ئێمە شاهیدی سەرهەڵدانی بازاڕێکی ئابووریی خوازیاری گەشە، هاوشێوەکردن و تێکەڵکردنی کولتووره ناوچەییەکان لەژێر کاریگەریی شەریکە چەندنەتەوەییەکاندایین (مەک ورلد)، لە لایەکی دیکەوە شاهیدی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ناوچەباوەڕیی و خستنە بەرباسی سیاسەتی ناسنامەیی لە فۆرم و شێوازی ئایینیی، ئیتنیکیی، نەتەوەیی و ڕەگەزیداین (جیهاد). بە بۆچوونی باربر ئەم ڕەوتە هەموو جۆرەکانی دژایەتیی بناژۆخوازانە لەگەڵ مودێرنیتە لەخۆ دەگرێت و لە فۆرمی ئیسلام، پرۆتستانیزم، کاتۆلیزم، هیندوئیزم، کۆنفوسیووسیزم و سەهیۆنیزمدا ڕەنگ دەداتەوە (باربر، ١٩٩٦: ٢٠٥). باربر لە درێژەدا پێیوایە، ژینگەی کولتووریی جیهانی ئەمڕۆ لە هەندێ توخمی جۆراوجۆری هەڵکەوتەپەسن و گشتپەسن، گشتی و تایبەت، ئاشنا و نامۆ، تاکەکەسی و گشتی و... پێکهاتووە (لال: ١٩٩٥).

لە ئاکامدا وادیارە، مەنتیقی جیهانی بەتۆڕچنراو هەموو سنوورەکانی جیهانی ئەمڕۆی بەزاندووە و ناسنامەی بەرهەمهاتوو لە ئاکامی ئەم ڕەوتەدا، نە جیهانی پەتی و نە ناوچەی پەتییە، بەڵکوو تێکەڵاوێکی نوێیە لە ناسنامەی جیهانی و ناوچەیی. ناسنامەی کۆمەڵایەتی بەرهەمهاتوو لەم هەلومەرجەدا، ئەگەرچی دووره لە کاریگەریی ئایین، جەندەر و نەتەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا لەژێر کاریگەری ئەم فاکتەرانەدایە و بەرەو دۆخی لێکنزیکبوونەوەی کات و شوێن دەڕوات. ئەم چەمکە شتێک نییە بێجگە لە چکۆلەبوونەوەی کات و فەزا، چەمکێک کە هەم پاڵنەر و هەم بەرهەمی ڕەوتی بەجیهانیبوونە.

سەرچاوەکان:

1. کاستلز، مانوئل. *عصر اطلاعات*. ترجمەی حسن چاوشیان. تهران: طرح نو، ١٣٨٠.

٢. لون، یوست ون. *تکنولوژی رسانەای از منظر انتقادی*. ترجمەی بیژن عبدالکریمی. (ویراستار علمی) احمد علیقلیان تهران: انتشارات همشهری، ١٣٨٨.

سەرچاوەی ئینتێرنێتیی ئەم وتارە:

http://www.torghabehonline.com/news/show-detail, asp?id=219

http://www.cyber-amini.blogfa.com/post/6

هەواڵنامەی کتێب

لێکدانەوەی زمان، لە روانگەی تیۆریکەوە

(هەڤپەیڤین لەگەڵ د. رەحمان وەیسی_دا)

ئا: ئاوزین

ئاوزین: وێرای سڵاو و رێز، سەرەتا دەستخۆشی لە جەنابتان دەکەین کە سەرەرای کار و سەرقاڵیی زۆر، کاتتان دانا و ئامادە بوون تا لەم دەرفەتەدا خوێندنەوە و ئەزموون و تێبینییەکانی خۆتان بخەنە بەر دەستی ئێمە و خوێنەران.

د. وەیسی: دامەزرانی دیپارتمانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی نەتەنیا دەرفەتێکە بۆ کەسانێک کە هۆگری زمان و ئەدەبی کوردین، بەڵکوو دەرفەت و بەشارەتێکە بۆ ئەوانەی هۆگری ئێرانناسین. چونکوو لە بنەمادا گەر بتەوێت زمانی فارسی، ئەدەبیاتی فارسی، ئەدەبیاتی بەلووچی یان زمانەکانی دیکەی ئێران بناسیت، دەبێت لە پەنایانەوە زمانی کوردیش بناسیت. چونکوو ئێمە دەزانین کە پێوەندییێکی زۆر قووڵ و مێژوویی لە نێوان زمان و ئەدەبیاتی کوردی و فارسیدا هەیە و هەموویان دەبنە ژێربەشی ئێران ناسی. کەوایە دامەزرانی ئەم دێپارتمانە نەک تەنیا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زمانی کوردی بەڵکوو دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئێرانناسی و هەروەها پێشکەوتنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی؛ دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانە ئێرانییەکانی دیکەش بناسین چونکوو هەموو ئەمانە وەکوو یەک بنەماڵەن و دەگەرێنەوە بۆ یەک زمان و یەک مێژوو و یەک خاڵی دەسپێک. کەوایە دامەزرانی ئەم بەشە بەشارەتێکە بۆ تەواوی ئێرانییەکان، نەک تەنیا ئەوانەی کە هۆگری زمانی کوردین؛ بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە هۆگری ئێرانناسی و مێژووی ئێرانن.

ئەم ئەنجومەنەی ئێوەش دەتوانێت لەو بوارەدا زۆر کاری بەرچاو بکات؛ بۆ نموونە هەوڵ بدات پردێک بێت لە نێوان دێپارتمانی ئەدەبیاتی کوردی و خوێندکارانی دێپارتمانەکانی دیکە؛ واتە بە وتار و گۆڤار و چالاکییەکانتان هەوڵ بدەن پەیوەندیی بخەنە نێوان زمان و وێژەی کوردی و زمان و وێژەی فارسی و زمان و فەرهەنگی ئێرانی باستان و بە خوێندکارانی دێپارتمانەکانی دیکەی بناسێنن کە بتوانن لە ڕێگەی ئێوەوە لەگەڵ ڕێنووس و کتێبی کوردی ئاشنا ببنەوە و ئەو کارانەی لەم دێپارتمانەدا دێتە ئەنجام لە نێو خوێندکاران و کەش و هەوای زانستگاکاندا بڵاوی بکەنەوە تا ئەم کار و بەرهەمانە بتوانن لە زەین و نەستی خەڵکدا جێگە خۆش بکەن. بە ڕای من ئەمە کاری سەرەکیی ئێوەیە و ئەم هەوڵەی ئێوە بۆ دەرکردنی گۆڤار، کارێکی پیرۆزە و دەبێ درێژەی پێ بدەن تا ئەو زیندوویی و ڕۆحییەتی شادی و شەوق-وزەوقە لە دێپارتمانی کوردیدا هەر بمێنێتەوە و بە شێوەیەکی چالاکانە و کاریگەر لەگەڵ دێپارتمانەکانی دیکەدا پێوەندیتان هەبێت.

((دامەزرانی ئەم دێپارتمانە نەک تەنیا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی زمانی کوردی بەڵکوو دەبێتە هۆی پێشکەوتنی ئێراناسی و هەروەها پێش کەوتنی زمان و ئەدەبیاتی فارسی؛ دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانە ئێرانیەکانی دیکەش بناسین چونکوو هەموو ئەمانە وەکوو یەک بنەماڵەن و دەگەڕێنەوە بۆ یەک زمان و یەک مێژوو و یەک خاڵی دەسپێک.))

ئاوزین: سەرەتا باسمان بۆ بکەن کە کام لە زاراوە کوردییەکان زۆرتر کەوتووەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە؟

د. وەیسی: ئەوە پرسیارێکی گرینگە، لە وەڵامدا دەبێت مێژووی کوردناسیی لەبەر چاو بگرین کە سەرەتا پسپۆرانی ڕۆژئاوایی هاتن و لەسەر زمانی کوردی کاریان کرد؛ بەڵام ئەگەر چاو لە کەسێک وەکوو مەکێنزی بکەین، هاتووە هەم زاراوەی هەورامی هەم زاراوەی سۆرانیی لەبەر چاو گرتووە؛ هەروەها پسپۆرانی ڕۆژئاوایی دیکەش دەبینین کە سەرنجیان بە زاراوەی کورمانجی داوە. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە نێو خودی کورداندا لەبەر ئەوەی کە زمانی ئەدەب، زاراوەی سۆرانییە، نووسینی ڕێزمان و لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان زیاتر لە سەر زمانی سۆرانی بووە. کەسایێک وەکوو جەماڵ نەبز هەرچەند گۆشە نیگایێکیان بۆ سەر کورمانجی و هەورامی بووە، بەڵام کاتێک کتێبێکیان لەسەر ڕێزمانی کوردی نووسیوە، زۆرتر زاراوەی سۆرانیان لە بەرچاو گرتووە تا زاراوەکانی دیکە؛ ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ فاکتۆری ڕێژەی جەماوەر و هەروەتر لەبەر فاکتۆری ئەدەبیاتە. بەختەوەرانە ئەمرۆکە بە دامەزرانی دێپارتمانی زمانناسیی لە زانستگای کوردستاندا، هەروەتر بە دامەزرانی دێپارتمانی ئەدەبی کوردی، ئاوڕ دەدرێتەوە لە هەموو زاراوەکان. واتە زاراوەی کەلهوری، هەورامی، کورمانجی و سۆرانی بە گشتی هەموویان پێکەوە لە بەرچاو دەگرین و هیچ جیاوازییێک لە نێوانیاندا دانانین و هەوڵ دەدەین لە پەنای یەکەوە ریزیان بکەین. بەڵام بەگشتی ڕەنگە بتوانین بڵێین کتێب لە سەر سۆرانی زیاتر هەیە تا هەورامی یان کورمانجی؛ ئەگەرچی لە زاراوەکانی دیکەشدا کتێب هەیە بەڵام زۆرتر بە سۆرانی نووسراوە.

دیمانە

ئاوزین: ئایا زانستی زمانەوانی خۆماڵی بووەتەوە یان نا؟

د. وەیسی: بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت دوو ئاقار لە یەک جیا بکەینەوە؛ یەکەم زمانەوانیی مۆدێرنە کە زمانەوانانی ئێستا لەو چوارچێوەدا کار دەکەن؛ دووهەم، زمانەوانیی نەریتییە. لەزمانەوانیی نەریتیدا، ئێمە لەوە ئاگادارین کە زماناسە کوردەکان هاتن بەپێی ڕێزمانی عەرەبی و نەحوی عەرەبی، زمانی کوردییان تاوتوێ کرد. ئێستا لە سەردەمی مۆدێرندا ئێمە هەر تووشی ئەو قەیرانەین بەڵام بە شێوەیێکی دیکە؛ زمانەوانانی ئێمە دێن بۆچوونە ڕۆژئاواییەکان وەکوو پێوەر لە بەرچاو دەگرن و بەسەر زمانی کوردیدا دایدەسەپێنن. ئەمن پێم وایە بەداخەوە زمانەوانی نە لە ئێستا و نە لە رابردووشدا خۆماڵی نەبووەتەوە؛ چونکوو زۆرتر لەوەی هەوڵمان بۆ ناسینی زمانی کوردی دابێت، سەرنجمان بە تیۆریی و باسە تیۆریکەکان لەسەر زمانی کوردی داوە. ئەگەرچی هەندێک کەس کاری باشیان کردووە و ئەمە حاشاهەڵنەگرە بەڵام بەگشتی ڕەوتەکە نییە لەو ئاراستەیەدا کە بتوانین بڵێین ئەوڕۆکە ئێمە زمانەوانییێکی کوردیی خۆماڵیمان هەیە؛ ئەوەش بەو مانایە نییە کە هیوادار نەبین... لەبەر ئەوەی ئێستا مامۆستاکان و خوێندکارەکان ئاگاداری ئەو بابەتەن کە لەو ئاراستەیەدا بجووڵێنەوە و بتوانن زمانەوانی لە دڵی زمانی کوردییەوە دەربێنین نەک ئەوەی کە تیۆرییەکان و ئۆلگووەکان بەسەر زمانی کوردیدا داسەپێنن.

ئاوزین: روانگەتان لەسەر دوو زاراوەی هەورامی و سۆرانی لە باری لێکچوویی و جیاوازییەکانیانەوە چییە؟

د. وەیسی: ئەوەی کە روونە، ئەوەیە کە هەورامی و سۆرانی هەردووکیان ژێربەشی زمانی کوردین؛ چونکوو ئێمە بنەماڵەی زاراوە کوردییەکانمان هەیە بۆ کورمانجی و هەورامی و سۆرانی. لە راستیدا گرامێری سۆرانی و هەورامی یەکجار زۆر لەیەک نزیکن و جیاوازییان زۆرتر لە وشەدایە؛ هەر دوو زاراوەکان ئێرگەتیڤن؛ پێکهاتەی ئیزافەیان، تەنانەت پێکهاتەی خاوەندارییان یەکێکە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە. بە گشتی لە پێکهاتە ڕێزمانییەکەیان و لە باری ڕێزمانییەوە پێکەوە نزیکن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە زاراوەی هەورامی زاراوەیێکی پارێزکارە و کەمتر گۆڕانی بەخۆیەوە دیوە بەڵام هەمووی ئەوانە واتە سۆرانی، هەورامی، کەلهوڕی و کورمانجی دەگەڕێنەوە بۆ زمانی ئێرانی کەونارا کە بۆ هەخامەنێشییەکان و زمانی کۆنی ئێرانی پێش ئیسلام دەگەڕێتەوە و ڕەگ و ریشەیان لەو زمانە گرتووە کە پێی دەڵێن زمانی ئێرانی باستان.

((ئەمن پێم وایە بەداخەوە زمانەوانی نە لە ئێستا و نە لە رابردووشدا خۆماڵی نەبووەتەوە؛ چونکوو زۆرتر لەوەی هەوڵمان بۆ ناسینی زمانی کوردی دابێت، سەرنجمان بە تیۆریی و باسە تیۆریکەکان لەسەر زمانی کوردی داوە.))

ئاوزین: کێشەی پۆلێنبەندیی زمانی کوردی چییە؟ مەبەستمان پۆلێنبەندیی زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردییە.

د. وەیسی: هەر ئەو جۆرەی کە دەزانین زمانی کوردی زاراوەگەلێکی جیاوازی هەیە؛ ئەم زاراوەگەلە پێدەچێ جیاوازییان لە گۆکردندا و جارجار لە ریزمان و بەتایبەت لە وشەدا هەبێت؛ بەڵام کێشەی سەرەکی لە گۆکردندایە. یەکێکی دیکە لە جیاوازیەکانی زاراوەکان،

کەڵکوەرگرتن لە سیستمگەلی نووسینی جیاوازە؛ بۆ نموونە بەشێکیان بە فۆنتی عەرەبی ئارامی و هەندێکیان بە لاتین دەنووسن؛ ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی کە ئێمە سیستمێکی یەکانگیری گۆکردن و نووسینمان نەبێت؛ ئەمە کێشەیێکە کە تەنیا بە پۆلێنبەندیی زمانەوانیی چارەسەر دەبێت. دەبێت رۆشنبیران کۆ ببنەوە و گلالەیێکی یەکانگیری بۆ دابرێژن؛ بۆ ئەوەی کە ئێمە بتوانین بۆ زمانی ستاندارد و یەکگرتوو، شێوە گۆکردنێکی یەکسان دابنێین و هەروەها نووسینی یەکسانمان هەبێت، پێویستی بە هاوبیریی و هاودڵیی سەرجەم رۆشنبیران هەیە. چارەسەر کردنی کێشەی رێنووس و گۆکردن بە روحێکی بەکۆ دێتە دی، نەک بەوەی کە کەسێک خۆی بە تەوەر لە بەرچاو بگرێت و بڵێت هەموو کەس دەبێت لە زاراوەی من پێڕەوی بکات؛ بەڵکوو ئێمە دەبێت تەواوی زاراوەکان لە پێش چاو بگرین؛ دەبێت بە تێکڕای هەموو ئەوانەوە گەڵالەیێک دابرێژین. بۆ نموونە کەسێک وەکوو جەماڵ نەبز ئەرکی زۆری کێشاوە لەو بوارەدا و هاتووە لە نێوان زاراوەی کورمانجی و سۆرانی، شتێکی یەکانگیری دروست کردووە؛ ئەگەرچی ئێمە پێویستییێکی بەربڵاوترمان لەو شتە هەیە، بەڵام دەتوانین ئەم هەوڵە وەکوو هەنگاوی یەکەم لەو بووارەدا لە بەرچاو بگرین کە کارێکی گرینگ و پڕبایەخی کردووە.

ئاوزین: پرسیارێکی تر کە دێتە ئاراوە، ئەمەیە کە ئایا پێویستییێک هەیە کە ئێمە هەموو دەنگێک بێنینە نێو ئەلفوبێی زمانی کوردییەوە؟ ئایا پێویستە هەموو جۆرە گۆکردنێک بێنینە نێو زمانی یەکگرتووەوە؟

د. وەیسی: ئەمە کێشەیە؛ ئەمە شتێک نییە کە ئەمن بڕیاری لەسەر بدەم. بەڵکوو هەر بەو چەشنەی کە پێشتر باسم کرد، دەبێ بە عەقڵی بەکۆ بڕیاری لەسەر بدەین؛ نەک بە عەقڵێکی تاکی و بە شێوەیەکی خۆتەوەرانە و سەلیقەیی. زۆر دەنگ هەیە کە لە زماننانسیدا پێی دەڵێن ناوچەنیشاندەر (regional marker)؛ واتە ئەو دەنگە دەوری لە فنۆتیک و فینۆلۆجیدا نییە و ئەرکێک لە زماندا ناگێڕێت؛ بەڵکوو تەنیا کاتێک کە ئەتۆ ئەو دەنگە بەکار دێنیت، دەڵێن ئەو کەسە خەڵکی مەریوانە یان ئەم کابرایە خەڵکی دیواندەرەیە. بە بڕوای من پێویست نییە ئەو چەشنە دەنگانە بێنینە نێو ئەلفوبێوە. ئەگەر بە سینگی بەرفراوان و بە عەقڵی بەکۆ و بە بنەمایەکی زانستییانەوە ئەم پرسیارە بورووژێنین کە ئایا پێویستە فڵانە دەنگ بێنینە نێو ئەلفوبێوە، دەبێ لە وەڵامدا بڵێین ئەگەر دەوری واتایی هەبێت، واتە ببێتە هۆی گۆڕینی واتا، ئەو کاتە پێویستە بێتە نێو زمانی یەکگرتووەوە و بڕیاردان لەم بواردا پێویستی بە شیکاریی و لێکۆڵینەوەی زانستییانە هەیە.

ئاوزین: دیسانەوە دەسخۆشی لە جەنابتان دەکەین کە بە دڵێکی ئاوەڵاوە ئەم دەرفەتەتان بە ئێمە بەخشی و لەم ماوە کورتەدا بە سەرنج و وردبوونەوەی تایبەتەوە وەڵامی ئەو پرسیارانەتان داوە و بەو باس و بابەتی جۆراوجۆر و پسپۆڕانەوە رێگاتان لە بەردەم خوێندکاران و توێژەران و بە گشتی هۆگرانی زمان و ئەدەب کردەوە بۆ کار و داهێنانی زۆرتر. هیوادارم لە داهاتووشدا بە هاوکاریی ئێوە و مامۆستایانی دیکە بتوانین لایەنەکانی دیکەی زمان و وێژەی کوردی بخەینە بەر باس و هەڵسەنگاندن.

د. وەیسی: سپاس بۆ ئێوەش، سەرکەوتوو بن.

خەونێکی پەرێشان

شلێر ڕەحمانی

هەموو جێگایەک بێدەنگ بوو، وەکوو قەبر تاریک و سامناک. ڕۆشناییەک لە درزی دەرگاکەوە بە سەختی خۆی دەخستە ماڵەوە؛ بۆ ئەو شوێنە کە من لەوێ دانیشتبووم. باش لە بیرم نییە خەریکی چ کارێک بووم؛ کاتێ کە سەرم هەڵبڕی، چاوم بە مێشێک کەوت کە لە دەوروبەری هاوسەرەکەم ئەخولایەوە؛ چوومە بەرەو ئەو هەروەها دانیشتبوو و مەجومعەیەک پڕ لە گۆشت لە بەردەمیەوە بوو و بە چەقۆیەکی گەورە خەریک بوو گۆشتەکانی ئەجنی. بینیم کە مێشەکە چووە نێو گوێی، سەرم بردە نزیکەوە، ئەو هەروا خەریک بوو، بێ ئەمەی کە دەستی لێ بکاتەوە و تماشای من بکات. ئەتگوت لەم دنیایەدا نییە و هەبوونی من هەست ناکات. لە نزیکەوە کە سەیرم کرد، دوو سێ شت ڕەش وەکوو خاڵی پێوە بوو و دەنگی مێش لە مێشکیەوە دەهات. لە دوای چەند چرکە، خاڵە ڕەشەکان وردە وردە گەورە بوون و بوون بە مێش! بە حەپساوییەوە ڕاچڵەکیم، دەستم کرد بە هاوار و دا، ئەوەندە هاوارم کرد کە هەستم کرد گەرووم وەکوو فوودانێک بای کردووە. پێم کوتی ئەوە بۆ تەکانێک نادەی لە خۆت، بڕوانە مێش ماڵەکەمانی هەڵگرتووە، دا هەستە بزانە لە کوێوە هاتوونە. بە هێمنی سەری بەرز کردەوە و بە چاوانی کە وەکوو چاوی هەڵۆ وشک و سامناک بوو، تماشامی کرد؛ منیش هەر بەو جۆرەی کە دڵم توندتوند لێی ئەدا و لە عارەقەی ساردا خووسابووم، لە بان سەریەوە وێستابووم. لەپڕ هەستا، چەقۆوەکە هەر بەدەستیەوە بوو. دوو هەنگاو هاتە پێشەوە، منیش دوو هەنگاو چوومە دواوەوە؛ هەستم کرد تەلیسم کراوە، بێ ئەوەی کە بزانم دڵە خورپەیەک کەوتە نێو دڵم. ئەنجا سەری بە دەوروبەردا گەڕاند و سەیری ژوورەکەی کرد.

وتی ئەمانە چییە؟ لە کوێوە هاتوون؟ مێش وەکوو ڕەشەباران لە ئاسمان ئەباری. وتم زووبکە ئەو دەلاقە بکەرەوە تاکوو بڕۆنە دەرەوە. بەهەڵەداوێن چوو، پەردە سوورەکەی لادا. تیشکێک تیژ و تەماوی خزایە نێو دیوەکە. ئەتگوت تیشکی خۆر نەبوو تەمومژ بوو. کە دەرگای کردەوە لە ناکاو لە جیاتی ئەوەی کە مێشەکان بڕۆنە دەرەوە، قەلێک لە دەرەوە هەڵ فڕی و کەوتە بەر پێمان؛ دانەوی و سەیری قەلەکەی کرد؛ بریندار بوو. زکی ئاوسابوو، لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە دووگیان بێ؛ ئەنجا پەشۆکام و هاتم بە خۆمدا؛ وتم عەقڵت گۆڕاوە!؟ قەل دووگیان نابێ، هێلکە دەکا. ئەمە چ خەیاڵێکە؟ هاوسەرەکەم دەم و دەست قەلەکەی هەڵگرت و پێیدا ڕوانی و وتی ئەم هەژارە دووگیانە.

چیرۆک

نزیک بوو لەم قسەی سەیرو سەمەرە شاخم دەر بهاوردایە. نازانم بۆ ئەویش وای وت! وتم بیفرێنە بەشکوو باڵ بکاتەوە و بڕوات. تۆزێک سەیری کرد. چاوم لە زگ قەلەکەوە بوو کە بان و خواری ئەکرد. بڕیاری دا بیفڕێنێت؛ بە پەلە خستیە هەواوەوە. کە باڵی ئاوەڵا کرد، خوێن وەکوو باران ڕژا بە سەرماندا. مێشەکان هەر لە ژوورەکە گڤەیان دەهات و ئێمەیش خوێن لە سەر و چاومان دەتکا. کە ڕاچڵەکام کازیوە بوو، ماڵ نیوەتاریک بوو؛ وەکوو هەمیشە دەلاقەکەمان شەققەی دەهات. چووم ئاوێک بدەمە رووومەتمەوە، ئاو لە من ساردتر بوو. لە مێشکمدا هەر بیرم لەو خەونە ئاڵۆزە دەکردەوە. لەو چەشنە خەونانە بوو کە تا چەن ڕۆژ حاڵمی خراپ دەکرد. وتم بڕۆم و تەلەفوون بکەم بۆ هاوسەرەکەم کە سەدەقەیەک بدات؛ بەڵام پەشیمان بوومەوە. ئەمن خۆ بەم شتانە باوڕم نەبوو؛ ئەسڵەن بە هیچ شتێک باوڕم نەبوو. پێم وایە ئاسانتر و باشتر ئەوەیە کە بیر نەکەمەوە لەوەی کە دەسەڵاتێک لە ئاسماندا هەیە و لە چارەنووسی مرۆڤەکاندا ڕۆڵی هەیە؛ چونکە بەو جۆرە ئیدی کەسێکم بە بەرپرسی ڕووداوە ئاڵۆزەکانی خۆم نەدەزانی.

لە مێشکمدا نەدەگونجا کە بۆچی هێندێک لە مرۆڤەکان لە سەرەتای ژیانەوە بەختەوەرن و بە ئاسایی ئەژین و هێندێک تر هەر لە سەردەمی منالییاندا هەتاکوو ئەمرن بە کۆسپ و کلۆڵی ئەژین. بۆچی ئەمان چ تاوانێکیان هەیە؟ بەم باوڕە گەیشتووم کە ئەمانە هەمووی دەستی سروشت و ڕۆژگارە کە لە ژیان و چارەنووسماندا کاریگەرە؛ وەکوو ئەوەی کە با، دوو دەنکە تووی گژوگیا لەگەڵ خۆیدا ببات؛ یەکێکیان لە تەنیشت کانیدا داکەوێ و سەوز بێ، ئەوی تریان لە دڵی بیاوان. ئەمە شتێک سرووشتییە و کەس لەم بارودۆخەدا تاوانبار نییە. یان ئەو باوڕەی کە ئەڵێن خودا تاقیمان دەکاتەوە. بۆم زۆر سەیرە بۆچی خودا بەختەوەرەکان تاقی ناکاتەوە؟ یان مەگەر ناڵێن خودا لە هەموو شتێک ئاگادارە!؟ دەسا تاقیکردنەوە ئیدی چ مانایەکی هەیە؟ سەرم ڕاشەکاند و چەن جار چاوم نووقاند و کردمەوە، کە ئەم خەیاڵە بێسوودە لە مێشکمدا نەمێنێ. چونکوو بیرێکی بێسەرنجام بوو.

چوومە نێو چێشتخانەکەوە؛ دەبێ نانی نیوەڕۆ لە کاتی خۆیدا ئامادە بێ، چون ئەگەر ئەو تورکەسەرە بێتەوە و نانەکە ئامادە نەبێ دیسان توورە ئەبێ. ئیدی ژن وایە، کۆمەڵگا وای لێکردووە فرمانبەر و ژێر؛ نابێ هەڵە بکات. چونکە پیاو دەسەڵاتی هەیە، زۆری هەیە و سام. ژن چی! تەنانەت ژنێک کە کەس‌وکارێکی نەبێ، دەبێ زۆر وریای خۆی بێ. لە چاوترووکانێکدا کات بە سەر چوو. هاوسەرەکەم هاتەوە، دەنگی کلیلەکەی وەکوو دەنگی زنجیری زیندان لە مێشکمدا دووپات دەبووەوە و دڵم کەوتە ختووورە؛ هەر کات دەهاتەوە وام لێ دەهات. هاتە نێو ژوورەکە و کۆتەکەی خستە سووچی هۆڵەکە. بۆنی ژەهری جگەرە ماڵەکەی پڕ کرد، هاتە لای من و بە دوو دەستی کە وەکوو دار وشک و ڕەق بوو، باڵمی گرت و چاوی بڕیە نێو چاوم. چاوانی وەکوو گەلە گای کێوی بوون کە سڵیان کردبێ و بیانەوێ هێرش بکەن. سوور وەکوو ئەو شەراوانە کە دەیخوارد و مەستی دەکرد و شێت دەبوو. بە پێچەوانەی ئەو، من ڕەنگ بە ڕوخسارمەوە نەمابوو؛ سپی و لاواز وەکوو یاسە ناسکەکەی تەنیشت دیواری حەوشەکە. دەستمی زیاتر گووشی. ئێشم لە هەموو جەستەمەوە هەست دەکرد، بە توندی شەکاندمییەوە و پرسی دوێنێ لە کوێ بووی؟ ئەڵێن لە ئۆتۆمبێلی کەسێکدا تۆیان دیوە. من هەروەها پێیدا ئەمڕوانی.

ئەوکاتە هیچ بیرێک لە مێشکمدا نەبوو تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ بۆنی جگەرە خراپتر و تیژترە یان بۆنی پیازداغ، ئەو کاتە کە دووگیان بووم. لە نێو دەستیەوە وەکوو درەختێک لە هەمبەری با ئەشنیامەوە. دووبارە بە دەنگێکی بەرزتر وتی، دوێکە لە کوێ بووی؟ کە بە خۆدا هاتمەوە، ئەنجا پرسیم، دوێنێ؟ بۆخۆت دەزانی ئەمن دوێنێ هەر لە ماڵدا بووم. بۆ هیچ کوێ نەڕۆیشتم. نا، وتوویانە لە ئۆتۆمبێلێکی نەناس دابەزیوی. کێ؟ بێگومان هەڵەیان کردووە چۆن شتی وا دەبێ من هەر لە ماڵدا بووم. لە پڕ قامچییێک تەژی لە نەفرەت لە سەر گۆنام ئاگری کردەوە، وەکوو هەورە تریشقەیک؛ ئەنجا خۆمم لە نێو هۆڵەکەدا بینیەوە.

دەستئاخر گەلەگاکە لە قەفەسەکەیان رایان کرد و منیان خستە ژێر پێ و لەقە. ویستم کە رابکەم بەڵام مخابن نەمدەتوانی. ئەو پیاوێک تێکسمراو بوو و دەست و مەچەکی زۆر بەهێز بوو. پێم وا بوو کە ئەیەوێ لەگەڵمدا زۆرانبازیی بکات. هەر تەکنیکێکی دەزانی بەکاری دەهێنا. لەو بۆشاییەدا کەوتمە بیر ئەو رۆژە کە لە بازاڕدا لە گەڵ پیاوێک بوو بە شەڕی. بەڕاستی ئەگەر ئەوەندە بەهێز بوو بۆ نەیدەتوانی لە بەرامبەری ئەودا خۆڕاگری بکات؟ نا ئەوەی کە لاواز بوو من بووم. تەنانەت نەمدەتوانی هاوار بکەم. پێی وا بوو قاڵییەکە دۆشەکی زۆرخانەیە و پەراوێزە سوورەکەی قاڵی هێڵی دەوری دۆشەکەکەیە. هەر کات کە لە هێڵەکە دەکەوتمە دەرەوە هەدیسان دەیخستمەوە نێوانەوە. بەداخەوە تەکنیکەکانی کوشتی نەدەزانی. مەگەر سێ جار دەست کوتاندن بە زەویدا بە مانای شکەست نەبوو؛ ئەی بۆ ئەم تێنەدەگەیشت!؟ وایە کوشتی نەدەزانی؛ بریا لە جیاتی ئەو هەموو هەواڵ و فیلمی ئەکشنە هێندێک تەماشای کێبەرکێی کوشتی دەکرد. لە کۆتایی کێبەرکێیەکەدا دوو دەستی وەکوو مەدالیای قارەمانی خستە گەردەنم. بەڵام زۆر تەنگ بوو ملمی دەگووشی. هەناسەم جریوەی ئەکرد، وەکوو ئەو ئەستێرەیە کە لە شەوانی تەنیاییدا بۆ خۆمم دیاری کردبوو. هەستم کرد مێشکم بای کردووە و لە شەوقی ئەو قارەمانییە، فرمێسک لە چاوم بەر بووەوە. هەر ئەوەی کە دەرفەتم کرد، هاوارم کرد یاریم بدەن! کوڕەکەم لە کۆڵاندا خەریکی تۆپان بوو، خۆزیا ئەو لە ماڵەوە بوایا! ئەمە ئاخری بێچارەییە کە ژنێک بە تەمای یارمەتی منداڵەکەی بێت. کە هاوارم کرد هاتە خۆیەوە و دەستبەردارم بوو. وتی تا من ئەچم هەژیر دێنمە سەرەوە تۆیش خۆت کۆ بکەرەوە با هەژیر ببەین بۆ ماڵی دایکم. حەز ناکەم چاوی لە مردنی دایکی بێت. هەستام بەڵام نەمدەتوانی بڕۆمە رێگاوە، هەستم دەکرد پێ و پشتم گێڕ و لار بووە؛ شەق و لەق بووم. چوومە دیوەکەی خۆم، پەردەکەم لادا، تیشکی خۆر بە نەرمی دەبارییە پشت دەلاقەوە .

بە خوارەوە روانیم، چەنێک مەودا بوو؟ بریا وەکوو پەڕێک بوایەم دەست باوە و بخزایەمە خوارەوە. لە نێوەوە تەژیی ماتەم و خەفەت، دەنگی کوڕەکەم بیست. هاتە ماڵەوە کاتێک کە چاوی پێم کەوت ، وتی دایکە

چیرۆک

چی بووە؟ بۆ رووومەتت ئاوساوە؟ ئەڵێی قەڵەو بووگی، گۆنایشت سوورە. خێرا لەچکەکەم هەڵگرت و رووومەتم داپۆشی و وتم هیچ نییە؛ هێندێک سەرم ئەیشێ. لە ئاوێنەکەم روانی، بە خۆمم وت ئەوەندەش خراپ نەبووە؛ ئەمن کە هیچ کات ئارایشتم نەئەکرد، ئەمە وەکوو رۆژگۆنا بوو؛ تەنانەت زۆرتر لە سەر گۆنام ئەمایەوە. بەداخەوە دوو لایەنی گۆنام هاوتای یەک نەبوون، بە بزەیەک تاڵەوە لە دڵی خۆمدا وتم خۆزیا لای چەپم دوو زیللەی زۆرتری ئەخوارد. بە هەڵەداوێن هەستام و دەستی کورەکەم گرت و لە پلەکانەکاندا هاتمە خوارەوە؛ بە پەلە سواری ئۆتۆمبێلەکە بووم؛ دەترسام دراوسیەکانمان چاویان لێم بێ. حەزم نەدەکرد بە بەدبەختیم بزانن. ئیستارتی دا و کەوتە رێگا، بە تووڕەیی لێی دەخوڕی و هەر جنێوی ئەدا. نەمدەزانی بەم رێکەوتە شوومە چی بکەم.

کارێکم نەکردبوو و تاوانبار بووم. تەواو جەستەم وەکوو دارێک لە سەرمای زستاندا، سارد و ویشک بوو. دەمزانی لە دوای ئەوە کە هەژیر بباتە ماڵ دایکی؛ ئەمباتەوە بۆ ماڵ و دەمکوژێ. هەژیر وتی باوکە برسیمە؛ کە بە یەکەم دووکان گەیشت، ئۆتۆمبێلەکەی لە تەنیشت شەقامەکەوە راوەستاند و دابەزی. دەم و دەست چوومە خوارەوە؛ تا نێوان شەقامەکە رۆیشتم. بە پەلە دەستم ئەدا بەر تەواوی ئۆتۆمبێلەکان؛ هەموویان یەک لە دوای یەک بە توندی دەرۆیشتن؛ یەکێکیان نزیک بووەوە. سێ کوڕ لە نێویدا بوو. زۆر بۆم سەیر بوو بەو هەموو رەنگگۆڕاویی و شپرزییەمەوە، وەکوو گورگی برسی کە بە ئاسکێکی ناسک چاویان بڕیوە، چاویان لە من دەکرد. شتێکیشیان وت کە باش تێنەگەیشتم. دەمزانی نابێ سواری ئەوە ببم. حەزم نەئەکرد کە تووشی گرفتی گەورەتر ببمەوە. نزیک بوو هاوسەرەکەم بگەڕێتەوە، دەبووا خێرا بگەڕایەمەوە. ئەم ئۆتۆمبێلەکەی تر تەنیا شۆفێرەکەی تێدا بوو؛ هەستم کرد کە جێگای متمانەیە. هاتە نزیکەوە، دەستم دا بەری و بێ ئەمەی کە بە تەواوی رابوەستێ درگام کردەوە و سوار بووم. نازانم بۆ لە دوای ئەو هەموو رووداوە، ئێستا فرمێسکم بەربووەتەوە. هەنیسکم لێ ئەدا و بە خور ئاو لە چاوم دەتکی. بە لوشمە گوتم توخوا زوو برۆ. کاتێک کە دوور بووینەوە لە نێو ئۆتۆمبێلەکە لامکردەوە چاوم پێی کەوت کە گەڕایەوە؛ خۆم هێندێک خشاندە خوارەوە، تاکوو نەمبینێ. بەقەد پەنجا مەتر کە دوور بووینەوە خۆم کشاندە سەرەوە، وتم سپاستان دەکەم؛ ئەگەر ئەتوانن بمگەیێننە بنکەی پۆلیس. بەڵام دەبێ بمبوورن من پارەم لەگەڵدا نییە. وتی کێشە نییە، تۆیش وەکوو خوشکی خۆمی، دەتگەیێنم، خەمت نەبێ. لە مێشکی خۆمدا دەمکوت بەڕاستی چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەم پیاوە و پیاوەکەی خۆم، حەتمەن هەموو پیاوان خراپ نین. شووشەی چاوم دیسان شکا و ئەسرین رووومەتی ساردمی گەرم کردەوە. تەنیا چەتری من لەم بارانە ناهۆمێدییە، دەستی خاڵیم بوو. گەیشتینە پاسگایەک، راوەستا. سپاسم کرد و دابەزیم. بینیم کە ئەویش هاتە خوارەوە؛ وتم جەنابتان بۆ کوێ دێن؟

وتی: نامەوێ لەم بارودۆخە بە تەنیا جێت بهێڵم، زۆر لێی پاڕامەوە بەڵام نەرۆیشت.

لە سەربازی بەر درگاکە پرسیارم کرد کە دەمەوێ سکاڵا بکەم. پرسی مۆبایلت نییە؟

وتم هیچم پێ نییە؛ بە دەستی خاڵییەوە هاتمە دەرەوە لە ماڵ. وتی: باشە برۆ ژوورەوە. ئەو پیاویشە مۆبایلەکەی دانا و پێکەوە چووینە ژووری سەرهەنگی

چیرۆک

بنکەکە. پیاوێک دەمارگرژ و قەڵەو. لە ئەو بەری مێزەکە دانیشتبوو؛ بێ ئەوەی کە سە هەڵبڕێ پرسیاری کرد کارتان چییە؟ وتم لە مێردەکەم سکاڵام هەیە ئەنجا سەری بەرزە کردەوە؛

وتی: بۆ؟

وتم: بڕوانە چەی لێم کردووە هەموو رۆژێ ئەمە کاریە، مەست دەکات و بوختیانێکم بۆ ئەکات و... .

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم گوتی، ناو و ژمارەی خۆت و پیاوەکەت لێرە بنووسە تا سکاڵاکەت بۆ بنووسین. چوومە بەرەوە، پێنوسەکەی پێ دام و نووسیم.

ئەنجا وتی: ئەی ئەم پیاوە کێیە؟

وتم : ئەم بەڕێزە ئەرکی کێشا و تا ئەیرە گەیاندوومی. لە پشت مێزەکە هاتە دەرەوە و هاتە بەرەوە.

وتی: ئەی بۆ نەڕۆیشتی؟

وتی: وەڵا نەموێرا بەم شەوە تەنیا جێی بهێڵم. بێ ئەمە قسەیەک بکات، زللەیەکی لێ دا و وتی کەر خۆتی!

ئەسڵەن کێ دەزانێ؟ رەنگە ئێوە پێکەوە کەین و بەینتان بێ و ئەویش بە هۆی ئەوەوە وای لێت کردووە. من هەروا بەم ئاسانییە وێڵتان ناکەم. بانگی کرد لە یەکێک لە سەربازەکان و وتی: ئەم پیاوە بازداشت بکەن.

رووی کردە لای منەوە و وتی: ئێستا زەنگ ئەدەم بۆ شووەکەت بێت و هەموو شتێکم لێ روون ببێتەوە.

بە سەر سوورمان تماشام دەکرد نەمدەزانی چی بکەم. لەو کاتە ئەتگوت دنیا رژاوە بە سەرمدا. هەم خەمی خۆمم بوو، هەم خەمی ئەو پیاوە هەژارە وا بە بۆنەی منەوە ئاوەها گرفتار بووبوو. نەمدەزانی چی بکەم؛ خۆمم وەکوو گەلایەک بە دەم باوە ئەدی. لەو بارودۆخەدا تەنیا یەک شت هاتە بیرم ئیدی هیچ چارەیەکم نەبوو.

لە ناخی دڵمەوە وتم: خوایە گیان خۆت یارمەتیم بدە.

هەوالنامەی کتێب



غوڵامحسێن ساعێدی ناسراو بە گەوهەرمراد، ساڵی ١٣١٤ی هەتاوی لە تەورێز لەدایک بووە. ئەم نووسەرە هێژایە لە بواری چیرۆک و شانۆنامەدا، گەلێک بەرهەمی داناوە و وەک یەکێ لە باشترین نووسەرەکانی ئێران ناوبانگی دەرکردووە. ساعێدی لە ساڵی ١٣٦٤ی هەتاویدا لە شاری پاریس ماڵاوایی لە ژیان کرد و لە گۆڕستانی پێرلاشێز-دا بە خاک سپێردرا.

چیرۆکی شەشەمی

ئازیەتبارانی بەیەل

وەرگێڕ: مەزهەر ئیبراهیمی

(١)

دەمەوئێوارە مەشهەدی جەبار گەڕایەوە ((بەیەل)). بەیەلییەکان لە گۆڕەپانی پشتەوەی ماڵی مەشهەدی سەفەردا کۆ بووبوونەوە و سەرقاڵی قسە بوون.

کوێخا هەر کە چاوی بە مەشهەدی جەبار کەوت، گوتی: یاڵڵا مەشەیی جەبار! بە خێر بێیتەوە. دەنگوباسی شار؟

مەشهەدی جەبار گوتی: چی بڵێم؟ هەر وەک جاران.

مەشهەدی باوا گوتی: بە پێیان هاتییەوە؟

مەشهەدی جەبار لە تەنیشت ئیسلامەوە دانیشت؛ بە هەسکەهەسک و بە دەم داکەندنی پێڵاوەکانیەوە گوتی: ئەرێ، هەر لە سەر جادەکەوە تا ئێرە.

ئیسلام گوتی: کەی گەیشتیە سەر جادە؟

مەشهەدی جەبار گوتی: لای نیوەڕۆ بوو.

کوێخا گوتی: دەی بۆ درەنگ هاتییەوە؟ لەوەتەوە لە رێدای؟

مەشهەدی جەبار گوتی: ئەرێ، لە نێو رێگا شتێکی سەیرم بینی؛ بۆیە وە درەنگ کەوتم.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: شتێکی سەیر؟ چی بوو؟

مەشهەدی جەبار گوتی: بەخوا هەرچی لێی ورد بوومەوە نەمزانی چییە.

کوێخا گوتی: نەتزانی چی بوو؟ چۆن؟

مەشهەدی باوا گوتی: باشە چۆنچۆنی بوو؟

هەواڵنامەی کتێب

مەشهەدی جەبار گوتی: شتێکی زل، بەقەد گایێک ئەبوو. هەرچی زۆرم لێ کرد چرکەی نەکرد.

عەبدوڵڵا گوتی: چۆن بوو؟ سەر و گوێی هەبوو؟ نەیبوو؟

مەشهەدی جەبار برێ بیری کردەوە و گوتی: نازانم... چاو و گوێ... نا نەیبوو.

کوێخا گوتی: ئەی دەس و قاچ؟

مەشهەدی جەبار گوتی: دەس و قاچ؟ نا دەس و قاچیشی نەبوو. زۆر قورس بوو.

ئیسلام گوتی: باشە دەی چۆن بوو؟

مەشهەدی جەبار دیسان برێ راما و گوتی: چۆنتان تێگەیێنم؟ وەک عەرەبانە وا بوو.

مەشهەدی باوا گوتی: خۆ لە پێشا وتت لە گا ئەچوو.

مەشهەدی جەبار گوتی: ئەرێ بە قەد گایێک ئەبوو؛ ئاوا تۆزێ چکۆلەتر.

کوێخا گوتی: خۆ تۆ وتت دەس و قاچی نەبوو؟

مەشهەدی جەبار گوتی: ئەرێ، ئێستاش ئەڵێم؛ دەس و قاچ و گوێ و ئەو شتانەی نەبوو.

ئیسماعیل گوتی: لە کێ ئەچوو؟

مەشهەدی جەبار برێ بیری کردەوە و لە یەکەیەکەی پیاوان و ماڵەکان راما. چەند کۆکەیێکی کرد و گوتی: لە هیچ کەس نەئەچوو. چۆن بڵێم؟ شتێکی زۆر سەیر بوو. وەکوو... وەڵڵاهی نازانم چ بڵێم.

عەبدوڵڵا گوتی: چۆن رێی ئەکرد؟

مەشهەدی جەبار گوتی: کورە خۆ رێی نەئەکرد. سەر و مل و ئەم شتانەی نەبوو. شتێکی سەیر بوو؛ وەک خانوویێکی چکۆلە؛ وەک ماڵەکەی باوەعەلی کە لەملا و ئەولاوە قۆپچەی زلزلی هەبێ.

ئیسلام گوتی: لە چی دروست کرابوو؟

مەشهەدی جەبار گوتی: نازانم، تەنەکە بوو، ئاسن بوو، چی بوو..

ئیسلام گوتی: ماشێنە کۆن نەبوو؟

مەشهەدی جەبار گوتی: نا کورە؛ تەگەرەوشتی نەبوو؛ زۆریش قورس بوو.

کوێخا پرسی: لە کوێت بینی؟

مەشهەدی جەبار گوتی: راس چەن هەنگاوێک سەرتر لە ((شوور))؛ لە سەر رێی ((پورروس)).

ئیسلام گوتی: ئەها! ئێستا خەریکم تێئەگەم.

گشتیان روویان لە ئیسلام کرد.

کوێخا گوتی: لە چی گەیشتی مەشەیی ئیسلام؟

ئیسلام گوتی: هەرچی بێ لە بن سەری پورروسییەکانایە؛ لە شوێنێکیان دزیوە و فڕیان داوەتە نێو رێگاکە.

مەشهەدی جەبار گوتی: راس ئەکا؛ ئەمە پەنی پورروسییەکانە.

هەموویان بیریان لێ کردەوە.

مەشهەدی باوا گوتی: باشە ئێستا ئەڵێن چ بکەین؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: زۆر روونە؛ ئەڕۆین بزانین چییە؛ بە کەڵک دێ یان نا.

ئیسماعیل سەیرێکی ئاسمان و دەوروبەری ئەستێرەکەی کرد و گوتی: خەریکە تاریک ئەبێ؛ تا شەو زۆری نەماوە.

مەشهەدی باوا گوتی: خەمی شەوت نەبێ کوڕەکەی مەشەیی جەبار!

کوێخا بە ئیسلامی گوت: چ بکەین مەشەیی ئیسلام؟

ئیسلام گوتی: با بڕۆین بزانین چییە.

کوێخا رووی لە کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر کرد: مەشەیی جافرا! ئەتوانی دوو لەنتەرمان بۆ بێنی؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر هەستا و گوتی: ئەی بۆ ناتوانم؟

ئینجا بە هەڵهاتن چوو چرا بێنێ.

ئیسلام گوتی: ئەرێ، با بڕۆین بزانین چییە؟ ئەگەر بەکەڵک بێ ئەیهێنینەوە ((بەیەل))؛ ئەگەریش بە کەڵک نەهات خۆ هیچ.

کوێخا گوتی: زۆر باشە؛ تا درەنگ نەبووە با کەوینە رێ.

پیاوەکان هەستان. ئێوارە بوو. مانگی رەنگبزرکاو لە لای ((پورروس))ەوە وا هەڵدەهات.

هەواڵنامەی کتێب

(٢)

شێویان کرد و لە قەراخ ئەستێر-ەکە کۆ بوونەوە.

ئیسلام ئەسپەکەی بەستە عەرەبانەکەوە و هێنایە بن داری پاڵ تاتەشۆرە رەشەکەوە. ئیسماعیل و کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر بە دوو چراوە گەڕانەوە. چراکانیان نایە سەر عەرەبانەکە و چاوەڕێیان کرد.

کوێخا گوتی: بۆ لەنتەرەکانتان هەڵکردووە؟

مەشهەدی جەبار گوتی: بۆخۆت وتت کوێخا.

کوێخا گوتی: هەواکەی روونە. چاوتان لە مانگ نییە؟

ئەستێرەکەی بە دەست پیشان دان. پیاوەکان ئاوڕیان دایەوە و سەیری نێو ئەستێریان کرد.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: بۆخۆت وتت لەنتەر بێنم. نەتوت!؟

مەشهەدی جەبار گوتی: بە کارمان دێ؛ ئەگەر لەنتەرمان نەبێ خۆ نازانین چییە؟

بزنە رەشەکەی ئیسلام لە هێشخانەکەوە قالاندی. جریکەجریکی سیسرکەکان لە باخی ئاغاوە دەبیسترا.

کوێخا گوتی: هەتا بگەینە «شوور» لەنتەرەکان نەوتیان تیا نامێنێ. سەعات و برێکمان پێ ئەچێ.

مەشهەدی باوا بە کوڕەکەی مەشهەدی سەفەری گوت: بیانکوژێنەوە؛ گەیشتینە «شوور» هەڵیانئەکەین.

مەشهەدی جەبار پڵیتەکانی دایە خوارەوە و فووی لێ کردن. چراکان کوژانەوە. ئیسلام کە کردبوویە سەر کۆتەدارێکدا، دەنگی هەڵهێنا: باشە کێ دێ؟

کوێخا گوتی: راس ئەکا؛ خۆ گشتمان ناتوانین برۆین؟

مەشهەدی باوا گوتی: من ئەڵێم با لاوەکان برۆن؛ هەم وەگورترن، هەم ئەگەر تووشی پوروسییەکان بێن ئەتوانن هەڵێن؛ ئەگەریش گیر کەون، دەرەقەتیان دێن.

کوێخا گوتی: لاوەکان وەک کێ و کێ؟!

مەشهەدی باوا گوتی: ئیتر ئەم کارانە لە ئێمەمانان ناوەشێتەوە کوێخا! لاوەکان وەک مەشەیی سمایل و مەشەیی جەبار و مەشەیی جافر و عەبە. مەشەیی ئیسلامیش خۆ ئەبێ بروا.

ئیسلام گوتی: یانی ئەتەوێ بڵێی نایێم؟

مەشهەدی باوا گوتی: ئاخر، من...

کوێخا گوتی: شوورەییت ئەکەن مەشەیی باوا! هەڵسە سەر کەوە.

مەشهەدی باوا هەستا و بۆ لای عەرەبانەکە چوو. بێدەنگی باڵی بە سەر «بەیەل»دا کێشابوو. تەنیا لوورەلووری چەند گەماڵێک لە دوورەوە دەبیسترا. مەشهەدی سەفەر لە رۆچنەکەوە سەری هێنابووە دەر و سەیری سێبەری ئەو پیاوانەی دەکرد کە سواری عەرەبانەکە دەبوون و، چاوی بڕیبووە مانگی رەنگ-بزرکاوی نێو ئەستێر کە پەیتاپەیتا گەورە و بچووک و لار و خوار دەبووەوە.

(٣)

کاتێ پیاوەکان رۆیشتن، دایەخانم و دایەفاتم لە ماڵ دەرکەوتن. لە کۆڵانی یەکەم تێپەڕین و لە «بەیەل» دەرچوون و ملی رێگایان بەرەو گردی «نەبی ئاغا» گرتە بەر. شەوی هەینی بوو. پیرەژنەکان دەچوونە کن «نەبی ئاغا» و بۆ چاکبوونەوەی نەخۆشەکان خۆڵیان دەهێنا.

(٤)

دەر و دەشت هەموو رووناک بوو. ئەسپەکە بە تاو دەڕۆیشت و ئەو پیاوانەشی لەگەڵ خۆی دەبرد کە لە نێو عەرەبانەکەدا ئەژنۆکانیان بە سکیانەوە نووساندبوو. ئیسلام قەمچییەکەی لە بەر تریفەدا هەڵدەسووڕاند و لە ئەسپەکەی دەخوڕی. ئەسپەکە بە بیستنی لوورەی قەمچی توندتر غاری دەدا. ئیسماعیل لە تەنیشت ئیسلامەوە دانیشتبوو و گۆرانی دەچڕی. پیاوەکان پاڵیان پێکەوە دابوو. مەشهەدی جەبار چرا خامۆشەکانی بە خۆیەوە نووساندبوو. کوێخا سەبیلی کوڕەکەی مەشهەدی سەفەری لێ وەرگرتبوو و پەیتاپەیتا چاخی دەکرد. بە سەر کەندولەندەکاندا وەها تێدەپەڕین دەتگوت دەکەونە نێو بیرەئاو. ئەسپ و سێبەرەکەی گەورەتر لە هەمیشە دەهاتنە پێش چاو. ئیسلام وردورد سەیری دەورووپشتی دەکرد. هەموویان دڵخۆش بوون؛ بێجگە لە مەشهەدی باوا کە بە

پەشۆکاوییەوە سەری نابووە سەر چۆک و پەیتاپەیتا نووچ دەیبردەوە؛ یان لە بەر خۆیەوە هەر بۆڵەی دەهات.

(٥)

نزیکەو «شوور»، ئیسلام هەوساری ئەسپەکەی راکێشا. عەرەبانەکە وەستا.

کوێخا گوتی: گەیشتین؟

ئیسلام گوتی: نزیک بووینەتەوە. دەی مەشەیی جەبار! لە کوێت بینی؟

مەشهەدی جەبار گوتی: سەرتر لە ئێرە؛ لەو باریکەرێگایەی بۆ «پوروس» ئەڕوا.

ئیسلام گوتی: ئەڵێی بەرەو سەرتر بڕۆم؟

مەشهەدی باوا گوتی: نا مەشەیی ئیسلام! بەرەو لای پوروسییەکان نەڕۆی ها! تۆخوا کێشەمان بۆ ساز مەکە.

هەموویان لە قاقای پێکەنینیان دا. ئیسلام قەمچییەکەی بردە سەر سەری؛ عەرەبانەکە دیسان کەوتە رێ. کاتێ گەیشتنە «شوور»، بێدەنگییان بە سەردا زاڵ بوو. ئیتر جیرەی تەگەرە و ترپەی سمی ئەسپەکە نەدەبیسترا. هیچ دەنگێکی تریش بوونی نەبوو. مەشهەدی جەبار چرا خامۆشەکانی توندتوند بە خۆیەوە دەنووساند.

مەشهەدی باوا بە هێواشی لە عەبدوڵڵای پرسی: بۆ کوێ ئەڕۆن؟

ئیسلام پێکەنی.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: بۆ «پوروس» ئەڕۆین.

مەشهەدی باوا گوتی: گاڵتە ئەکەی؛ مەشەیی ئیسلام قەت کاری وا ناکا.

ئیسلام گوتی: مەترسە مەشەیی باوا! بۆ «پوروس»یش بڕۆین، ئەوان کاریان بە تۆ نییە.

مەشهەدی باوا گوتی: باشە نەڕۆین چاکترە. وا نییە کوێخا؟

ئیسلام پێکەنی. هەر کە عەرەبانەکە گەیشتە باریکەرێی «پوروس»، سێ سواری پوروسی دەرکەوتن؛ لە پێش عەرەبانەکەوە وەک فیشەک تێپەڕین و دایان لە لارێ.

مەشهەدی باوا خۆی لە پشت ئەوانی ترەوە شاردەوە.

ئیسلام عەرەبانەکەی راگرت. بەیەلییەکان بە بێدەنگی چاویان لەو سێ پوروسییە بڕی کە خەریکبوون بەرەو «مێشوو» غاریان دەدا.

مەشهەدی باوا گوتی: نەموت؟ نەموت ئیسلام!؟

کوێخا گوتی: خۆ کاریان بە ئێمە نەبوو.

ئیسلام پێکەنی.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: با بڕۆین مەشەیی ئیسلام!

عەرەبانەکە کەوتەرێ و ئیسلام گوتی: مەشەیی جەبار! هەر کاتێ گەیشتین بڵێ.

مەشهەدی جەبار گوتی: وابزانم لەم دەوروبەرانا بوو.

ئیسلام عەرەبانەکەی راگرت. بەیەلییەکان سەیری دەوروبەریان کرد.

کوێخا گوتی: کوا؟

مەشهەدی جەبار گوتی: دابەزن، دابەزن.

پیاوەکان هەموویان دابەزین. کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر یەکێ لە چراکانی داگیرساند و دای بە مەشهەدی جەبار و خۆی چرا خامۆشەکەی هەڵگرت. شان بە شانی یەک رێیان دەکرد.

ئیسماعیل گوتی: بۆ کوێ ئەڕۆن؟ ئەگەر لە سەرترەوەیە با سواری عەرەبانەکە بین.

مەشهەدی جەبار راوەستا و بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری کرد و گوتی: لێرەگەلا بوو.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: بڵێی ئێرە بێ؟

مەشهەدی جەبار گوتی: ئا، هەر ئێرە بوو.

چراکەی بەرز کردەوە؛ نوشتایەوە و دەستی بە پشکنینی زەوییەکە کرد. کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر لە قاقای پێکەنینی دا. ئیسلامیش پێکەنی.

کوێخا گوتی: لە چی ئەگەڕێی مەشەیی جەبار؟ خۆ تۆ ئەتوت ئەوەنە زل و قورسە تەکان نادرێ؟

پیاوەکان قاقایان لێدا. مەشهەدی جەبار وڵامی نەدانەوە. هەروا کۆمەکۆم بۆ شتێکی نادیار دەگەڕا.

(٦)

دایەخانم و دایەفاتم لە سەر سەکۆی هەیوانی ((نەبی‌ئاغا)) دانیشتبوون و چاوەڕێی چۆڵبوونی ئیمامزادە و کۆتایی‌هاتنی دەنگ و هەرا و هاتوچۆ بوون. ((بەیەل)) لە ژێر پێیاندا، باخی ئاغا لە بەرانبەریانەوە و ئەستێرە گەورەکەش لە نێو دێدا و لە ژێر تریفەی مانگی ڕەنگبزرکاودا وەکوو چاوی مردوویێک چاوی لە ئاسمان دەکرد. کاتێ کە زیارتگە چۆڵ بوو، دایەخانم هەستا و دەرگاکەی کردەوە و خزایە نێو تاریکییەوە. بە ئەسپایی مۆمێکی داگیرساند. مشکەکان هەر کە چاویان بە ڕووناکییەکە کەوت، بەرەو گومبەزەکە هەڵهاتن و خۆیان کرد بە کونی سندووقەکەدا. دایەفاتم کە لە بەر دەرگاکەدا ڕاوەستا بوو، بە ئارامی گوتی: یا ئەڵڵاهـ! یا حەزرەت! یا عەلی! یا محەممەد! یا حەسەن! یا حسێن! ئەسەلامونعەلەیک یا ئەڵڵا! یا حەزرەت! یا ئیمام! یا عەلی! یا ئەڵڵا! نەخۆشەکانی ((بەیەل)) چاک کەوە!

(٧)

مەشهەدی جەبار نوشتابۆوە و لە بەر ڕووناکیی چراکەدا دەوروبەری خۆی دەپشکنی و بەیەلییەکان هێدی‌هێدی کەوتبوونە دوای.

ئیسماعیل گوتی: نەکا مەشەیی جەبار شتێکی لێ هاتبێ؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: کوڕە هیچی نییە؛ خۆی گەوج کردووە!

ئیسلام گوتی: مەشەیی جەبار! مەشەیی جەبار! ئەوە چیتە؟ بۆ وا ئەکەی؟

مەشهەدی جەبار دانیشت و لەپڕ هاواری کرد: ئەوەتا، دۆزیمەوە، دۆزیمەوە.

پیاوەکان مەشهەدی جەباریان دەورە دا و دانەوینەوە. مەشهەدی جەبار ئاماژەی بۆ زەوییەکە کرد و گوتی: چاوتان لێیە؟ لێرا بووە، بردوویانە. ئەیبینی مەشەیی ئیسلام؟ ئەیبینی مەشەیی باوا؟

ئیسلام گوتی: ڕاس ئەکا؛ شتێک لێرا بووە و زەوییەکەی چاڵ کردووە.

کوێخا گوتی: چی بووە؟ چۆنیان بردووە؟ کێگەل بردوویانە؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: بێگومان پوروسییەکان بردوویانە. درەنگ هاتین؛ ئەوان بردوویانە.

مەشهەدی جەبار کۆمەکۆم کەوتە ڕێ هەتا گەیشتە لێواری شیوەکە. تۆزێ دانەوییەوە و چراکەی بەرز کردەوە. سەیرێکی لای خوارەوەی شیوەکەی کرد و لەپڕ دەنگی هەڵهێنا: مەشەیی ئیسلام! هۆ کوێخا! ئەوەتا لێرەیە، لە نێو دۆڵەکەیە.

بەیەلییەکان خۆیان گەیاندە لای و سەیریان کرد. لە لێژایی شیوەکەدا سندووقێکی کانزایی زل بە لادا کەوتبوو و لە ژێر تریفەی مانگدا دەدرەوشایەوە.

ئیسلام گوتی: خۆیەتی مەشەیی جەبار؟

مەشهەدی جەبار گوتی: ئەرێ خۆیەتی، خۆیەتی.

سەرەتا مەشهەدی جەبار و پاشان ئەوانی تر لە لێژایی شیوەکە چوونە خوارەوە. مەشهەدی جەبار برێ بە دەوروپشتی سندووقەکەدا گەڕا و گوتی: ئەرێ خۆیەتی.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر دانیشت و چرا خامۆشەکەی لە ئیسماعیل وەرگرت و هەڵیکرد و چووە پێشەوە. بە دەور سندووقەکەدا سووڕایەوە و لە تەنیشت ئەوانی ترەوە دانیشت و چراکەی گرتە بەردەم خۆیەوە.

ئیسلام گوتی: کێ خستوویەتە ئێرە؟

مەشهەدی جەبار گوتی: من کە چاوم پێ کەوت لێرە نەبوو، لە سەرەوە بوو.

کوێخا گوتی: ئیستەرەم کاری پوروسییەکانە.

ئیسماعیل گوتی: باش بوو دۆزیمانەوە.

مەشهەدی باوا سەبیل و کیسەتووتنەکەی دەرهێنا و گوتی: تۆ ئەڵێی ئەمە چییە مەشەیی جەبار؟

عەبدوڵڵا گوتی: سنووقە ئیدی؛ سنووقێکی تەنەکەیە.

مەشهەدی باوا گوتی: خۆ دیارە سنووقە؛ بەڵام چی تیایە؟

عەبدوڵڵا هەستا و دەوروبەری سندووقەکەی پشکنی و گوتی: دەرگای نییە؛ چۆن بزانین چی تیایە؟

ئیسماعیل گوتی: دەی دەرگای نەبێ، نێویشی نییە تا شتێکی تیا بێ.

عەبدوڵڵا گوتی: نەکا ماشێن بێ، وەرگەڕابێ و ئاوای لێ هاتبێ.

ئیسلام گوتی: نا کوڕە، ماشێنی چی؛ ماشێن بایە تەگەری هەبوو.

کوێخا گوتی: هین گەرماو نییە؟

ئیسلام بە سەرسوڕمانەوە گوتی: چیی گەرماو؟

کوێخا گوتی: لەوانەی لە شار، لە سەربانی حاجی عەنایەت بینیمان؟

ئیسلام گوتی: نا، ئەو نێوەکەی بەتاڵ بوو؛ ئاویان تێکردبوو؛ ئاواش نەبوو.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: کوڕە هیچ نییە؛ ئاسنە و تەواو.

مەشهەدی باوا گوتی: باشە بە کەڵکی چی دێ؟ بۆ چی باشە؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: ئەتوانی قازانی لێ ساز کەی، بایەی لێ ساز کەی و زۆر شتی تریش.

ئیسلام کە بە تامەزرۆییەوە چاوی لە سندووقەکە بڕیبوو، گوتی: نا، ئەمە ئاسن نییە. ئەمە شتێکی ساکار نییە. سەیری دیوارەکانی کەن؛ سەیری کونەکانی کەن؛ چاو لە قۆپچەکانی کەن.

کوێخا گوتی: مەشەیی ئیسلام ڕاس ئەکا؛ ئەمە ئەبێ شتێک بێ؛ ئەبێ شتێکی زۆر گرینگ بێ.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: هەرچی بێ، پێم وا نییە شتێکی بەکەڵک بێ.

عەبدوڵڵا گوتی: ئەگەر بەکەڵک بایە پووروسییەکان فڕیان نەئەدا.

ئیسلام گوتی: لەوانەیە نەیانتوانیبێ بیبەن.

کوێخا گوتی: تۆخوا مەشەیی ئیسلام هەڵسە بزانە چییە.

ئیسلام هەستا و بەرەو لای سندووقەکە چوو. دەستی پێدا هێنا و جوانجوان پشکنیی. ئینجا لە تەنیشتیەوە دانیشت و بڕێ پەنجەی بە قۆپچەکانیدا هێنا. تریفەی مانگ لە سندووقەکەی دەدا و گەردیلەکانی بە هەموو لایێکدا بڵاو دەبۆوە. ئیسلام لەبەر خۆیەوە گوتی: ئاخۆ چی بێ؟ سەری بردە پێشەوە و دەموچاوی لکاندە سندووقەکەوە و گوێی پێوە نا. لەپڕ هەستایە سەر پێ. گشتیان سەیریان کرد.

ئیسلام گوتی: هەڵسن؛ وەرن گوێ بگرن!

بۆخۆشی لە تەنیشتیانەوە دانیشت و گوێچکەی نووساندە دیوارەی سندووقەکەوە و دیسانەوە گوتی: ئەیبیسن؟

مەشهەدی باوا گوتی: من دەنگێک ئەبیسم.

ئیسماعیل گوتی: ڕاس ئەکا؛ دەنگی لێوە دێ.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: بەخوا من هیچ نابیسم.

ئیسلام گوتی: گوێت لێیە کوێخا؟

کوێخا گوتی: ئەڵێی (با) تیا هەڵیکردووە.

مەشهەدی باوا گوتی: خوڕەی ئاوە.

ئیسماعیل گوتی: نەکا پڕ بێ لە مێش و زەردەواڵە؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: خۆ من هیچ نابیسم!

ئیسلام سەری هەڵبڕی و گوتی: نا، دەنگی هیچ نییە بێجگە لە گریان. دەنگی شین و گریانی لێوە دێ.

هەموویان گوێیان نووساندە سندووقەکەوە و بە ترسەوە هەستانە سەر پێ.

کوێخا گوتی: ئەرێ، ئا بەخوا دەنگی گریان دێ.

مەشهەدی باوا گوتی: یانی ئەڵێی لە نێو ئەما یەکێک ئەگری؟

ئیسلام گوتی: هیچ کەس ناگری. ئەمە گومبەزە؛ گومبەزی شەخسێکە. نابینن چۆنە؟ دەنگی گریانەکانتان نەبیست؟

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: من هیچم نەبیست.

گشتیان پشتاوپشت ڕۆیشتنە دواوەوە و لە سەر زەوییەکە دانیشتن.

چیرۆک

کوێخا گوتی: باشە ئێستا ئەڵێی چ بکەین مەشەیی ئیسلام؟

ئیسلام گوتی: ئەیبەینەوە ((بەیەل))، ئەیبەینەوە ((بەیەل)).

مەشهەدی باوا گوتی: بیبەین چی لێ کەین؟ بیبەین بیخەینە پەنای ئەوتر لە بەیاخخانەکە؟

ئیسلام گوتی: جارێ با بیبەین، دواجار ئەڵێم چی لێ کەین.

لە سەر جادەکەوە حیلەی ئەسپێک هات. کورەکەی مەشهەدی سەفەر بە خێرایی سەر کەوت. پوروسییەکی قەمەبەدەست بە دەور عەرەبانەکەدا دەخولایەوە و لەوانی دەڕوانی. هەر کە کورەکەی مەشهەدی سەفەری بینی، وەک (با) هەڵهات و لە تاریکیی قەراخ دۆڵەکەدا لە چاو ون بوو.

(٨)

کاتێ نزیک ((بەیەل)) بوونەوە، شەو لە نیوە لای دابوو. دایەفاتم و دایەخانم بە دوو چراوە هاتبوونە سەر رێگاکە و لە تەنیشت باخی ئاغادا هەڵتووتابوون. کزەیێکی ساردی دەهات و مانگ بەرەو رۆژاوا کشابوو. ئیسلام هەوساری ئەسپەکەی گرتبوو و رایدەکێشا. پیاوەکان هەموویان بە دەم هەناسەبرکێیەوە پاڵیان بە عەرەبانەکەوە دەنا. سندووقەکە لە نێو عەرەبانەکەدا بوو. دایەفاتم و دایەخانم کە چاوەڕێیان دەکردن، هەستان و بە هەسکەهەسک بە پیریانەوە چوون.

دایەخانم گوتی: ئەمە چییە مەشەیی ئیسلام؟

ئیسلام گوتی: ئەمە.... ئەمە شەخسە مەشەییخانم!

دایەفاتم گوتی: چی؟ شەخس؟

ئیسلام گوتی: ئەرێ، ئەمە گومبەزە، شەخسە، ئیمامزادەیە.

دایەخانم بۆ پێشەوە بازی دا و چراکەی بەرز کردەوە و بە سەرسامی لە سندووقەکەی روانی و دایە سەر سینگی خۆیدا و دەنگی هەڵهێنا: یا غەریبولغورەبا! یا ئیمام زەمان!

دایەفاتم گوتی: ئەسەلاموعەلەیک یا محەمەد! یا حەزرەتی فاتیمە! یا عەلی!

ئیسلام گوتی: ئەسەلاموعەلەیک یا سارولڵا!

کوێخا گوتی: ئەسەلاموعەلەیک یا ئیمامولغورەبا!

پیاوەکان هاتنە پێشەوە و دەوریان لە عەرەبانەکە دا. پیرەژنەکان لە بەرانبەریەوە دانیشتن. ئیسلام سەر کەوت و سندووقەکەی ماچ کرد و لە پرمەی گریانی دا و بە دەنگی بەرز چەمەری چڕی. پیاوەکان هەستان و سینگیان کوتا و چەمەریان چڕی. مەشهەدی سەفەر لە خەو هەستا و سەری لە رۆچنەکەوە هێنایە دەر و چاوی گەڕاند. بەیەلییەکانی بینی کە لە ماڵ دەرکەوتبوون و رێی دەرەوەی ئاواییان گرتبووە بەر.

(٩)

بۆ بەیانییەکەی عەرەبانەکەیان هێنایە بەر ماڵی ئیسلام. پیرەژنەکان بە دەوریدا هەڵترووشکان. کوێخا و ئیسلام و مەشهەدی جەبار چوون هەتا شوێنێک بۆ سندووقەکە بدۆزنەوە.

مەشهەدی جەبار گوتی: من ئەڵێم پشت ماڵەکەی مەشەیی سەفەر لە هەموو شوێنێ باشترە.

ئیسلام گوتی: باشی چی؟ ئەبێ شوێنێکی بەرچاو بێ؛ با لە دەرەوەی ئاواییشەوە دیار بێ.

کوێخا گوتی: راس ئەکا؛ ئێرە چاڵە؛ کەس رێی ناکەوێتە ئێرە.

مەشهەدی جەبار گوتی: دەی لە کوێنەی دانێین؟

ئیسلام گوتی: بەرزایی پاڵ بەیاخخانەکە لە هەموو شوێنێک باشترە.

کوێخا گوتی: دەمخۆش مەشەیی ئیسلام! قسەی تیا نییە.

مەشهەدی جەبار گوتی: باشە وای لێ کەین؛ بیبەینە ئەوێ.

گەڕانەوە بەر ماڵی ئیسلام و عەرەبانەیەکەیان هێنایە بەر کۆڵانی یەکەم و لە پشت ماڵی کوێخاوە تێپەڕین و گەیشتنە لای بەیداخخانەکە.

چیرۆک

مەشهەدی باوا گوتی: ئەوە چی ئەکەن؟ ئەتانەوێ بیبەنە نێو بەیاخخانەکە؟

ئیسلام گوتی: نا، ئەیبەینە ئەو بەرزاییە. دەوراندەوری دیوار ئەکێشین و بۆ پاییزیش بانەکەی ئەگرین.

کوێخا گوتی: نەخشەییێکی چاکت بۆ کێشاوە مەشەیی ئیسلام! زۆر چاک!

ئیسلام گوتی: ئەمرۆ کەس نەچێ بۆ سەر زەوی؛ بەشکوو ئەم کارە بخەینە بارێکا.

کوێخا گوتی: ئەرێ، هیچ کەس ناڕوات. ئەمرۆ جومعەشە.

ئیسلام کڵاوەکەی هەڵگرت و لە سەر عەرەبانەکەی دانا و ڕووی لە قژسوور کرد و گوتی: ڕاکە چەن دانە پاچ و پێمەڕە بێنە.

کوێخا بە هەڵماتەکەی، هێڵێکی بە دەور بەرزاییەکەدا کێشا و گوتی: چوار دیوار ئەبەینە بان؛ وا نییە مەشەیی ئیسلام؟

ئیسلام گوتی: ئەرێ چوار دیوار ئەبەینە بان.

کوێخا گوتی: ئەم پارچەزەوییە بەسیەتی؟

ئیسلام گوتی: ئەرێ تەواوە.

مەشهەدی باوا گوتی: چەن ڕۆژ ئەبا؟

ئیسلام گوتی: هەر ئەمرۆ تەواوی ئەکەین.

مەشهەدی باوا گوتی: کێ ئەڕوا بۆ ئاو؟

کوێخا گوتی: هەموومان. ئەم ئیشە سەوابی زۆرە؛ قەرەبووەکەی لە ئیمام حسێن وەرئەگرین.

ئیسماعیل گوتی: من ئاو دێنم؛ قوڕ ئەگرمەوە و هەر کارێکی تریشتان بێ ئەیکەم.

عەبدوڵڵا گوتی: منیش ئاو دێنم.

دایەخانم گوتی: شەخسێکی چاک دروست ئەبێ. بەیاخەکان ئەهێنینە سەرەوە؛ پەنجە و مۆمدانەکان ئەهێنین و بە دەور گومبەزەکا ئەیانچنین.

دایەخانم گوتی: یا ئیمام حسێن دەخیلتم!

ئیسلام گوتی: گومبەزەکە دائەنێین و دوایە بە دەوریا دیوارەکان ئەبەینە بان.

پیاوەکان چوونە لای عەرەبانەکە. قژسوور بە چەند دانە پاچ و پێمەڕەوە هاتەوە. پیرەژنەکان بەرەو بەیداخ-خانەکە کەوتنە ڕێ. مەشهەدی زەینال بە چێوشەقەکانی بن باڵیەوە هات و لە بەر دەرکەی بەیداخخانەکەدا دانیشت. خۆر هەڵهات و لە خەڵکی ((بەیەل))، هیچ کەس بۆ سەر زەوی و مووچەکەی نەچوو.

(١٠)

زۆر لە نیوەڕۆ لای نەدابوو. لە سەر گردەکەوە چوار دیواری قوڕینی نزمیان نا. پیاوان هاتنە لای ئەستێرەکە؛ دەست و قاچیان شۆرد و لە سێبەرەکەدا بە ڕیزەوە هەڵتووتان. ژنان لە پەنای تاتەشۆرەکەدا قازانێکیان نابووە سەر ئاگرەکە و چێشتی نەزری قوڵتی لێدەدا و هەڵمی لێوە هەڵدەستا.

کوێخا گوتی: ئەها چ زوو تەواو بوو؟

مەشهەدی باوا گوتی: بەو خوایە موعجیزە بوو.

ئیسماعیل گوتی: ئەولیاکان یارمەتییان داین.

دایەخانم گوتی: ئەمە کاری خوایە؛ ئەولیا و ئەمبیا بۆخۆیان یارمەتییان داوین.

دایەفاتم گوتی: زۆر چاکە؛ لەمەودوا نەخۆشەکان بۆ ئێرە ئەهێنین.

کوێخا گوتی: ئەزانن مجێورێکیشی ئەوێ؟

باوا عەلی کە سەری لە نێوان چوار دیوارەکەوە قوت کردبۆوە، گوتی: مەشەیی زەینال زۆر گونجاوە.

پیاوەکان ئاوڕیان لە مەشهەدی زەینال دایەوە.

ئیسلام گوتی: ئەگەر سەیدێکمان بوایە زۆر باشتر ئەبوو.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: بۆ نەچین سەیدێک لە ((سەیدئاوا)) بێنین؟

مەشهەدی زەینال گوتی: من دایکم سەید بووە؛ دایەخانم ئەزانێ.

دایەخانم گوتی: ئەرێ، خوالێخۆشبوو سەیدفاتم؛ ئەچوو لە ((مەحاڵ)) سواڵی ئەکرد.

کوێخا گوتی: شوکر بۆ خوا ئەم کارەش جێبەجێ بوو.

هەواڵنامەی کتێب

چیرۆک

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: خەریکە لە برسان ئەمرم.

ژنەکان راخەرەکانیان هێنا. دایەفاتم دۆعای خوێند. خوان راخرا. دایەخانم قۆڵی لێ هەڵکرد و بەرەو لای قازانەکە چوو. دایەفاتمیش نانەکانی بە نێو پیاواندا دابەش کرد.

(١١)

بۆ ئێوارە دایەخانم و دایەفاتم چوونە نێو بەیداخ-خانەکە. سەرەتا وێنە گەورەکان و دوایە بەیداخ و پەنجە و مۆمدانەکانیان هێنایە دەرەوە. وێنە پیرۆزەکەیان برد و پاڵیان دایە دیواری بەرانبەر شەخسەکەوە. چوار بەیداخیان دا لە چوار سووچی چوار دیوارەکە. مۆمدانەکانیان لە سەر سندووقەکە چنی و مۆمەکانیشیان هەڵکرد. ئیسلام مێزەرێکی سەوزی بۆ مەشهەدی زەینال بەست. مەشهەدی زەینال بە چێوشەقەکانیەوە هات و لە بەر دەرگاکەدا هەڵترووشکا و دەستی بە قورئان خوێندن کرد. پیرەژنەکان بە دوای نەخۆشەکانی ((بەیەل))دا چوون. کوڕە پەککەوتەکەی مەشهەدی ئەکبەر و خوشکەکەی عەبدوڵڵایان نایە سەر دەست و هێنایاننە نێو ئیمامزادەکە. دایەخانم زنجیری لە مل نەخۆشەکان ئاڵاند و گرێی دانە قۆپچە زلەکانی سندووقەکەوە و گوتی: بگرین و لە ئیمام داوای شیفا کەن.

نەخۆشەکان خۆیان کوتایە زەویدا و شین و شەپۆڕیان دەست پێکرد. دایەفاتم کە دەسنوێژی هەڵگرتبوو، هات و لە بەر دەرگاکە راوەستا و دەنگی هەڵهێنا: یا ئەڵڵا! یا عەلی! یا محەمەد! یا حسێن! یا حەسەن! هاتووین و شیفامان ئەوێ؛ یا حەزرەت! یا ئیمام! یا عەلی! یا ئەڵڵا! نەخۆشەکانی ((بەیەل)) چاک کەوە! خۆت شیفایان دە!

بەیەلییەکان کە بە دوای دایەفاتمەوە بە رزنەوە راوەستابوون، دەستەکانیان بەرز کردەوە و یەکدەنگ گوتیان: ئامین!

(١٢)

دوو لۆری گەورە کونوکەلێنی ((مەحاڵ))یان سەنگوسووژن دەکرد. سەرەتا چوونە ((پورووس)). هەموو ماڵەکان و بیرەئاوەکانیان پشکنی. دوایە چوون بۆ ((سەیدئاوا))، ((خاتوونئاوا))، ((مەڵەکزادە))، ((ینگیجە))، ((حەسەنئاوا))، ((مێشوو)) و هەرهەموو ماڵەکان گەڕان؛ بەڵام نەچوونە ((بەیەل)). ((بەیەل)) بچووک بوو؛ زۆر بچووک بوو. لە ((هەزەوان)) دەگەڕانەوە؛ کە گەیشتنە سەرەولێژیی ((شوور))، لۆری یەکەم راوەستا. ئەوی دیکەشیان هەروا. لە لۆری یەکەمەوە گرووبانێکی ئەمریکی دابەزی و بە دووربین لە ((بەیەل))ی روانی و فەرمانی دا بۆ ئەوێ برۆن.

گرووبانێک کە لە پشت ئەمریکییەکەوە راوەستا بوو، گوتی: لەوێ خەبەرێ نییە.

ئەمریکییەکە ئاماژەی دا و لۆرییەکان بەرەو ((بەیەل)) وە رێ کەوتن. دەمەوئێوارە بوو. پیاوەکان لە پشت ماڵەکەی مەشهەدی سەفەردا رۆنیشتبوون و سەرقاڵی قسە بوون. کاتێ دەنگی لۆرییەکانیان بیست، هەڵبەزین و بەرەو دەرەوەی ئاوایی هەڵهاتن. لە پێشدا ئەمریکییەکە و پاشان سەربازەکان دابەزین و رژانە نێو دێ. لە ماڵە قورین و بانە نزمەکانیان روانی. هیچێک نەبوو. ئەمریکییەکە بۆ نزیک بەیداخخانەکە چوو. مەشهەدی زەینال کە لە بەر دەرگای ئیمامزادەکە دانیشتبوو، دەستی بە قورئان خوێندن کرد. ئەمریکییەکە چووە پێشەوە و تەماشای نێو ئیمامزادەکەی کرد. لەپڕ زریکاندی. سەربازەکان هەوڵەهەوڵ چوونە پێشەوە و لێیان روانی. ئەمریکییەکە ئاماژەی دا. یەک لە سەربازەکان جانتاکەی دەستی کردەوە. ئەمریکییەکە چووە ژوورەوە. زنجیری لە مل کوڕەکەی مەشهەدی ئەکبەر و خوشکەکەی عەبدوڵڵا کردەوە. پیرەژنەکان هاتن و نەخۆشەکانیان بردە دەرەوە. ئەمریکییەکە بە سەرسوڕمانەوە سەیری دەوروبەری کرد و پاشان لە بەیداخ و مۆم و شتومەکەکانی دا و هەرهەمووی پەرشوبڵاو کردەوە. سەربازەکە دوو سیمی لە جانتاکەی دەرهێنا و بەستنیە

چیرۆک

دوو قۆپچەی سندووقەکەوە؛ ئەمجا سیمەکانی گرێی دایە سندووقێکی کانزایی ترەوە کە چەند چرای زلی پێوەبوو؛ دوایە چووە پشت سندووقەکەوە.

بەیەلییەکانیش هاتنە بان و ئەڵقەیان بەست و چاویان برییە نێو چواردیوارییەکە. ئەمریکییەکە پێی لە سەر پایەیێکی چکۆلە دانا. سندووقەکە بۆڕاندی. چراکانی هەڵ بوون و رووناکییان تێکەوت. بەیەلییەکان ترسان و چوونە دواوە. ئەمریکییەکە نەڕاندی. سەربازەکان کەوتنە وێزەی دیوارەکان و هەموویان رووخاند. یەک لە لۆرییەکان هاتە پاڵ بەرزاییەکەوە. سەربازەکان سندووقەکەیان لە زەوی بری و خستیانە سەر لۆرییەکە. ئەمجا گەڕانەوە و بەیەلییەکانیان گەمارۆ دا.

گرووبانێکی کورتەبالا گوتی: ئەمەتان لە کوێ هێنا؟

کوێخا گوتی: لە نێو رێگا دۆزیمانەوە.

گرووبان گوتی: لە کامە رێ؟

کوێخا گوتی: لە سەر رێی ((پوروس)).

گرووبان گوتی: کامتان هێناتان؟

ئیسلام گوتی: هەمووما‌ن.

گرووبان فەرمانی بە سەربازەکان دا و گوتی: هەرهەموویان سەر بخەن.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر کە لەولاترەوە راوەستابوو، دەنگی هەڵبڕی: مەشەیی جەبار هێناویە؛ ئێمە نەمانهێناوە. مەشەیی جەبار دۆزییەوە و هات بە ئێمەی وت. مەشەیی جەبار تاوانبارە.

گرووبانەکە گوتی: مەشەدی جەبار کامتانن؟

لە پیاوەکانی روانی.

کوڕەکەی مەشهەدی سەفەر گوتی: ئەوەتا.

ئاماژەی بە مەشهەدی جەبار دا کە لە تەنیشت مەشهەدی باوا و ئیسلامەوە راوەستابوو. سەربازەکان مەشهەدی جەباریان قۆڵبەست کرد و بەرەو لای لۆرییەکەیان برد. ئەمریکییەکە سواربوو. مەشهەدی جەباریشیان سەر خست. سەربازەکان تێر جنێویان بە خەڵکەکە دا و سەر کەوتن. بەیەلییەکان ترسان و کشانە دواوە و لە پشت دیوارەکانەوە خۆیان شاردەوە.

کاتێ لۆرییەکان کەوتنە رێ، قژسوور بە عەبدوڵڵای گوت: خۆزگەم بە مەشەیی جەبار! تازە لە شار هاتبۆوە؛ دیسانەوە ئەڕوا بۆ شار.

(١٣)

کاتێ لۆرییەکان دوور کەوتنەوە، دایەفاتم و دایەخانم پەنجە و بەیداخ و مۆمدانەکانیان کۆ کردەوە و بردیاننەوە نێو بەیداخخانەکە. ئیسلام و کوێخا خۆڵەکەیان بە پێمەرە دایە لاوە و وێنەکەیان دەرهێنا.

شەو پیاوەکان هاتنە دەرەوە و بە دەور ئەستێرـەکەدا کۆ بوونەوە. ژنەکانیش لە پشت دیوارەکەوە دانیشتن. ئیسلام چووە سەر تاتەشۆرە رەشەکە و دەستی بە رەوزەخوێندن کرد. بەیەلییەکانیش لە خەم و پەژارەی گومبەزی لەدەستچوو، بەکوڵ گریان و تێر رۆڕۆیان کرد.

****



سەرچاوە: ساعدی، غلامحسین. *عزاداران بیل*. تهران: انتشارات نگاه، ١٣٨٨.

تێبینی: ئەو وشانەی خراونەتە نێو جووتکەوانەوە، ناوی گوند و شوێنن.

هەواڵنامەی کتێب



وەرگێڕ: مەریوان هەڵەبجەیی

کامەران شەوکەوت ٢

کە لە مۆڵەتی سەربازیی گەڕامەوە، کامەرانم لە کووپەی شەمەندەفەرەکەدا دی. دانیشتبووین، تا شەمەندەفەرەکە بەڕێ بکەوێ. ستوانێکی لاو، پەردەی کووپەکەی لادا و سەری هێنایە ناو کووپەکەوە و گوتی: ((ئێرە کووپەی سێیە؟)) دواتر بلیتەکەی نیشانی ئیستوارێکی قەڵەو دا، کە لە بەردەم دەرگاکەدا دانیشتبوو. وەک بڵێی لە سینەمادا بوو بە دوای ژمارەی کورسییەکەیدا دەگەڕا. ئیستوار بێ گوێدان بە دەرەجەی ستوان گوتی: ((بەڵێ فەرموو.)) کاتێک کە دانیشت، قیافەی ئاشنا دەهاتە بەرچاو. چەند خولەکێک دوای دانیشتنی چاکەتەکەی دەرهێنا و من ناویم خوێندەوە. لەسەر سنگی نووسرابوو: ((کامەران میهرانی)) گوتم: ((کامەران؟)) سەیری چاوەکانمی کردوو گوتی: ((نامناسیت؟)) گوتم: ((ئا، ساڵێک لە شەقامەکەی ئێمەدا بوون.)) بەجۆرێک گوتم شەقامەکەی ئێمە وەک بڵێی ئەو شەقامە میراتی باوکم بوو. گوتی: ((نایەتەوە بیرم.))

گوتم: ((من ئەمیر، دەمەتری مەحموودی... ساڵی ٥٦)) چوو بەناو بیرکردنەوەدا و گوتی: ((بەڵێ راستە. شەقامی چی.)) گوتم: ((چۆنی کامەران؟)) گوتی: ((باشم.)) ویستم پرسیاری خوشکەکەی لێ بکەم. شەرمم کرد. چاوەکانی سەیر وەک شەوکەتی لێهاتبوو. قژی خورمایی بوو. گوتی: ((بۆ کوێ دەڕۆی؟)) گوتم: ((ئەهواز، سەوسەنگرد، تۆ بۆ کوێ دەڕۆی؟)) گوتی: ((سەربازگەی زەید.)) گوتم: ((ئۆو! ئۆو! کەوتوویتەتە شوێنێکی خراپەوە.)) سەربازگەی زەید، یەکێک بوو لەو بەرانەی شەڕ کە خراپ بوو. مەحشەری کوبرا بوو. گوتم: ((کورە لەوێ چی دەکەی لەوێ؟)) گوتی: ((بە هەڵە چوومە ئەوێ، هێشتمیانەوە.)) کەمێک دەموزمانی کرابوویەوە. ویستم لە بارەی شەوکەتەوە پرسیاری لێبکەم. شەرمم کرد. ئیستوارە قەڵەوەکە گوتی: ((خزم دەرچوون؟)) گوتم: ((نەخێر.)) کەڵکم لە دەرفەت وەرگرت و گوتم: ((جێگاکەت لەگەڵ مندا دەگۆڕیتەوە؟)) پێی خۆش نەبوو سەربازێکی ئاسایی بیەوێ جێگاکەی لەگەڵ ئەودا بگۆڕێتەوە و ببێتە

چیرۆک

هاوپەیڤی ستوان. سەربازێک لە پەنای کامەراندا دانیشتبوو. گوتی: ((جەناب سەروان فەرموو وەرە جێگاکەی من.)) سەربازەکە بە زەحمەت لە جێگاکەیدا هەستا و چووە ئەولای کامەرانەوە. گوتم: ((برینداربوویت؟)) گوتی: ((بەڵێ، خەریکە دەڕۆم بۆ ئەوەی بەیەکجاری لە سەربازی نەمێنم.)) کامەران بە ترسەوە سەیری سەربازەکەی کرد. کە ترسم لە چاوەکانیدا دی، پێکەنیم و گوتم: ((قیسمەتە ئیتر.)) سەربازەکە گوتی: ((نازانم بۆچی هەرچی قیسمەتی وایە بۆ ئێمە دەبێ.)) ئیستوار گوتی: ((شەڕە ئیتر.)) گوتم: ((تۆیش دەڕۆی بۆ بەرەکانی شەڕ؟)) نا، قیسمەت نەبوو. من لە درووددادەبەزم. گوتم: ((خوا بیکاتە قیسمەتت.)) ئیستوار پێی خۆش نەبوو. کامەران گوتی: ((باشە چەند مانگ خزمەتت کردووە؟)) گوتم: ((پازدە مانگ.)) گوتی: ((باشە بەرەو لێژبوونەوەیە.)) گوتم: ((تۆ بۆچی هاتیت؟)) گوتی: ((بۆ چوون بۆ دەرەوەی وڵات دەبوو کارتی خزمەتی سەربازیت هەبێ، وا نییە؟)) گوتم: ((ئەگەر بۆ ئەمە هاتووی ئەوە ناهێنێ.)) پێکەنی. پێکەنینەکەی لە شەوکەت دەچوو. ویستم پرسیاری شەوکەتی لێبکەم. شەرمم کرد.

ئیستوار گوتی: ((جەنابی سەروان کارێکی باش دەکەی. ئەوەی کە پارەی هەیە، دەبێ ئیرە بە جێ بهێڵێ و بڕوات.)) شەمەندەفەرەکە وردەوردە بەڕێکەوت. پیاوێک بە ریشێکی زۆر و چەفییەکی بە ملیەوە سەری هێنایە ناوەوە و گوتی: ((سەلاموعەلەیکوم.)) سەربازە بریندارەکە گوتی: ((خاوەنەکەی هات.)) کامەران لە جێگاکەیدا هەستا و گوتی: ((فەرموو برا لێرەدا جێگا هەیە.)) پیاوەکە سەری سوڕما لە ڕەفتاری موئەدەبانەی کامەران کە بۆ من دوور لە چاوەڕوانی نەبوو، گوتی: ((سوپاست دەکەم برام. فەرموون.)) من و کامەران ڕێک لە پەنای پەنجەرەکەدا بووین، شەمەندەفەرەکە خێراتر بووبوو، هەموو مرۆڤەکان و درەختەکان و ماڵەکان لەو ئاوابوونی ئێوارەیەدا و خێرایی شەمەندەفەرەکەدا، دەردەکەوتن و دیار نەدەمان و هێدی هێدی لە تاریکییەکەدا ون بوون.

کامەران گوتی: ((دەڵێی بۆنی عەمەلیات دێت؟)) گوتم: ((چۆن؟)) گوتی: ((بیستوومە هەموو مۆڵەتەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە.)) گوتم: ((بەڵێ، هەرکاتێک بڕیار بێ عەمەلیات بێ، مۆڵەتەکان هەڵدەوەشێننەوە.)) گوتی: ((دایکم زۆر بێتاقەت بوو.)) ویستم پرسیاری شەوکەتی لێبکەم. شەرمم کرد. گوتم: ((هەقی خۆیەتی.)) گوتی: ((دەترسێ بکوژرێم. دەڵێ هەر ئەم یەک کوڕەم هەیە.)) گوتم: ((هەقیەتی.)) گوتی: ((لەگەڵ زۆردا بەم ڕێیەدا ڕۆیشتین و گەڕاینەوە. زۆریش بەم ڕێیەدا ڕۆیشتن و نەگەڕانەوە. پێت وایە ئەمجارە سەرەی منە؟)) دەرەوە تاریک بوو ترووسکاییەکی ڕووناکی لە دوورەوە دەبینرا. گوتم: ((وا نییە. هەرچی خوا بیەوێ...))

ئیستوار گوتی: ((فەرموون گوڵەبەڕۆژە بخۆن.)) سەربازە بریندارەکە مشتێکی پڕی هەڵگرت. ئیستوار بە چاو مۆڕەی لێکرد. پیاوە ریشدارەکە چەند دانەیەکی هەڵگرت تەنیا لەبەر ئەوەی دەستی ئیستواری ڕەت نەکردبێتەوە. من و کامەرانیش نەمانویست، حەزمان لێی نەبوو. کامەران گوتی: ((لە عەمەلیاتی پێشووتردا یەکێک لە سەربازەکان لە ئامێزی خۆمدا شەهید بوو؛ هەموو جلوبەرگەکەم بە خوێنی سوور بوو. تا بەیانی لە

چیرۆک

سەنگەرەکەدا کابووسم دەدی.)) چاوەکانی ترسابوو. گوتی: ((ئەو شەوە بڕیارمدا هەڵبێم، بەڵام هەڵنەهاتم، ترسام.)) گوتم: ((لە چی ترسای؟)) وەڵامی نەدامەوە. لە دنیای خۆیدا بوو. گوتی: ((ئەگەر هەڵبێم، ناتوانم سەرم بەرز رابگرم.)) دەمویست بپرسم لە شەوکەت دەترسیت؟ شەرمم کرد. ئیستیوار وازی لە گوڵەبەڕۆژە خواردن هێنا. قایشەکەی توند کردەوە و رۆیشتە دەرەوە. هەر هێندەی کە رۆیشت سەربازە بریندارەکە قاچی راکێشا و پیاوە ریش درێژەکەیش قورئانێکی بچووکی دەرهێنا و دەستی کرد بە خوێندنەوە. گوتم: ((هاوڕێیەکم هەبوو هەڵهات، کاتێک کە گەڕایەوە زۆر بێتاقەت بوو. جەماعەتی گروهانەکەی تر پێشوازیان لێ نەدەکرد. رۆژێک هات یەخەی گرتم و گوتی کەسانی وەک تۆ من خراپ دەکەن. گوتم حەمە، ناوی محەمەد بوو؛ سەیرکە، من دەترسم، بەڵام ئەگەر بڕیار بێ تۆ شەڕ نەکەی، من شەڕ نەکەم. ئەوکاتە بارودۆخی پوورت چۆن دەبێ؟ پێکەنین. دەمزانی تووڕە بووە هەر لەبەر ئەوە گاڵتەم لەگەڵ کرد. یەخەی بەردام زۆر هاوڕێ بووین پێکەوە. کاتێک کە خزمەتی سەربازییەکەی تەواو بوو رۆیشت. نامەیەکی بۆ ناردم؛ زۆر دڵی خۆشکردبووم و لە کۆتایی نامەکەیشدا نووسیبووی پوورم چاوەڕانە بێیتە داوای.)) ترسیشی کەم نەبووبوویەوە. گوتی: ((تۆ دەڵێی ئەمجارە منیش دەگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە؟)) گوتم: ((بەڵێ کورە تا خوا نەیەوێ گەڵایەک لە درەخت ناکەوێتە خوارەوە.)) ئارام بوویەوە. چاوەکانی لە شەوکەت دەچوو. گوتی: ((دەزانم هەر هێندەی کە بڕۆمە بەرەی شەڕ، ترسم نامێنێ. دەبمە مرۆڤێکی تر.)) دەمویست بپرسم شەوکەت چی دەکات، هێشتایش وەک منداڵی ئاگای لێتە؟ شەرمم کرد. نانی ئێوارەمان خوارد و لە پەنای یەکدا راکشاین. ئیستوار و ئەو سەربازەی کە قاچی بریندار بووبوو، شەڕیان بوو لەسەر جێگا. ئیستوار چاکەی نواند و جێگایەکی زیاتری دا بە سەربازەکە. پیاوە ریشدارەکە کە قورئانی دەخوێند، سەری نابوو بە دواوەوە و خەوی لێکەوتبوو. چاوم بڕییە گڵۆپی بچووکی راسەری کووپەکە. بیرم دەکردەوە لەوەی کە ئێستا شەوکەت نازانێ من لەگەڵ کامەراندا بوومەتە هاوسەفەر. ئەگەر جاری دواتر کامەران مۆڵەت وەرگرێت و بڕواتەوە، بە شەوکەت دەڵێ منی دیوە. لە بیرم بێت سبەی تەلەفۆن و ناونیشانی ماڵیانی لێ وەرگرم.)) دیسان بیرم کردەوە؛ بیرم کردەوە، خەوم لێکەوت. بەیانی کە خەبەرم بوویەوە، کامەران زووتر لە من دابەزیبوو؛ یاداشتێکی لەسەر سنگم دانابوو: ((زۆر دڵت خۆش کردم ئاگات لە خۆت بێ.))

لە شەمەندەفەرەکە دابەزیم. وێستگەکە پڕبوو لە سەرباز و ئەفسەری پلەدار. رامکرد بە دوایدا. نەمدۆزییەوە. سەربازە بریندارەکە بە شەلەشەل بە پەنامدا تێپەڕی و گوتی: ((هاوڕێکەتت ون کردووە؟)) وەڵامم نەدایەوە. کۆڵەکەمم دا بە شانمدا و لە وێستگەکە چوومە دەرەوە.

هەواڵنامەی کتێب

بیری بیرمەندان لە نێو رستە کورتەکاندا

فەرزانە خوداوێردی

هەواڵنامەی کتێب

((لە بەهەشتدا، هەموو مرۆڤە سەرنجڕاکێشەکان نادیارن.)) **(فریدریش نیچە)**

((هەوڵت دا...شکستت هێنا؛ گرینگ نییە؛ دیسان هەوڵ بدە، دیسان شکست بهێنە؛ ئەوجار باشتر بیدۆڕێنە.)) **(سامۆئێل بیێکت)**

((کەسێک کە هەرگیز هەڵەی نەکردووە، هەرگیز شتێکی نوێی تاقی نەکردووەتەوە.)) **(ئالبێرت ئەنشتاین)**

((لە پشت سەرمەوە هەنگاو مەنێ، من ڕێنوێنت نابم؛ لە پێش منەوە هەنگاو مەنێ، من بە دوات ناکەوم؛ تەنیا لە پەنامەوە هەنگاو هەڵێنە و هاوڕێم بە.)) **(ئالبێر کامۆ)**

((کتێب دەبێ وەکوو تەورێک بێ کە دەریای سەهۆڵ-بەستووی دەروونمان بشکێنێ.)) **(فرانتس کافکا)**

((وادیارە کە هەموو کەس بیرۆکەیەکی ڕوونی لەبارەی ئەوەوە هەیە کە خەڵک چلۆن دەبێ ژیانی خۆیان

بیری بیرمەندان

بەرێوە ببەن؛ بەڵام کەس بۆ بەرێوەبردنی ژیانی خۆی بیرۆکەی نییە.)) (**پائۆلۆ کوئیلێۆ**)

((پیاوانی زانا قسە دەکەن، چون قسەیێکی بەکەڵکیان بۆ گوتن هەیە؛ پیاوانی نەفام قسە دەکەن، چون دەبێ شتێک بڵێن.)) (**ئەفلاتوون**)

((دەوزەخ بەتاڵە و هەموو ئەهریمەنەکان لێرەن.)) (**ویلیام شێکسپیەر**)

((ئەگەر ناتوانن هەڵفڕن، ئەوا بە هەڵاتن بڕۆن؛ ئەگەر ناتوانن هەڵێن، ئەوا هەنگاو هەڵێنن؛ ئەگەر ناتوانن هەنگاو هەڵێنن، ئەوا بخزێن؛ بەهەر شێوەیەک بووە، کارێک بکەن کە بەرەو پێشەوە بجووڵێنەوە.)) (**مارتین لوتێرکینگ**)

((لە هەر شوێنێک کە ئەوین هەیە، ژیانیش هەیە.)) (**مەهاتما گاندی**)

((هەمووکەس بیر دەکاتەوە کە دنیا بگۆڕێ، بەڵام کەس لە بیری گۆڕینی خۆیدا نییە.)) (**لیۆ تۆلستۆی**)

((هاورێیانی باش، کتێبی باش، ویژدانێکی ئاسوودە؛ ئەوە باشترین جۆری ژیانە.)) (**مارک تواین**)

((دوو شت بێکۆتایین: جیهان و نەفامبوونی مرۆڤ. هەڵبەت من لەبارەی بێکۆتاییبوونی جیهانەوە دڵنیا نیم.)) (**ئالبێرت ئەنشتاین**)

((من شکستم نەهێناوە؛ من تەنیا دە هەزار ڕێگەم بینیوەتەوە کە بە کار نایەن و دروست نین.)) (**تۆماس ئێدیسۆن**)

((لە قووڵایی زستاندا تێگەیشتم کە لە مندا، هاوینێکی نەبەز هەیە.)) (**ئالبێر کامۆ**)

((لە سەرەتادا لەبەرچاوتان ناگرن، دوایی گاڵتەتان پێدەکەن، دوایی لەگەڵتان شەڕ دەکەن و لە ئاکامدا ئێوەن کە سەرکەوتوو دەبن.)) (**مەهاتما گاندی**)

((دوو هاندەر یا بزوێنەر بۆ خوێندنەوەی کتێب هەیە: هەست بە خۆشی بکەی لە خوێندنەوەی ئەو کتێبە؛ ئەوی تر ئەوەیە کە بتهەوێ ئەو کتێبە بۆ خۆهەڵکێشان و خۆنیشاندان بە خەڵک بخوێنییەوە.)) (**بێرتراند ڕاسێل**)

((تەنانەت تاریکترین شەویش کۆتایی پێ دێ و دواجار هەتاو سەر هەڵدێنێ.)) (**ویکتۆر هۆگۆ**)

((نائومێدی لە پیری ترسناکترە؛ لە پیریدا لەشی ئێمە دەپووچێتەوە بەڵام لە نائومێدیدا رووحی ئێمە.)) (**جۆرج بێرنارد شاو**)

((دەبێ ئەمڕۆ هەر ئەو کارە بکەی وا خەڵکی سبەینێ دەیکەن.)) (**ژان کۆکتۆ**)

((لە نێوان هەموو شتگەلی مسۆگەردا، مسۆگەرترینیان شکە.)) (**بێرتۆلت برێشت**)

هەواڵنامەی کتێب

بیری بیرمەندان

ڕووناک پەناهی   سومەیە یووسفیان

((بەبێ دەسەڵات دەتوانیت ژیان بەسەر ببەیت بەڵام بێ کتێب و نووسراوە، نا.)) (**ئەبراهام لینکۆلن**)

((زمان پڕبایەخترین پاشماوەی فەرهەنگە.)) (**ئارتوور شۆپێنهاوێر**)

((ژیان وەکوو پاسکیل وایە؛ بۆمانەوەی خۆت بەردەوام دەبێت لە هاتوچوودا بیت.)) (**ئالبێرت ئەنشتاین**)

((هەڵەکردن ئیشێکی مرۆڤانەیە بەڵام دووپات کردنی ئیشێکی گەمژانەیە.)) (**ئاناتۆلف فرانس**)

((کەسێک کە لە ناخیدا خۆشیی هەبێت، تەواوی دوونیا لەخۆشیدا دەبینێت.)) (**ئانتوان دۆسنت ئێگزۆپێری**)

((تێبکۆشین پێش لەوەی کە لەسەر مرۆڤەکان داوەریبکەین، لەوان تێبگەین.)) (**ئانتوان دۆسنت ئێگزۆپێری**)

((زانستگا سەرجەم توانایی مرۆڤەکان، بەتایبەت ناتەوانی ئەوان دەخاتە بەرچاو.)) (**چۆخۆف**)

((ئەوکەسەی کە ماڵەکەی لەشووشەیە، بەرد فڕێ نادات.)) (**ئانتوان رابینز**)

((گەورەترین هۆی گەڕانەوەی زۆرینەی مرۆڤەکان، ترس لەدۆڕانە.)) (**ئانتوان رابینز**)

((سەرکەوتن، سکەیێکە کە ڕووەکەی دیکەی نامورادییە.)) (**ئانتوان رابینز**)

((ئەوشتەی کە گرینگە چۆنیەتی ژیان بەسەربردنە، نەک تەمەنی درێژ.)) (**ئانتوان رابینز**)

((ئەوشتانەی کە دەزانین یەک دڵۆپە و ئەو شتانەی کەنازانین ئۆقیانووسێکە.)) (**ئایزاک نیۆتۆن**)

((شتێک کە بێ ئەرک و ماندووبوون بەدەس بێت، ڕۆژێک لە بیر دەکرێت.)) (**ئاندرێ مۆروا**)

((ئەو کەسەی کە بە خۆی بڕوای هەیە، پێویستی بە پێداهەڵگوتنی کەس نیە.)) (**گووستاف لۆبۆن**)

هەواڵنامەی کتێب

بیری بیرمەندان

((تێکشکان شتێک نییە خۆتی لێ دوور بخەیتەوە، دەبێت بمانەوێ کە بە خێراییەوە پێش بڕوات، تا بتوانین بەخێرایی سەرکەوین.)) **(گۆردۆن مور)**

((ژیان بێ تێکۆشان مردنی پێش وەختە.)) **(گۆتە)**

((بەختەوەر ئەو کەسەیە کە لە نێوماڵی خۆیدا بە دوای بەختەوەریدا دەگەڕێت.)) **(گۆتە)**

((بەزمانی شێعر زۆرتر دەتوانین بچینە ناو ناخی دڵەوە.)) **(گۆتە)**

((هیچ شتێک گرینگتر لە ئەمڕۆ نییە.)) **(گۆتە)**

((هیچ کەس ناتوانێت باشتر لە خۆمان درۆمان لەگەڵ بکات.)) **(گۆتە)**

((حەقیقەت دەرمانێکی تاڵە کە ئاکامێکی شیرینی هەیە.)) **(گاندی)**

((کار بکەن، تا تەواوی خەمەکانتان لەبیر بکەن.)) **(گالیلە)**

((بۆ هەر خولەکێک کە چاوەکانمان دەبەستین، شەست چرکە ڕووناکی لەدەست ئەدەین.)) **(گابریل گارسیا مارکێز)**

((دۆڕان دەتوانێت ببێت بەهۆی سەرکەوتن.)) **(ژوول ڕۆمەن)**

((ڕێککەوتن واتە ئەوەی کە لەگەڵ جیاوازییەکانی کەسانی تردا ڕێک بکەوین.)) **(ژوول ڕۆمەن)**

((هیچ مرۆڤێک ناتوانێت فەرمان بەخۆشەویسی و ئەوین بدات.)) **(ژۆرژساند)**

((مرۆڤ ئاژەڵێکی نەخۆشە.)) **(ژان ژاک ڕۆسۆ)**

((مرۆڤ بێ ئەوین وەکوو کوێرێک وایەکەهیچ کات بە ئاواتی دڵی ناگات.)) **(ژان ژاک ڕۆسۆ)**

((هەموو کەس دەڵێن کە ئاوات و ئارەزوو بۆ لاوان تاوان نییە؛ من دەڵێم بۆ بەساڵاچووەکانیش هەروایە.)) **(ژان پۆل سارتر)**

((بەبێ زانست نە دەتوانی هیواداربیت نە بێهیوا.)) **(ژان پۆل سارتر)**

((هیچ کات دەرگایەک لێ مەدە، ئەگەر ئەتەوەێ بزانی لەپشتی ئەو دەرگایەوە چی دەگوزەرێت.)) **(ژان پۆل سارتر)**

((لە ئەویندا یەک لەگەڵ یەک، هەردەبێت بەیەک.)) **(ژان پل سارتر)**

((لە دونیادا جێگە بۆ هەمووکەس هەیە؛ سا بە جێگەی ئەوەی کە تێبکۆشی جێگەی کەسێکی دیکە بگریت جێگە بۆ خۆت بکەرەوە.)) **(چارلی چاپلین)**

((هونەر نابێت بە نان، بەڵام شەرابی ژیانە.)) **(ژان پۆل سارتر)**

((بەختەوەری، مەودای نێوان ناکامییەکە تا ناکامێکی تر.)) **(چارلی چاپلین)**

((لە دوژمنی خۆت یەک جار بترسە؛ لەدۆستی خۆت هەزار جار.)) **(چارلی چاپلین)**

((ئەگەر بتوانن بڕواتان بەخۆتان هەبێت، گەورەترین ڕازی ژیان فێر بوونە.)) **(پیتێر مەک ویلیام)**

هەواڵنامەی کتێب

بیری بیرمەندان

((هیچ کات لە ژیاندا ئەم چوار شتە مەشکێنە: دڵ، پەیوەندیی، بەڵێن و باوەڕ؛ چۆنکە کاتێ ئەم چوار شتە دەشکێنی، دەنگیان نایە، بەڵام ئازاری زۆری لەگەڵدایە.)) **(چارلز دیکنز)**

((ژیان چیرۆکێکە کە منداڵان لێی ئاگادارن؛ چونکوو ژیان بە گریانەوە دەست پێدەکەن.)) **(پووشکین)**

((لەڕۆژگاری لاوییدا، دەبێ بۆ شەوی پیری چرایەک ڕۆشن بکەی.)) **(پلۆتارک)**

((باشترین کەڵکی تەلەفیزیۆن ئەوەیە کە دەتوانی بیکوژێنیتەوە.)) **(لووتار ئێشمیت)**

((ئەگەر دایک نەبێت، جەستەی مرۆڤ درووست نابێت و ئەگەر کتێب نەبێت، ڕۆحی مرۆڤ بێچم ناگرێت.))

(پلۆتارخ)

((پێکەنینێکی ساکار زۆر باشتر لەجلێکی گرانە.))

(پێرمۆدا باترا)

((کاتێک مرۆڤ ئاشقە، هەمووشتێک زۆر واتای هەیە.)) **(پائۆلۆ کۆئیلۆ)**

((خراپترین شێوەی دڵتەنگی بۆ کەسێک ئەوەیە کە بە لایەوە بیت و دڵنیا بیت کەهیچ کات پێی ناگەی.))

(گابریێل گارسیا مارکێز)

هەواڵنامەی کتێب

فەرهەنگی زارەکیی موکریان ـ بەرگی ٦

(لەگەڵ ئاوڕدانەوەکەی پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور)

ئا: ئاوزین

بۆ دەستنیشانکردنی کتبێکی تایبەت بۆ ناساندن بە خەڵک، هاوڕێژە لەگەڵ بابەتی چالاکییەکە و لەو پانتاییەدا، دەبێ بە وردبینییەوە هەندێ شت بخەیتە بەر چاو تا بتوانی لە نێو ئەو بەرهەمانەی لە بەردەستدان، یەکێک لە باشترینەکانیان هەڵببژێریت و ئاست و بایەخ و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو بەرهەمە کە بووەتە هۆی ئەوەی وەکوو کتێبێکی چاک پێناسەی بکەیت، بخەیتە بەر دەستی خوێنەر. کتێبی *فەرهەنگی زارەکیی موکوریان*، کۆکردنەوەی بەڕێز سەلاح پایانیانی، کە لەم دواییانەدا ژمارەی شەشەمی ئەم پەرتووکە چاپ کرا و هاتە نێو کتێبخانەی کوردییەوە، یەکێک لەو بەرهەمە شاز و دیارانەیە وا جێگای هەیە سەرەڕای ئەوەی خەڵک و خوێنەری لێ ئاگادار بکەیتەوە، ڕێز لەو کارە و لە پێکهێنەرانی بگیردرێت کە وەها ئەرکێکی قورس و پڕ کەندولەند و بەربڵاویان لە ئەستۆ گرتووە و ماندوویینەناسانە لە ناوچەی موکوریاندا بەرەوڕووی هەر جۆرە ئاخاوتن و هەر شێوە دەربڕینێکی زارەکی ببنەوە، پەلکێشی دەکەن بۆ نێو ئەم پەرتووکە و بە تۆمارکردنی، فەرهەنگێکی نووسراویش بۆ ئەم ناوچەیە بە دیاری دەهێنن. دیارە فەرهەنگی زارەکی لەگەڵ فەرهەنگی نووسراودا جیاوازیی زۆری لە زۆر بوار و لایەنەوە هەیە و بەڕێز پرۆفیسۆر ئەمیر حەسەنپوور لە سەرەتای ژمارەی یەکەمی ئەم کتێبەدا بە تێروتەسەلی باسی لێوە کردووە و لێرەشدا چەند نموونەیەکی دەخەینە بەر چاو:



((نووسین، ئەو بەسترانەوەی لێدوان بە زەمان و مەکان تێک دەدا و بە پچڕاندنی ئەو پێوەندییە بەسەر زەمان و مەکاندا زاڵ دەبێ. نووسین، قسەکردن لە تێداچوونی ئانی رزگار دەکا و ژیانێکی بەردەوامی دەداتێ. ئەگەر قسەکردن بێژەر و بیسەر کۆ دەکاتەوە، نووسین، نووسەر و خوێنەر لێک جوێ دەکاتەوە؛ بەڵام بەو لێکدابڕینەدا رێگە دەدا لە هەر زەمان و مەکانێکدا خڕیان بکاتەوە. بۆ وێنە زۆر بەیتبێژ بەیتی مەموزینیان بۆ زۆر گوێدێران کوتووە، کەچی هەر کوتن و

کوتنەوەیەک بڕیاری نەمانی خۆی داوە. بەڵام ئەحمەدی خانی سێ سەدە لەمەوبەر مەموزینی بە نووسین هەڵبەست و بە درێژایی ئەو سێسەد ساڵە زۆر کەس، لە زەمان و مەکانی جیاوازدا، بە بێ دیتنی نووسەر، ئەو بەرهەمەیان خوێندووەتەوە. دەکرێ بڵێین کە خانی و خوێنەرەوەی مەموزینەکەی، بە یارمەتی تێکنۆلۆژیی نووسین، جەبری زەمانییان تێک شکاندووە و بە تێکدانی ئەو تەنگانەیە بەسەر مەکاندا زاڵ بوونە.

ئەوانەی کە نووسین وەک دابڕانێکی گەورە دادەنێن، ئاکامە قووڵ و بەرینەکانی نووسیارێتییان لێک داوەتەوە. لێرەدا بە کورتی چەند ئاکامێکی پەیدابوونی نووسیارێتیی باز دەکەم. (دوایە رەخنە لە تیۆریی دابڕانی گەورە دەگرم).

١ نووسین، جێگە بە سونەت (ترادیسیۆن) و سونەت-خوازیی لێژ دەکا و شککردن لە دابونەریت پەرە پێ-دەدا. چۆن؟ نووسین بە دائیمیکردنی قسە، رێگە دەدا بە پێداچوونەوە، وردبوونەوە، شیکردنەوە، لێکۆڵینەوە و شیکردن. زمانی زارەکی تاقەکەس لە گورووپ و جڤاتدا کۆ دەکاتەوە و هانی دەدا کە سونەت رەچاو بکا، جڤات بپارێزێ و وە دوای دەسەڵاتی جڤات و سەرۆکەکەی بکەوێ.

٢ نووسین، جیاوازیی دەخاتە نێوان بڕوا و حەقیقەت. لە ژیانی زارەکیدا، بۆچوون و بڕوای جڤات و تاقەکەس (سەرۆک و رابەر و پیر و مەزن) سەرچاوەی زانستە، بەڵام نووسین رێگە خۆش دەکا بۆ ئەوەی کە دۆزینەوەی حەقیقەت لە بەرژەوەندیی تاقەکەس و لە بارودۆخی تایبەتی یان بەسترانەوەی تاقەکەس بە گرووپ و جڤات جوێ ببێتەوە و ئیستیدلالکردن جێگەی دەربڕینی بڕوا و بۆچوون بگرێتەوە.

٣ بە پەیدابوونی نووسین، مێژوونووسین کەوتە رێ و ئەفسانە و مێژوو لێک جوێ بوونەوە. ئەگەر باسی رابردوو بە شێوەی زارەکی، زۆرتر بۆچوونی خسووسی و فەردی بێژەرە، مێژوونووسین بە کۆکردنەوە و لێکدانەوەی بەڵگەی جۆراوجۆر لە سنووری بۆچوونی خسووسی تێدەپەڕێ و گێڕانەوەی رابردوو دەبێتە دۆزینەوەی راستی.

بە کورتی تیۆریی دابڕانی گەورە دەڵێ: نووسین تێکنۆلۆژییەکی وەها بەهێزە کە پێوەندیی ئینسان بە زمان، فکرکردنەوە، تێگەیشتن و کۆمەڵگا بە یەکجاری دەگۆڕێ. نووسین دابڕانێکی گەورەیە لە مێژووی بەشەردا. نووسین جیهانبینیی فەرد بە کۆمەڵگە دەگۆڕێ. نوسیارێتی و زارەکێتیی دوو جیهانبینین کە یەک ناگرنەوە. نووسین وشە لە شت جیا دەکاتەوە؛ ئێستە لە رابردوو و لە داهاتوو جیا دەکاتەوە؛ وشیاریی فەرد لە وشیاریی جڤات دادەبڕێ: عەقڵ لە عاتیفە هەڵدەبڕێ؛ زانست لە ئەفسانە و جادوو جیا دەکاتەوە؛ مانا لە دەوروبەر دادەبڕێ:

ناساندن و رانانی کتێب

دابڕانی گەورە: زارەکێتی و نووسیارێتی

زارەکێتی (گوتن)	نووسیارێتی (نووسین)
بەسترانەوەی فکر بە دەوروبەر	فکری موجەرەد (جیابوونەوە لە دەوروبەر)
بەسترانەوەی فکر بە سونەت	فکرکردنەوە بە ئەزموون و دۆزینەوە
بیرکردنەوەی عاتیفی	بیرکردنەوە بە مەنتیق
گێڕانەوە	لێکدانەوە
جادوو	زانست
جڤات	فەرد
بیستن (دەسەڵاتی دەنگ)	دیتن (دەسەڵاتی رەنگ)
دەسەڵاتی گوێ	دەسەڵاتی چاو
جڤاتێتی (بەکۆمەڵ فکرکردنەوە)	خۆیەتی (لەخۆڕا فکرکردنەوە)
زیهنیبوون	عەینیبوون
نەبوونی دەوڵەت و بووڕۆکراسی	بوونی دەوڵەت و دەزگای دەوڵەتی
تایبەتێتی	گشتێتی
ئێستا	رابردوو_داهاتوو
زمان: رستەی کورت و ساکار	رستەی تێکەڵ و ئاڵۆز
ئەفسانە	مێژوو
زەمان	مەکان

دوو بۆچوون سەبارەت بە دابڕانی گەورە

با لە پێشدا پێداچوونەوەیەکی تێژی دابڕانی گەورە بکەم. ئەو بۆچوون یان تیۆرییەیە، زارەکێتی و نووسیارێتی لێک جیا دەکاتەوە و دەیانکاتە دوو دیاردەی لێکهەڵبڕاو و دژبەیەک؛ وەها کە بەرێک ناتوانێ ببێتە بەرەکەی دی: سونەتی زارەکی، زارەکەی و سونەتی نووسراو، نوسیارەتییە. زمانی نووسراو راستە، زمانی زارەکی چەوتە. زمانی نووسراو پێشکەوتووە، زمانی زارەکی دواکەوتووە. زمانی نووسراو دەوڵەمەندە، زمانی زارەکی هەژارە. نووسین زمانی دەربڕینی بیری قووڵ و وردە، ئاخافتن زمانی دەربڕینی بیری ساکار و ئاساییە.

نووسین زمانی زاناییە و پەیڤین زمانی نەفانمییە (نەفامی=نەخوێندەواری): ئینسانی نەخوێندەوار کوێرە و کۆمەڵگەیی زارەکی دواکەوتووە و سەرەتایی و نەگۆڕە. ئەدەبی نووسراو ئەوپەڕی کەماڵە و ئەدەبی زارەکی کەمایەسییە. زمانی نووسراو زمانی شار و شارستانییە، زمانی زارەکی ئامرازی ژیانی لادێیی و عەشیرەیی و سەرەتاییە.))

هەروەها د. مایکێل چایت_یش بەم شێوە باسی گرینگایەتی ئەم کتێبە دەکات و بیروبۆچوونی خۆی دەردەبڕێت:

ناساندن و رانانی کتێب

((من له کتێبخانه‌ی کۆنگرێس له واشێنگتۆنی پایته‌ختی ئه‌مریکادا به‌رپرسی پۆلێنکردنی کتێبی کوردی و فارسیم. له‌و چوارچێوه‌یه‌دا له بڵاوبوونه‌وه‌ی سه‌دان کتێبی نوێی کوردی ئاگادار ده‌بم. ئه‌و کتێبانه‌ی زیاتر له چه‌ند به‌رگن، دڵم ده‌گه‌شێننه‌وه. *فه‌رهه‌نگی زاره‌کیی موکریان* ـی زانای مه‌زن سه‌لاح پایانیانی له فه‌رهه‌نگه کوردییه‌کانی تر جیاوازه. هه‌ر بۆیه ئه‌و فه‌رهه‌نگه له بواری فه‌رهه‌نگدانان و هه‌م له‌سه‌ر که‌له‌پوور و بنزاراوه‌یه‌کی گرینگی سۆرانی، زانیاریی زێده‌مان پێ ده‌دا: ئه‌ویش بنزاراوه‌ی موکوریانی کوردستانی ئێرانه.

به‌ڕاستی ئه‌م کتێبه، نه‌ته‌نیا هه‌ر فه‌رهه‌نگێکه، به‌ڵکوو ئه‌نسیکلۆپێدیایه‌کی ژیانی فه‌رهه‌نگی و ژیانی کورده‌واریی ده‌ڤه‌ری موکوریانه. چونکه نه‌ک هه‌ر زمانه‌وان، به‌ڵکوو مێژووناس و وێژه‌وان و مرۆڤناسیش خێری لێ ده‌بینن.))

هه‌واڵنامه‌ی کتێب

شیعر

قەتقەت گریان و پێکەنین

شەهریار شەریفزادە

قەتقەت گریان و پێکەنین،
ئاو و ئاور،
دەرد و خۆشی،
بەفر و تین،
یان بوون و نەبوون،
مەرگ و ژین،
پێک نایێن لەگەڵ یەک؛
قەتقەت نووستووی نێو شەقام و
دانیشتووی کۆشک و قەڵاش
هاوسفرە نین؛
کاتیک کەوا:
بۆیاخچییێکی زارۆ لاچاوێکی کز دەبڕێتە
کەوشانم،
باوکێکی شەرمەزار دەچرێ:
- بکڕن، بکڕن گیانم؛
کیژێک دەچرێ:
- جامی زێوینی مەیتانم
بە کرێ!
ئەی هۆ!
چۆنیان دەکرێ لێدانی دڵ بۆ ژیان و
بێدەنگی زمان؟!

١٦ی بەفرانباری ١٣٧٩ی هەتاوی

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

به خەو بینیم: کە ئینسان بووم

به خەو بینیم:
كە ئینسان بووم؛
بە دووربینێک خەریکی دیتنی نووری
کورەی ئەرزی قەدیمان بووم؛

- سێ بەشی ئاو،
خوێن، رووباری زرینچکاو، کانی زووخاو
- هەموو باران
سرب و ئەڵماس

هەرسی هەوری رەشی چاو و رشێنەی تۆپ و
تەیاران،
- هەموو بۆران،
هەناسەی سەردی ئەژدادم
لە پشت پەردەی
ئەوین و قین،
بزەو هەست و هونەر،
هەڵبەست و کفر و دین،
هەموو بۆ نان
بۆ مەرگی نان
لە پڕ دیتم لە سووچێکی کورەی ئەرزی قەدیمان،
لە حەیشەی باران و بۆران، شەپۆلی ئاو،
ئاشنایەک خەوتبوو؛
بە چی خەونی دەدی ئاخۆ،
بە ئینسان یان بە هەڵبەستێک،
کێ دەزانێ چ بوو خەونی
چ بوو چ بوو؟؟

شهریار شریف‌زاده
١٧ی گەلاوێژی ١٣٨١ی هەتاوی - مەریوان

تێبینی:
ئەم هۆنراوەیە لە چوارچێوەی بیرۆکەی زانستیی ئەنشتاین سەبارەت بە چۆنیەتی و بارسای جیهاندایە کە دەڵێ لەوانەیە ئەو تیشکەی لە ئەجرامە سەماوییەکانەوە جیا دەبێتەوە، بەهۆی خڕ بوونی جیهان، پاش ملیۆنان ساڵ بگاتەوە شوێنەکەی خۆی.

هەڵەبجەی خنکاو

عەبدولڕەحمان عەبدوڵاهی

هەتاو، تاو تاوە هەورەکانی چڵکنی لادەدا و دەیڕوانی
کارەساتێکی دڵ تەزێن؛

با هاژەی دەهات و سەرما پێدەکەنی! پەنجەرەکانی
ژیان بە مردووی کرانەوە!

پەردەکان سەمایان دەکرد! دارێک کە بۆ گەڕانەوەی
ڕەنگی سەوزایی بەهار و میوانداریی جریوە جریوی
باڵندەکان خۆی سازدابوو، لەپڕ خۆی دارنی و کۆم
بۆوە!

پرچی کیژێک پەرێشان لە سیما تۆرا، بۆ ئەولا و ئەولا
دەچوو!

لاوێک لەبن پەنجەرەی کراوە، چاوەڕێی ژوانی ناسکێ،
ئێستاش هەر چاوەڕوانە!

دایکێ بە مەمکی رووتی پڕ لە شیر، بە دانیشتنەوە بۆ
هەمیشە نووست!

کۆرپەی ساوا بە بێدەنگی بێشکەکەی رادەژا!

بابێکی پێڵاو دڕاو، لە مەزرا، دەست قەڵشاو، ڕەق
هەڵات!

مناڵەکانی مەکتەب دەگەڵ مامۆستا لە تاقیکردنەوەی
دەرسی سووتان لە ناکاو لە پێش چاویان هەوا و
هەناسە سووتان بەڵام هیچ کات نەیانتوانی ئەم
تاقیکردنەوە بۆ کەسێکی‌تر بگێڕنەوە!

تەشییەکەی دایەپیرە هەروا دەسووڕا، کە چی ژینی
وەستا بوو!

بابە گەورە لەسەر سوجدە، بە بێدەنگی لەبەر خوا
دەپاڕاوە!

نان بە تەندوورەوە نووسا، ڕەش هەڵگەڕا و بوو بە
ئاگر!

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

مانگا و ئەسپ و سەگ و پشیلە و باڵندەکان هەمووی

خنکان!

ماسییەکەی ناو تونگەی نەورۆزیش خنکا! تەنیا

کۆترێکی سپی رزگاری بوو و بۆی دەرچوو!

هەتاو زیز بوو، هەتاو سیس بوو، کۆترەکە لقە

زەیتوونێکی دۆزیوە و بە دندووک گرتی ئەوە چەن

ساڵی رەبەقە کۆترەکە گەرچی نەخۆشە، بە زەیتوونەوە

رۆژێ چوار جار لەبەر دەرگای قەسری نێودەوڵەتی

هاوار دەکات:

کوا خەڵاتی ئاشتی بۆ پێنج هەزار ئینسان و هەڵەبجەی

خنکاو!

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

کچی زەوی

شلێر ڕەحمانی

دەمەوێ بخەوم؛
لە جێگایەک
نزیک بە ئاسمان،
لە تەنیشت زەریا،
پڕ لە مۆسیقا و سەما،
دەمەوێ بخەوم،
دوور لە خەڵکی ئەم دونیا،
ببم بە میوانی زەوی،
با، چەپڵە لێ بدات،
درەخت سەما بکات و
من گۆرانی بڵێم؛
گۆرانیەک پڕ لە
ڕەنگی زەرد و نوور
پڕ لە هەستێک بێ سنوور؛

دەمەوێ بخەوم،
لە ژێر نمەی باران
ئەو دەمەی کە سەوزەڵانییەکان
کراسی مەخمەڵی ئەدوورێنن
بە دەوری چیاکانەوە...
وەکوو ساوایەک ڕووت
کە تازە لە دایک بووە،
جەستەم بلکێ بە
جەستەی زەوی،
بمگرێتە ئامێزیەوە
بە ئەسپایی بمخەوێنێ،
لە ژێری هەناسەی گەرمی ئاسمان
دەمەوێ بخەوم؛
زۆر دەمێکە قژم بە سەر

گوڵەکاندا نەباراندووە!
دەزانم لەو جێگایە
کە من خەوتووم،
دوایی پڕ ئەبێ لە نێرگس،
پڕ ئەبێ لە داری بەڕوو؛
ئەمن کچی زەویم،
لە من گوڵ سەرهەڵدێنێ،
لە من هەنار چرۆ دەکات،
لە باوشی من، هەزاران مەل
هێلانە دەکەن؛
ئوقرەیەک بێ برانەوە
دەمەوێ تا هەتا هەتایی بخەوم...

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

سومەیە یووسفیان

دڵی شکاو

تاقانەکەم،

ئێوارەیە و ساردی و سەرما
تەواوی ناخمی گرتووە؛

هەناسەکەم ئەتۆ لە کوێ!

کوا ئەو دەستە گەرمانەی کە لە
سەرمای زستاندا هێلانەیەک بوو
بۆ دەستی من؛

کوائەو خۆشەویستییەی کە باست
دەکرد،

ئەو هەناسە گەرمانەی جاران،

ئەو هەناسەی کە هێزی ژیانم بوو،

ئەودەنگەت کە گەرمای گیانم بوو،

کوا ئەو ڕۆژانەی کەپێکەوە دەست
لە نێو دەست ئێوارەی پاییزمان
ڕەوانە دەکرد

کوا، کوا!؟

دەبڵێن کوا؟

بەجێمت هێشت

تەنیا،

بێدەنگ،

مەست و سەرشێت؛

منت بە دەستی فرمێسک دا،

بە دەستی تاریکی؛

تەنیات کردم وەک ئەستێرەیەکی
تەنیا کە لە شەوگاری زستاندا لە
تاریکی ئاسمان بەدوای
ئەستێرەکەی وێڵە،

چەنێک وێڵ!

تاکەی تەنیا لە تاریکی ئاسمان و
زەویدا هەنگاو هەڵگرم؛

هێزم نەما

سۆمای چاوم ئیتر بڕا

خۆمن شێت بووم

شێتی تۆ بووم

شێتی گەرمای ناخی دڵت؛

شێتی ئێوارانی پاییز

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

شێتی بەفر

شێتی زستان

شێتی باران

ئێستایش شێتم

شێتی چاوێک کە هیچ کات
نەمزانی چاو لە چاوی کێ دەکات؛

شێتی دڵێک کە هیچ کات نەمزانی
دڵی بۆ کێ لێ دەدات،

تاقانەکەم

ئێستا بووی بە تاقانەی کێ!؟

دەستی گەرمت ئێستا لە نێو
دەستی کێیە؛

دەپێم بڵێ تا کەی ئاوا چاوەڕوان
بم!

تاکەی مەست و چاو بە فرمێسک
لە مەیخانەی دڵت دوور بم،

ئاگرت دام؛

ئاگرێک کە تەواوی ناخمی
سووتاند و بە هیچ با و باران و
پاییز و زستانێک ناکوژێتەوە،

ئەوینەکەم؛

ئێستایش هەر ئەو
خۆشەویستییەی جاران لە دڵمایە؛

گیانەکەم؛ بێوەفا بووی،
سووتاندمت وەکوو پاییز
وەراندمت؛

بەڵام یاخوا کەس جۆری من
نەسووتێ؛

تەنانەت تۆش، خۆشەویست!

هەواڵنامەی کتێب

شیعر

کۆڵبەر

یاسین ڕەحیمی

خالۆ ڕێبوار،

لە هاتنی ماندوویەتیت،

یان چیرۆکی پاڕانەوەت

لە چوونی پشت چەماوی،

بێ گەڕانەوەت

چیت بیر ئەکرد!؟

لەسەر کێوان؛ هاودەمی بەفر

لە نێو چۆمان؛ هاودەمی ئاو

هەناسەکەت شنەی کوێستانی پێوە بوو

چاوەکانت پڕ بوون لە بزەی خۆرەتاو ؛

خالۆ ڕێبوار

لە سەر جادەکانی بارانڕێژا!

لە نێو چۆڵی بێ هاتوچووی

دۆڵەکانی تەنگی گێژا!

چیت بیر ئەکرد!؟

ئەگەر ئاگرستانی هاوین نەمسووتێنێ

نەبمە سەهۆڵ لە زستانا

قاچ و ملم، دڵم

نەشکێت لە بەرزایی کێوەکانا

ئەگەر بچم؛

جندۆکەی ڕێ دڵم نەبڕێ؛

گورگی تفەنگ ورگم نەدڕێ؛

ئەگەر بچم،

زوو دێمەوە

بۆ باوەشی کیژۆڵەکەم

ئەگەر بچم!!

گەر بێمەوە...

هەواڵنامەی کێژ

شیعر

خەوێکی نەزۆک

یادگار رەحمانی

شەوان کە خەو دەمباتەوە،

بیرێکی نەزۆکی ناسک،

هێدی هێدی لە سەرەخۆ، هێزی خەوم دەخەسێنێ؛

تۆ بارانی؛

لە ئاستی هەستی بەتینمدا دەتوێیتەوە،

بەلام نیونیگای نەرمی تۆ،

سوپای تووڕەییم دەبەزێنێ؛

هەناسەی مەرگ هەڵئەکێشم، ئەو کاتەی کە تۆ دەبینم

لە چەنگاڵی قەلەڕەشێک بەرەو فەنا دەترفێنێ؛

نووری دوو دیدەم زووڵمەتە و هێزی لاقم چێوشەقەیە؛

دڵم هەر گرمەیەتی و چاویشم خوێن ئەبارێنێ؛

بە سازی تار،

بملاوێنە لە دنیای بێکەسییەکانم؛

دڵم مەستی ویۆلۆنێکە بە کاوەخۆ رامبژێنێ؛

من شێواوم، وێنەی تاڤگەیێکی رووخاو…

چاوەڕێی نیونیگاییێکم، دژی ئەمە بسەلمێنێ

هاوار ئەکەم بە دەنگی نزم لە ژوورێکی تەنگ و تاریک:

بەشکەم ئەو بێت و لەم خەمە دەرم بێنێ…

هەواڵنامەی کتێب

ئەفسانەی شای ماران

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب